# ١٥٠٠
# حیکمەت

## لە حیکمەتەکانی ئیمامی عەلی

((سەلامی خوای لەسەربێت))



عبدالواحد الآمدی التمیمی

وەرگێڕانی: بەرهەم محەمەد هەورامی

Scanned with CamScanner




# ١٥٠٠ حیکمەت

## لە حیکمەتەکانی ئیمامی عەلی

((سەلامی خوای لەسەربێت))

Scanned with CamScanner

ADIBAN

ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان

بەڕێوەبەری گشتی: ئارامی مەلا محەمەد

ناونیشان: سلێمانی، شەقامی ئیبراهیم پاشا، قولکەی گۆزەکان. نزیک ناوەندیی ڕۆژهەڵاتی کوڕان.

پەیوەندی: 07701974656 - 07501590032 - 07731974646 - 07501696369

Email: bookadiban@gmail.com

Facebook: https://www.facebook.com/eadiban/

## ناسنامەی کتێب

**نـاونـیشان:** حیکمەتەکانی ئیمامی عەلی (سڵاوی خوای لەسەربێت)

**نـووسـەر:** عبدالواحد الامدی التمیمی

**بـــابـــەت:** ئاینی

**وەرگـێڕانی:** بەرهەم محەمەد هەورامی

**نۆرەی چاپ:** چاپی یەکەم


**دیزاینی دەق و بەرگ:** ئارام مەلا محمەد

**نۆرەی چاپ:** چاپی یەکەم

**پـەخشانگە:** ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشـتییەکان، ژمارەی سپاردنی (٢٧٦٥) ساڵی (٢٠١٩) پـێ دراوە، ئـەم کتێبە لـە بڵاوکراوەکانـی ناوەندی ڕۆشـنبیریی ئەدیبانە،
مافـی لەچاپـدان و کۆپیکردنی پارێـزراوە بۆ ناوەندی ڕۆشـنبیریی ئەدیبان.

Scanned with CamScanner




**Description**

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و فلیم و  بابەتی جیاواز🤍

Queen city

شاری شاژن

شارێک تایبەت بە کۆمەڵگایەکی جوان

بۆ ڕاوبۆچون و پسیارەکانتان ↓

@tanyahaji22

چەناڵی سینەمای فارس ↓

https://t.me/tanyamovie22

Scanned with CamScanner

## بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی کە کانیاوی ڕوونکردنەوەی لە گوفتاری شیرینی زمانی مرۆڤەوە هەڵقوڵاندووە، نهێنییەکانی ڕەوانبێژی کردوونەتە پەرجووی قورئانی پاراو و، گوتەی بەنرخی بە نیگا ناردوە بۆ دۆستانی خۆی. ئەوانی بە نایابترینی گوتەکان هێناوەتە گۆ، بۆ ئەوەی تیشکی باوەڕ بڵاو بکاتەوە و ڕێگاکانی ڕەزامەندی بۆ ئافرێنراوانی خۆی ئامادە بکات، بەخشینەکانی هەژمار ناکرێن و لەوە فراوانترن کە ستایش بکرێن.

درووود و سڵاو، بۆ یەکەم مرۆڤ لە تەرازووی گەورەییدا پێغەمبەری مەزنی هەڵبژێردراو محەمەد و یارانی کە ناونیشانی پەیامی باوەڕ، نموونەی کەماڵ و بەرزین لە یاسای گەردووندا. بە تایبەت عەلی (ڕەزای خودای لێ بێت)، ڕووناکی دەلاقەکانی حیکمەت و سەرچاوەی گوتە زێڕینەکان، درووود و سڵاویکی بەردەوام کە هیچ زمانێک توانای گوتنی نەبێت و لە گەردیلەکانی بەردەم تیشکی خۆر زۆرتر بێت.

ئەمانە چەند گوتەیەکی بەهادارن، خودای گەورە بە سۆزی خۆی بۆ مرۆڤایەتی ئامادە کردوون، یان چەند دیارییەکن لە ڕۆحی پەیام و چەند تیشکێکن لە سەرچاوەی نیگای بەرز،



Scanned with CamScanner

که خـودای گەورە نـاردوونی بـۆ سـەر دڵـی دۆسـت و جێنشـینی خـۆی دوای پێغەمـبەر (د.خ)، بـۆ ئەوەی ڕۆشنکەرەوەی ڕێگایـان بێت و ڕێنیشـاندەر و چاوساغی هەموو جوانییەکان بن.

ئەم کتێبە لە چەند گەوهەرێکی پرشنگدار پێکهاتووە، کە هۆکـاری ڕازانـدنەوەی دڵ و دەروونە، هەرچەنـدە دەرخسـتەیەکی لاوازە لە چـاو ئەو نـاوەڕۆک و کـاڵە بەردەوامە تەواوەدا، کە لە ئیمامی «عەلی»یەوە بەجێماوە.

کتێبی «قازی ناسیحەددینی ئامێدی» پـووخترین کتێبە ئەم سەروەتانەی تێدا کۆ کرابێتەوە و، قەشەنگترین باخچەیە ئەم گـوڵانەی تێدا نەخشـێنرا بێت. دوای ئەویـش کتێبی "ئەبوولفەتح عەبدولواحیدی تەمیمی" کە کتێبێکی نایابە و جـێگەی متمـانە و پـاڵفتەی گێڕانەوەکـانە، خـاوەنەکەی زانـایەکی ڕاسـتگۆ و پـایەبەرزە، کتێـبەکەی لە لایەن مێژوونووسانی خاوەن متمانەوە گێڕاوەتەوە، جا ئەم کتێبە سەرمایەیەکی گەورەیە بـۆ ئاڕاسـتەکردن، توێشـوویەکی مەزنە بۆ پابەندبوون بە ڕەفتاری جوانەوە.

حەزم کرد هەوڵـی خۆم بـخەمە گەڕ، لە پەخشکردنی ئەم بەختەوەریـیەدا و توانـای خـۆم لە بـڵاو کـردنەوەی ئەم خێرەدا بەکار بهێنم و بە هەموو کەسێکی بگەیەنم، پاشان بۆ ئەو نیشتمانەی خۆم نیشتمانی ئیسلام کە ولایەتیان بە ئالوبەیت (ڕەزای خودایان لێ بێت) بەخشی، بە شوێنکەوتە



Scanned with CamScanner

و خۆشەویستییان بۆ ئەوان شکۆمەند بوون هەر لە یەکەم ڕۆژەوە.

داواکارم لە خودای پاک و بێگەرد بە مەرامی خۆم بگەیەنێت و بەختەوەرم بکات. یارمەتیم بدات بۆ ئەوەی دەمەوێت و نامەی کردەوەکانم لە ڕۆژی دواییدا ڕووناک بکاتەوە. تەرازووی کردەوەکانم قورس بکات، ئەوە گەورەترین نزا و بەنرخترین پاڕانەوەیە.



Scanned with CamScanner

# گوتەکان



Scanned with CamScanner

١- بەڵای هیوا، دواخستنە.

٢- بەڵای سەرباز، سەرپێچیکردنی سەرکردەکەیەتی.

٣- بەڵای ئەقڵ، ئارەزووە.

٤- بەڵای توانا، ڕێگرییە لە چاکەکاری.

٥- بەڵای قسەکردن، درێژدادڕییە.

٦- بەڵای ماڵومولک، لاوازی پاراستنیەتی.

٧- بەڵای دینداری، کەمی قەناعەتە.

٨- بەڵای ئەمانەت، ناپاکییە.

٩- بەڵای باوەڕ، هاوەڵدانانە.

١٠- بەڵای ئابووری، چاوچنۆکییە.

١١- بەڵای بەخشندەیی، زیادەڕەوییە.

١٢- بەڵای بەخشندەیی، نەدارییە.

١٣- بەڵای ئاخاوتن، درۆکردنە.

١٤- بەڵای چاکە، هاوەڵی خراپە.

١٥- بەڵای دین، گومانی خراپە.



Scanned with CamScanner

١٦- بەڵای زیرەکی، تەڵەکەبازییە.

١٧- بەڵای دەسەڵات، شانازییە.

١٨- بەڵای میهرەبانی، سەرشۆڕییە.

١٩- بەڵای سەرکردەکان، لاوازی سیاسەتە.

٢٠- بەڵای بەخشندەیی، منەتکردنە.

٢١- بەڵای شکۆمەندی، خۆبەگەورەزانینە.

٢٢- بەڵای ملکەچی، تاوانە.

٢٣- بەڵای هەمووان، زانای خراپەکارە.

٢٤- بەڵای عیبادەت، دووڕووییە.

٢٥- بەڵای دادپەروەری، ستەمکاری و زۆردارییە.

٢٦- بەڵای زانست، کار پێ نەکردنیەتی.

٢٧- بەڵای زاناکان، خۆشەویستی دەسەڵاتە.

٢٨- بەڵای ئاوەدانی، ستەمی فەرمانڕەواکانە.

٢٩- بەڵای کردەوە، نەبوونی دڵسۆزییە.

٣٠- بەڵای توانا، ڕێگرییە لە چاکەکاری.



Scanned with CamScanner

٣١- بەڵای فەرمانڕەوا، چاوچنۆکییە.

٣٢- بەڵای بەهێزی، پشتگوێخستنی بەرانبەرە.

٣٣- بەڵای ژیری، لەخۆباییبوونە.

٣٤- بەڵای شکۆمەندی، دواخستنی کارە.

٣٥- بەڵای ڕاوێژکاری، هەڵوەشاندنەوەی بۆچوونەکانە.

٣٦- بەڵای ژیان، خراپ بیرکردنەوەیە.

٣٧- بەڵای سەرکەوتن، تەنبەڵییە.

٣٨- بەڵای نیعمەت، ناشوکرییە.

٣٩- بەڵای دەروون، شەیدایی دونیایە.

٤٠- بەڵای گێڕانەوە، درۆیە.

٤١- بەڵای سەنگینی، گاڵتەکردنە.

٤٢- بەڵای وەفاداری، ناپاکییە.

٤٣- ئامرازی ڕەوانبێژی، دڵ و ئەقڵ و زمانێکی پاراوە.

٤٤- ئامرازی سەرکردایەتی، سنگفراوانییە.

٤٥- خۆزگەکان، ناکۆتان.



Scanned with CamScanner

٤٦- دواخستن، هیواکان لەناو دەبات.

٤٧- دواڕۆژ، سەرفرازی بەختەوەرەکانە.

٤٨- ئەدەب، تێگەشـــتنەکان بـــاش دەکـــات و بەرهەمـــی مێشکەکانە.

٤٩- دواڕۆژ مـاڵی مانەوەتـانە و، ئەوەی بۆتـان دەمێنێتەوە بۆ ئەو ڕۆژەی ئامادە بکەن.

٥٠- فەرمـان بە چـاکە بـکە لە چاکەکارانیـت، بە دەسـت و زمانت ڕێگری لە خـراپە بکە و، بەوپەڕی تواناوە دەست لە خراپەکاری هەڵبگرە.

٥١- بێکارەکان، دەکەونە ناو گومڕاییەوە.

٥٢- ئەوانەی لە سـڵاوکردندا کەمـتەرخەمن چـاوچنۆکترین کەسەکانن.

٥٣- چاوچنۆکترین کەسەکان ئەو کەسانەن کە سـەروەت و سـامان بـۆ خۆیـان خەرج نـاکەن و بەجێـی دەهـێڵن بـۆ نەوەکانیان.

٥٤- بەو کەسـە ببەخشـە کە داوات لـێ ناکـات، چـاکە لەگەڵ ئەو کەسـەدا بـکە کە داوات لـێ دەکـات، ئاگـادار بە هەرگیـز دەست مەنێ بە ڕووی سوالکەرەوە.



Scanned with CamScanner

٥٥- هەموو خۆشەویستییەک بە هاوڕێکەت ببەخشە، بەلام هەموو دلنیاییەکی پێ مەبەخشە، هەموو سۆزی خۆتی بۆ دەرببڕە، بەلام هەموو نهێنییەکانی خۆتی پێ مەلێ.

٥٦- ئامۆژگاریی هاوڕێکەت بکە و یاریدەی ناسیاوەکانت بدە، لەگەڵ هەموو خەڵکیشدا ڕووخۆش بە.

٥٧- ماڵەکەت بەو کەسانە ببەخشە کە ڕووخۆش بوون لەگەڵتدا، چونکە ڕووخۆشی بە هیچ شتێک بەراورد ناکرێت.

٥٨- لەگەڵ هەموو خەڵکیدا چاکەکار بە، چونکە پاداشتی کاری چاکە لای خودای گەورەیە و بە هیچ شتێ بەراورد ناکرێ.

٥٩- بەردەوام چاکەکار بە و خراپەت بۆ هیچ کەسێک نەبێ.

٦٠- چاکەکارترینتان لە خواترسترینتانە.

٦١- بینەرترینی خەڵکی ئەوانەن کە کەموکوڕییەکانی خۆیان دەبینن و واز لە تاوان دێنن.

٦٢- دوورترینی ئافرێنراوان لە لای خودای گەورە دەولەمەندە چاوچنۆکەکانن.

٦٣- دوورترین شت، خۆزگەیە.



Scanned with CamScanner

٦٤- دوورترینی خەڵکی لە چاکەکارییەوە، ئەوانەن کە لە گاڵتەوگەپدا سەرەڕۆن.

٦٥- دوورترینی خەڵکی لە چاکەکارییەوە، ئەوانەن کە درۆزن و چەقاوەسوون.

٦٦- دوورترینی خەڵکی لە سەرکەوتنەوە، ئەوانەن کە سەرەڕۆ و گاڵتەجاڕن.

٦٧- خۆتان لە ستەم بەدوور بگرن، چونکە ستەم مەزنترین تاوانە.

٦٨- بێزراوترین ئافرێنراو لای خودای گەورە نەزانە، چونکە بێبەشە لەو ئەقڵەی کە دیاری خودای گەورە و هۆکاری ڕێنوێنییە.

٦٩- بێزراوترین ئافرێنراو لای خودای گەورە، پیری داوێنپیسە.

٧٠- بێزراوترین ئافرێنراو لای خودای گەورە، ئەو کەسەیە کە لە پاشەملە باسی خەڵکی دەکات.

٧١- بێزراوترین بەندە لای خودای گەورە، زانای دڵڕەق و ستەمکارە.



Scanned with CamScanner

٧٢- کاریگەرترین شتێک کە هۆکاری نەهامەتییە، ستەم و ناشوکرییە.

٧٣- خۆبەکەمزان بە، بەرز دەبیتەوە.

٧٤- چاکە بەدوای چاکەدا بەخشندەیی تەواوە.

٧٥- کاریگەرترین شتێک کە هۆکاری بەردەوامی نیعمەتە سوپاسگوزارییە، گەورەترین شتێک کە نەهامەتی کامل دەکرێت، ئارامگرتنە.

٧٦- کاریگەرترین شتێک کە میهرەبانی فراوان دەکات، ئەوەیە لەگەڵ هەموو خەڵکی میهرەبان بیت.

٧٧- لە خودا بترسە، سەرفراز دەبیت.

٧٨- لەو خودایە بترسە، کە پێویستە بە خزمەتی بگەیت چونکە بێجگە لەو هیچ پشت و پەنایەکی دیکەت نییە.

٧٩- لەو خودایە بترسن کە قسە بکەن دەیبیستێت و بیشارنەوە دەیزانێت.

٨٠- بە هۆی گوێڕایەڵییەوە لە خودا بترسە و بە هۆی ترسی خوداوە گوێڕایەڵ بە.

٨١- لە خودا بترسن، لەو کارانەی کە بۆی دەکەن.



Scanned with CamScanner

٨٢- له خودا بترسن بەو شێوەیەی کە شایستەی ئەوە، بۆ ڕەزامەندی ئەو هەوڵ بدەن و خۆتان لەو شتانە بپارێزن کە حەرامکراون، چونکە سزای خودای گەورە بە ئازارە.

٨٣- خۆتان لە ستەم بپارێزن، چونکە ڕاکێشەری نەهامەتییە و لەناوبەری نیعمەتە.

٨٤- لە نزای ستەملێکراو بترسن، چونکە داوای مافی خۆی لە خودای گەورە دەکات و خودای گەورەش بەخشندەترینە بۆ ئەوەی کە داوای لێ بکرێت، هەر بۆیە وەڵام دەداتەوە.

٨٥- خۆتـــان لە خراپترینـــی ئافرەتەکـــان بپـــارێزن و لەگەڵ هەڵبژێردراوەکانیشدا بەئاگا بن.

٨٦- خۆتان لە گومانی موسڵمانان بپارێزن، چونکە خودای گەورە ڕاستی لەسەر زمانی ئەوان پەیڕەو دەکات.

٨٧- خۆپاراستن لە خراپە، لەپێشترە لە چاکەکردن.

٨٨- خـــۆت لە چەنەبـــازی بپـــارێزە، ســـووکترین هەڵەی چەنەبازی سەرزەنشتکردنە.

٨٩- باشترین بەڵگە لەسەر ڕاستگۆیی باوەڕ، ڕازیبوون و گوێڕایەڵییە.



Scanned with CamScanner

٩٠- شایستەترینی خەڵکی بە میهرەبانی خودای گەورە، ئەوانەن کە بەهێزترینن لە گوێڕایەڵیدا.

٩١- توانای خۆت بخە گەڕ و ئامادە بە بۆ وەڵامدانەوە، لە ڕۆژی پرسیار و لێپێچینەوەدا.

٩٢- لەبری پادداشتی ئەو نیعمەتانەی پێت بەخشراون، چاکە لەگەڵ ئەو کەسەدا بکە کە خراپەی لەگەڵدا کردووی.

٩٣- کردەوە بکە بە هاوەڵت و خۆزگە بکە بە دوژمنت.

٩٤- ڕۆژە خۆشەکان بکە بە توێشووی ڕۆژە سەختەکان.

٩٥- سکاڵا بۆی لای کەسێک ببە، کە توانای دەوڵەمەندکردنی تۆی هەیە.

٩٦- با هەموو خەم و پەژارەیەکت گەڕانەوە بێت بۆ لای خودای گەورە ئەوا دەبیتە کەسێکی باش.

٩٧- با هەموو خەم و پەژارە و هەوڵێکت بۆ دوارۆژ بێت.

٩٨- تەنیا پەنا بۆ لای خودای گەورە ببەن، پەنا بۆ هیچ کەس مەبەن، هەرکەسێ بێجگە لە خودای گەورە پەنا بباتە لای کەسێکی دیکە، هیوابڕاو دەبێ.

٩٩- باشترینی کاربەدەستان، ئەوانەن کە ئارەزوو بەسەریاندا زاڵ نییە.



Scanned with CamScanner

١٠٠- باشـــترین پاشـــا ئەوەیە، کە خـــاوەنی خـــۆیەتی و دادپەروەری بڵاو دەکاتەوە.

١٠١- مەرگ، پەناگەیە.

١٠٢- مەرگ، کۆتایی هیواکانە.

١٠٣- مەرگ، قەڵایەکی پتەوە.

١٠٤- باشترین شت، ڕاستگۆییە.

١٠٥- نایابترین چاکە ئەوەیە کە لەگەڵ ماڵ و منداڵی خۆتدا بیکەیت.

١٠٦- باشـــترینی خەڵکـــی ئەوانەن کە زاڵ دەبـــن بەســـەر ئارەزووی خۆیاندا.

١٠٧- مەرگ، مرۆڤ بە زەویدا دەدات.

١٠٨- مەرگ، ئابڕووی ئاوات و خۆزگەکان دەبات.

١٠٩- جوانترین کردەوەی بەتواناکان، لێبووردنە.

١١٠- ئەگەر قسـەی جوان بکەن، گوێبیسـتی وەڵامـی جوان دەبن.

١١١- بەجوانی داوا بکەن، چەندین کەسی هەڵپەکار نائومێد بوون و چەندین کەسی سادەش نائومێد نەبوون.



Scanned with CamScanner

١١٢- نەفامترینی خەڵکی ئەوانەن بە قسەی ئەو ماستاوچییە لەخۆبایی دەبن کە جوانییان بۆ نابوود دەکات و، ئامۆژگاریکەریان لە بەرچاو دەخات.

١١٣- نەفامترینی خەڵکی ئەوانەن، لەسەر تاوان بەردەوامن.

١١٤- خراپترینی خەڵکی ئەوانەن، ستەم لە کەسانی بە ویژدان دەکەن.

١١٥- خراپترینی خەڵکی ئەوانەن، کە خراپەکەیان بە باشە بزانن.

١١٦- خۆشەویسترینی بەندەکان لای خودای گەورە گوێڕایەڵترینیانە.

١١٧- خۆشەویسترینی خەڵکی لای خودای گەورە، کەسێکە کار دەکات و سوپاسگوزاری ئەو نیعمەتانەیە پێی بەخشراوە، بێزراوترینیشیان کەسێکە بە ناڕەوا کار بە نیعمەتەکانی خودای گەورە دەکات.

١١٨- لەبەر خاتری خودای گەورە ئەو کەسەت خۆش بوێت کە هەوڵت لەگەڵ دەدا بۆ چاکسازیی لە دینەکەتدا و، کەمەندکێشت دەکات بۆ ڕازاندنەوەی دڵنیایی.

١١٩- زمانت بگرە، پێش ئەوەی زیندانیت درێژە بکێشێت و خۆت نابوود بکەیت، هیچ شتێک هێندەی ئەو زمانە شایەنی



Scanned with CamScanner

زیندانی زۆر نییە، کە لە ڕاستی لا دەدات و پەلە دەکات بۆ وەلامدانەوە.

١٢٠- بڕۆ بۆ لای کەسێک کە خۆشتدەوێت و، ببە بە دیلی.

١٢١- بە نەرمونیـانی خـۆت لە تووڕەبـوون بپـارێزە، بە تێگەیشتن خۆت لە خەیاڵ بپارێزە.

١٢٢- خۆتـان لە پیاهەڵـدان و وەسـفکردنی لە ڕادەبەدەر بپارێزن، چونکە دڵ بۆگەن دەکات.

١٢٣- خۆتان لە تووڕەبوونی لە ڕادەبەدەر بپارێزن، بە پێی توانا بە نەرمونیـانی و ددانبەخـۆداگرتن خۆتـانی بـۆ ئامـادە بکەن.

١٢٤- قۆرخکاری، هۆکاری بێبەشییە.

١٢٥- قۆرخکاری، ڕسواییە.

١٢٦- قۆرخکاری، خووڕەوشتی خراپەکارانە.

١٢٧- گریمانە، بەڵگەی ئەقڵە و ناونیشانی گەورەییە.

١٢٨- گریمانە، ڕەفتاری لەسەرخۆییە.

١٢٩- گریمانە، جوانی پەیوەندییە.

١٣٠- گریمانە، جوانی سیاسەتە.



Scanned with CamScanner

١٣١- پێشبینی هەر شتێک بکە کە ڕوو بدات، پێشبینی کەموکوورییەکان دەشارێتەوە، نیوەی کەسی ژێر پێشبینیکردنە و نیوەکەی تری بێئاگاییە.

١٣٢- پێشبینی هەموو شتێک بکە، لە لایەن هەرکەسێکەوە بەرانبەرت بکرێت، هەرکەسێک پۆزشی بۆ هێنایتەوە لێی وەربگرە، هەرکەس خراپەی بەرانبەر کردیت بیبەخشە.

١٣٣- خۆت لە گەمژە بپارێزە چونکە هاوسۆزبوونی هیلاکت دەکات، هاوڕابوونی بێکەڵکت دەکا و سەرپێچیکردنی ئازارت دەدا و، هاوڕێیەتیکردنیشی بەلایە بۆت.

١٣٤- خۆت لە دونیا بپارێزە، چونکە داوی شەیتانە و شوێنی خراپبوونی باوەڕە.

١٣٥- لە کاتی بنیادنانی دەوڵەتدا خۆت لە پیاوخراپ بپارێزە بۆ ئەوەی بە لاڕێدا نەتبات، هەروەها لە کاتی پشتهەڵکردنیش لە دەوڵەت خۆت لە پیاوخراپ بپارێزە بۆ ئەوەی یارمەتیت نەدات.

١٣٦- خۆت لە قسەی خراپ و درۆ بپارێزە، چونکە ئەم دووانە خاوەنەکەیان ڕسوا دەکەن.

١٣٧- خۆت لە توێشووی کەم بپارێزە و، شتی زۆر بۆ گەشتەکەت ئامادە بکە.



Scanned with CamScanner

١٣٨- خـــۆت لە خـــۆبەگەورەزانین بپـــارێزە، چـــونکە سەرچاوەی ستەم و سەرپێچی خودای میهرەبانە.

١٣٩- خۆت لە سەرزەنشـتكردنی بەخشـندە، بریندارکردنی نەرمونیان و ئازاردانی ئازا بپارێزە.

١٤٠- خۆت لە هەموو ئەو کارانە بپارێزە، کە ئەگەر پرسیار لە خاوەنەکەی بکەیت شەرم بکات و نکۆڵی لێ بکات.

١٤١- خۆت لە هەموو ئەو کردەوانە بپارێزە، کە بۆ ئێستا چاک بێت و بۆ داهاتوو خراپ.

١٤٢- خـۆت لە هەمـوو ئەو کـارانە بپـارێزە، کە بـکەرەکەی سووک و ڕسوا دەکەن.

١٤٣- خۆت لە هەمـوو ئەو کردەوانە بپارێزە، کە بۆ خۆت پێتخۆشە و بۆ موسڵمانان پێت ناخۆشە.

١٤٤- خـۆت لە هەمـوو ئەو کـردەوە و قسـانە بپـارێزە، کە دەبنە هۆی خراپبوونی دین و دوارۆژ.

١٤٥- خـۆت لە ڕێزگرتنـی بەدکـار و پێشخسـتنی ڕسـوا و بەرزکردنەوەی سووک بپارێزە.

١٤٦- خـۆت لە هـاوڕێیەتی نەفـام بپـارێزە و، بە هـاودەمی کەسی ئاقڵ ئاسوودە بە.



Scanned with CamScanner

١٤٧- خۆت لە هاوڕێیەتی کەسی خراپ بپارێزە، چونکە هاوڕێکەی لەناو دەبات و هاوڕێیەتی نابوود دەکات.

١٤٨- خۆت لە هاوڕێیەتی خراپەکار و ئەو کەسانە بپارێزە، کە بە ئاشکرا تاوان دەکەن.

١٤٩- خۆت لە هەموو ئەو کارانە بپارێزە، کە بە نهێنی دەکرێن و شەرم دەکەیت بە ئاشکرا بیانکەیت.

١٥٠- خۆت لە شوێنی بێئاگایی، وشکی و کەمی یارمەتیدان لەسەر خواپەرستی بپارێزە.

١٥١- ئاگاداری مردن بە و بەجوانی خۆتی بۆ ئامادە بکە، ئەو کات بە مردن بەختەوەر دەبیت.

١٥٢- خۆت لە گاڵتەوگەپ، ڕابواردن و زۆر پێکەنین بپارێزە.

١٥٣- خۆت لە خۆزگەی بێبنەما، نیعمەتی لەدەستچوو بپارێزە.

١٥٤- خۆتان لە خەڵکی دووڕوو بپارێزن، ئەوان گومڕا و هەڵەکارن و کەسانی تریش بە هەڵەدا دەبەن، دڵیان پڕە لە نەخۆشی و دەرەوەیان ڕازاوەیە.



Scanned with CamScanner

١٥٥- خۆتـان لە چرووكـی بپـارێزن، چـونكە دەبنە جێگەی گلەیی‌وگازندە.

١٥٦- خۆتان لە زیادەڕەوی بپارێزن، چونكە گلەیی بەدوای خۆیدا دێنێت.

١٥٧- خۆتـــان لە تــرس بپـــارێزن، چـــونكە شـــوورەیی و كەموكوورییە.

١٥٨- خۆتـان لە تـاوانی لەنـاوبەر، كەموكـورتی تـووڕەكەر بپارێزن.

١٥٩- خۆتـان لەو شـتانە بپـارێزن، كە كۆتاییـان هـاتووە و هێشتا خۆشتان دەوێن.

١٦٠- خۆتـان لە كـردەوەی خـراپ، لەخۆبـاییبوون و كۆتـایی خۆزگە و، هێرشی ئەجەل بپارێزن.

١٦١- خۆتان لە چرووكی بپارێزن، چونكە هۆكاری خراپەیە و چاكەكـــان پەرت دەكـــات و كەموكوورییەكـــان بـــڵاو دەكاتەوە.

١٦٢- خۆتـــان لە چڵێســـی بپـــارێزن چـــونكە ڕەفتـــارێكی ناشیرینە.



Scanned with CamScanner

١٦٣- خۆتـــان لە پەلامـــاری بەخشـــندە بپـــارێزن کاتێـــک برسییەتی، هەروەها لە خراپەی سووک کاتێک تێر دەبێت.

١٦٤- خۆتـــــان لە بەفیڕۆدانـــــی تەمەن لە شـــــتگەلێکدا کە نامێننەوە بپارێزن، چونکە تەمەن چوو ناگەڕێتەوە.

١٦٥- خۆتـــان لە پەلەپەل بپـــارێزن، چـــونکە پەشـــیمانیی لەدوایە.

١٦٦- خۆتـــان لە تـــووڕەیی بپـــارێزن، چـــونکە ئـــاگرێکی سووتێنەرە.

١٦٧- خۆتـــان لە بێئاگـــایی بپـــارێزن، چـــونکە هۆکـــاری خراپبوونی هەستە.

١٦٨- خۆتان لە زمان بپارێزن، چونکە تیرێکە هەڵە دەکات.

١٦٩- خۆتان لە چاوچنۆکی بپارێزن، چونکە مرۆڤ ڕسوا دەکا.

١٧٠- ئاگاداری خۆبەگەورەزانی، زاڵبوونی ڕەگەزپەرستی و نەفامی بن.

١٧١- ئاگاتان لەو ئاگرە بێت کە نرکەوناڵەی بەرزە، بڵێسەی توندە و سزاکەی تاهەتایە و هەردەم گەشە.



Scanned with CamScanner

١٧٢- ئاگاداری نەمانی نیعمەت بن، هەموو ونبوویەک ناگەڕێتەوە.

١٧٣- ئاگاداری ئەو ڕۆژە بن کە کردەوەکانی تێدا دەخرێتە ڕوو، بوومەلەرزەی تێدا زۆرە و منداڵی تێدا پیر دەبێت.

١٧٤- خەمەکان دەردی دڵانن.

١٧٥- باشترینی خەڵکی لە ڕووی بۆچوونەوە کەسێکە کە پەیمانەکەی جێبەجێ دەکات و کاری ئەمڕۆ ناخاتە سبەینێ.

١٧٦- باشترینی خەڵکی ئەو کەسەیە کە گاڵتەی بە کارە دونیاییەکان دێت.

١٧٧- باشترینی خەڵکی کەسێکە کە ئارامگرتن، دووربینی بۆ کارەکان دروشمی ئەوە.

١٧٨- چاکەکردن لەگەڵ خراپەکاردا، باشترین گەورەییە.

١٧٩- چاکەکردن لەگەڵ خراپەکاردا، دوژمن چاک دەکات.

١٨٠- چاکەکردن گەنجینەیە، بەخشندە دەیدۆزێتەوە.

١٨١- چاکەکردن، سەرچاوەی گەورەییە.



Scanned with CamScanner

١٨٢- چاكەكردن، حەزى پياوچاكانە و خراپەكاريش حەزى پياوخراپانە.

١٨٣- چاكەكارى، دەستكەوتە.

١٨٤- چاكەكارى، خۆشەويستييە.

١٨٥- چاكەكارى، نيازە و شايستەى پاداشتە.

١٨٦- چاكەكردن، نيشانەى بەندايەتييە.

١٨٧- چاكەكردن، بەندايەتى بەرهەم دەهێنێت.

١٨٨- جـــوانترين نەريـــت، ئەوەيە لە قەدەغەكراوەكـــان بتپارێزێت.

١٨٩- جوانترينى چاكەكان، دڵنەوايى براكانتە.

١٩٠- جوانترين ئەخلاق ئەوەيە كە بۆ چاكەكارى پاڵت پێوە دەنێت.

١٩١- جوانترين كردەوە ئەوەيە لەگەڵ ڕاستيدا گونجاو بێت و، باشترين قسەش ئەوەيە لەگەڵ ڕاستيدا هاوتا بێت.

١٩٢- باشترين كردەوەى كەسى بەتوانا، لێبووردنە.

١٩٣- چاكە لەگەڵ خراپەكاردا بكە، بەدەستى دێنيت.



Scanned with CamScanner

١٩٤- چاكە لەگەڵ كەسێكدا بكە كە خراپەی لەگەڵدا كردوویت، لەو كەسەش ببوورە كە هەڵەی بەرانبەرت كردووە.

١٩٥- چاكە لەگەڵ ژێردەستەكانت بكە، خودای گەورەش چاكەت لەگەڵ دەكات.

١٩٦- چاكە لەگەڵ هەركەسێكدا بكەیت، دەبیتە فەرمانڕەوای.

١٩٧- جوانترین لێبووردن ئەوەیە لە كاتی دەسەڵاتدا بێت.

١٩٨- جوانترین كردار، وازهێنانە لە نەشیاو.

١٩٩- جوانترین پۆشاك خۆپارێزییە و، باشترین پاشەكەوتیش ترسانە لە خودا.

٢٠٠- جوانترین شەرم، شەرمكردنە لە خۆت.

٢٠١- جوانترین ناوبانگ، بڵاوكردنەوەی سوپاسگوزارییە.

٢٠٢- جوانترین شكۆمەندی نەرمونیانییە لە ڕەفتاردا.

٢٠٣- جوانترین سوپاسگوزاری نیعمەتەكان، بەخشینیانە.

٢٠٤- جوانترین شت، ڕەفتاری پەسەندە.

٢٠٥- جوانترین شت، خۆپارێزییە.



Scanned with CamScanner

٢٠٦- جوانترین ڕاستگۆیی، پابەندبوونە بە پەیمانەوە.

٢٠٧- جوانترین بێدەنگی، ئەوەیە لە کەمتەرخەمەوە بێت.

٢٠٨- باشـترین پیشـەکان ئەوانەن کە لەگەڵ شـەرعدا یەک بگرنەوە.

٢٠٩- جوانترین دادپەروەری، سەرخستنی ستەملێکراوە.

٢١٠- جوانترین زانست، ئەوەیە کردەوەی لەگەڵدا بێت.

٢١١- جوانترین گوتە، ڕاستییە.

٢١٢- جوانترین بەخشندەیی، خۆنەویستییە.

٢١٣- جـوانترین قسـە ئەوەیە بە ڕێکـوپێکی ڕازا بێـتەوە و، هەموو خەڵکی بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە لێی تێبگات.

٢١٤- باشـــترین گوفتـــار ئەوەیە، کە کـــردەوەی جـــوان پشتڕاستی بکاتەوە.

٢١٥- باشترین قسە ئەوەیە، لە کردەوەدا ڕەنگ بداتەوە.

٢١٦- جـوانترین پۆشـاکی دونیـا ئەوەیە دەسـت بنێـت بە ڕووی دونیاوە.

٢١٧- جوانترین جلوبەرگی دینداری، شەرمە.



Scanned with CamScanner

٢١٨- باشترین پاشا ئەوەیە، کە ژیانی خەڵکی خۆش بکات و دادپەروەرییەکەی بۆ هەمووان بێت.

٢١٩- باشترین خەڵکی پێشەنگ، باشترینیانە لە ئیسلامدا.

٢٢٠- باشترین خەڵکی لە ڕووی ژیانەوە، کەسێکە کە خەڵکی لە سایەی بەخشندەییەکەیدا دەژین.

٢٢١- چاکە بکە، چاکەت لەگەڵ دەکرێتەوە.

٢٢٢- سوپاسگوزاری کەسێک بن، کە هۆکاری نیعمەتی دین و دونیایە.

٢٢٣- خراپە لە دەروونی کەسانی تردا بنەبڕ بکە، بە فڕێدانی لە دەروونی خۆتدا.

٢٢٤- ئامادەباشترین خەڵک لە وەڵامدانەوەدا، کەسێکە تووڕە نەبێت.

٢٢٥- سک و داوێنت لە حەرام بپارێزە.

٢٢٦- سک و داوێنت بپارێزە، نەهامەتییەکانی تۆ لەو دووانەدایە.

٢٢٧- سەرت لە هەڵەکانی زمانت بپارێزە بە ڕێگری، سووربوون و لە خودا ترسان و، ئەقڵ جڵەوی بکە.



Scanned with CamScanner

٢٢٨- ئەمەنــت بەفیــڕۆ مەدە، لە شــتێکدا کە بەنــدایەتی و خواپەرستی تێدا نەبێت.

٢٢٩- لەپێشترینی خەڵکی کە دەبێت خۆتیان لێ بپارێزیت دەســەڵاتداری ســتەمکار و، دوژمنــی بەتوانــا و بــرادەری ناپاکە.

٢٣٠- شایســتەترینی خەڵکــی بــۆ ئەوەی چــاکەی لەگەڵــدا بکەیت کەسێکە کە خـودای گەورە بەتوانـای خـۆی چـاکەی لەگەڵدا کردووە و، دەستەکانی والآ کردووە.

٢٣١- شایســــتەترینی خەڵکـــی بە خۆپـــارێزی، کەســـێکە کەموکوورییەکانی دونیا بزانێت.

٢٣٢- شایســــتەترین کەس کە خۆشــــت بوێــت، کەســـێکە ســـوودی بــۆ تــۆ بێــت و زیــانی بــۆ کەســانی تــر. ٢٣٣- شایستەترین کەس بۆ گوێڕایەڵی، کەسێکە کە فەرمانت پێ بکات بە چاکە و ڕێگریت لێ بکات لە خراپە.

٢٣٤- شایستەترین کەس بە چاکەکاری، کەسێکە چاکەی تۆ لە بیر نەکات.

٢٣٥- شایستەترین کەس بـۆ ئەوەی لە بیری نەکەیت، ئەو کەسەیە کە لە بیرت نەکات.



Scanned with CamScanner

٢٣٦- شایستەترین کەسێک بۆ سوپاسگوزاری، ئەو کەسەیە کە ڕێگر نەبێت لە گەشەکردنت.

٢٣٧- شایستەترین کەسێک بۆ بەهاناوەچوون، کەسێکە داوای لێبووردن بکات.

٢٣٨- شایستەترین کەسێک بۆ ئەوەی بەزەیت پێیدا بێتەوە، زانایەکە نەفام بڕیاری بەسەردا بدات، بەخشندەیەکە ڕسوا بالادەست بێت بەسەریدا، چاکەکارێکە خراپ دەسەلاتی بەسەردا هەبێت.

٢٣٩- شایستەترین کەسێک بۆ ئەوەی نیعمەتی زۆری هەبێت، کەسێکی سوپاسگوزارە بە بەخشینی نیعمەتەکان.

٢٤٠- داناترین خەڵک کەسێکە، لە نەفامەکان ڕا دەکات.

٢٤١- نەرمونیان بە، دەبیتە کەسێکی بەڕێز و گەورە.

٢٤٢- جوانترین بەخشین، پێدانی بە بێ داواکردنە.

٢٤٣- سوپاسگوزارترین زانست بۆ دوارۆژ، ئەوەیە کردەوەکانت لە ئێستادا زۆر بکات و لە دوارۆژ نزیکت بکاتەوە.

٢٤٤- بێدەنگی باشترە لە ڕەوانبێژی لە کاتێکدا قسەکردن پێویست نەبێت.



Scanned with CamScanner

٢٤٥- گەمژە ئەگەر قسەیەکی کرد، کردەوەیەکیشی بەدوادا دەکات.

٢٤٦- گەمژەترینی خەڵک کەسێکە نکۆڵی کارێکی ناشیرین لە کەسێکی تر بکات و، خۆی ئەو کارە بکات.

٢٤٧- گەمـــژە لە وڵاتەکەی خۆیـــدا نـــامۆیە و لە لای خۆشەویستانی سەرزەنشتکراوە.

٢٤٨- گەمژە بە سووکایەتی پێکردن باش نابێت و واز لە کەموکورتی و، زەرەرمەندی ناهێنێت.

٢٤٩- گەمژەترینی خەڵکی کەسێکە کە گومانی وایە ئاقڵترین کەسە.

٢٥٠- گەمژەترینی خەڵکی کەسێکە رێگرە لە چاکە و داوای سوپاس دەکات، هەروەها کاری خراپە دەکات و چاوەڕێی پاداشتی باشە.

٢٥١- هەموو کەسێک بەدوای هاوتای خۆیدا دەگەڕێت.

٢٥٢- هەمـوو دەردێـک دەرمـانی هەیە، تەنیـا بەدڕەوشـتی نەبێت.

٢٥٣- چەنـدین ڕۆژووەوان هەن، تەنیـا تینوویەتییـان بـۆ دەمێنێتەوە.



Scanned with CamScanner

٢٥٤- چەنـدین کەس، بە هـۆی زمانیـانەوە بە فەتارەتـدا دەچن.

٢٥٥- چەنـدین کەسـی بێگـانە هەن، لە کەسـە نزیکەکـان باشترن.

٢٥٦- بـارودۆخی دونیـا بە پێـی ڕێکـکەوتە و بەشـی دوارۆژیش بە پێی شایستەییە.

٢٥٧- چاکەکانتـان بە لەبیرکـردن زینـدوو ڕابگـرن، چـونکە منەتکردن کارەکە تێک دەدات.

٢٥٨- پەند و ئامۆژگاری لە ئەزموونەکان وەربگرە.

٢٥٩- کاتێک تووڕەیت بێدەنگ بە، چونکە تووڕەیی کلیلی هەموو خراپییەکانە.

٢٦٠- بـرای بەڕێـز ئەوەیە، خـۆی بە خواپەرسـتی دەڕازێنێتەوە.

٢٦١- بـرای دەوڵەمەنـد ئەوەیە، بە قەنـاعەت خـۆی ڕازاندبێتەوە.

٢٦٢- دونیا لە دڵتان دەر بکەن، پێش ئەوەی جەستەتان لە دونیا دەرچێت، ئێوە لە دونیـادا تـاقی دەکرێنەوە، بەڵام بۆ غەیری دونیا درووستکراون.



Scanned with CamScanner

٢٦٣- زمانت بپارێزه، هەروەک چۆن ئالتوون و پارەکانت دەپارێزیت.

٢٦٤- زەرەرمەندترین خەڵک کەسێکە، توانای گوتنی ڕاستی هەیە بەڵام نایڵێت.

٢٦٥- زەرەرمەندترین خەڵک کەسێکە، لەبری دوارۆژ بە دونیا ڕازی بێت.

٢٦٦- زەرەرمەندترینتان ستەمکارترینتانە.

٢٦٧- شاردنەوەی هەژاری و نەخۆشی، مەردایەتی و ئازایەتییە.

٢٦٨- دڵسۆزی، شکۆمەندترین کۆتاییە.

٢٦٩- دڵسۆزی، بەرزترین باوەڕە.

٢٧٠- دڵسۆزی، بەرزترین سەرکەوتنە.

٢٧١- ڕاستگۆیی لە تەوبەدا، تاوان هەڵدەوەرێنێ.

٢٧٢- دڵسۆزی، بەرهەمی بەندایەتییە.

٢٧٣- دڵسۆزی، باشترین کردەوەیە.

٢٧٤- دڵسۆزی، ڕەفتاری کەسە نوخبەکانە.



Scanned with CamScanner

٢٧٥- دڵسۆزی، بەندایەتی پیاوچاکانە.

٢٧٦- دڵسۆزی کردار، لە هێزی باوەڕ و نیازباشییەوەیە.

٢٧٧- دڵسۆزی، مەبەستی دینە.

٢٧٨- دڵسۆزی، سەرفرازییە.

٢٧٩- دڵسۆزی، بنەمای بەندایەتییە.

٢٨٠- ئەگەر کارێکتان کرد، بە دڵسۆزی بیکەن.

٢٨١- براکان، باشترین دەستکەوتن.

٢٨٢- براکان، لەناوبەری دڵتەنگی و خەمەکانن.

٢٨٣- برای دینی، خۆشەویستییەکەی زیاتر بەردەوامە.

٢٨٤- براکان، لە خۆشیدا جوانین و لە ناخۆشیدا پشتیوانن.

٢٨٥- برای ڕاستگۆ، باشترین دەستکەوتە.

٢٨٦- برای دینی کەسێکە ڕێنوێنیت بکات بۆ چاکە، ڕێگریت لێ بکات لە خراپە و یارمەتیت بدات بۆ چاکسازیی ڕۆژی گەڕانەوە.

٢٨٧- براکەت، لە تەنگانەدا پشت و پەناتە.



Scanned with CamScanner

٢٨٨- ئەگەر ئەمانەتت لا دانرا بیپارێزە، کاتێک ئەمانەت بە خەڵکی دەدەیت تۆمەتباری مەکە چونکە هەرکەس ئەمانەت نەپارێزێت باوەڕی نییە.

٢٨٩- ئەمانەت بگێڕەوە بۆ خاوەنەکەی و، هەرکەس ناپاکی لێ کردیت ناپاکی لێ مەکە.

٢٩٠- ئەدەب، باشترین ڕێزە.

٢٩١- ئەدەب، باشترین ڕەفتارە.

٢٩٢- ئەدەب، ئاوێنەی ئەقڵە.

٢٩٣- ئەدەب لە مرۆڤـــدا هەر وەکـــوو درەخـــت وایە و ڕەگەکانی ئەقڵە.

٢٩٤- ئەدەب و دین ئەنجامی ئەقڵن.

٢٩٥- متمانە بە هاوڕێ مەکە، پێش ئەوەی تاقی بکەیتەوە.

٢٩٦- ئەو شـــتەی بەڵـــگەیە لەســـەر فراوانـــی ئەقـــڵ، بیرکردنەوەی باشە.

٢٩٧- بەردەوام بیر لە مردن و ئەو شتانە بکەرەوە کە بۆ دوای مردنت ئامادەیان دەکەیت، ئاوات بە مەرگ مەخوازە هەتا بە تەواوی ئامادە نەبیت.



Scanned with CamScanner

٢٩٨- ئەگەر برایەتیت کرد، ڕێز لە مافی برایەتی بگرە.

٢٩٩- دیندارترینی خەڵکی کەسێکە، ئارەزووی دینەکەی نەشێوێنێت.

٣٠٠- خراپترین دەرد، خۆبەزلزانینە.

٣٠١- ئەگەر باوەڕت بە خودای گەورە هێنا و خۆت لە حەرامەکانی پاراست، ئارامیت بۆ دەستەبەر دەکات، ئەگەر ببیتە هۆی ڕەزامەندی ئەو بەرگی لێخۆشبوون بە بەرتدا دەکات.

٣٠٢- ئەگەر تووڕە بوویت، ئاشکرای مەکە.

٣٠٣- تیرێک مەوەشێنە، نەتوانیت بیگەڕێنیتەوە.

٣٠٤- ئەگەر نەهامەتیت بەسەردا هات، بۆی دانیشە، بە پێوە بوونت کێشەکە زیاتر دەکات.

٣٠٥- ئەگەر خودای گەورە کەسێکی خۆشویست، ئەمانەتی لە لا خۆشەویست دەکات.

٣٠٦- ئەگەر خودای گەورە کەسێکی خۆشویست، ڕاستگۆیی تێدا دەچێنێت.

٣٠٧- ئەگەر خودای گەورە کەسێکی خۆشویست، بەندایەتی لە لا شیرین دەکات.



Scanned with CamScanner

٣٠٨- ئەگەر خـــــوداى گەورە كەســـێكى خۆشویســـت، پـارەوپوولى لە بەرچـاو دەخـات و خۆزگەكـانى لە لا كەم دەكاتەوە.

٣٠٩- ئەگەر خوداى گەورە كەسێكى خۆشویست، زانستى پێ دەبەخشێت.

٣١٠- ئەگەر خـوداى گەورە كەسـێكى خۆشویسـت، دڵێكـى ساغ و ڕەوشتى بەرزى پێ دەبەخشێت.

٣١١- ئەگەر خوداى گەورە كەسێكى خۆشویست، بە ئارامى و لەسەرخۆیى دەیڕازێنێتەوە.

٣١٢- ئەگەر خـوداى گەورە كەسـێكى خۆشویسـت، واى لـێ دەكات پەند لە ڕووداوەكان وەربگرێت.

٣١٣- ئەگەر سـەلامەتیت خۆشـدەوێت، خـۆت لە هـاوڕێیەتى نەزانەكان بپارێزە.

٣١٤- ئەگەر گوفتارت باش بوو، با ڕەفتاریشت باش بێت، بـۆ ئەوەى بتوانیـت باشــەى زمــان و باشــەى چاكەكـارى پێكەوە كۆ بكەیتەوە.

٣١٥- ئەگەر خۆتـت ڕاهێنـا لەسـەر گوێڕایەڵیكردنى خـوداى گەورە، ئەوە ڕێـزت لە خـۆت گرتـووە، بەڵام ئەگەر خۆتـت ڕاهێنا لەسەر تاوان ئەوە خۆتت لەناوبردووە.



Scanned with CamScanner

٢١٦- ئەگەر خودای گەورە ویستی چاکە لەگەڵ بەندەکەی بکات، سک و داوێنی لە حەرام دەپارێزێت.

٢١٧- ئەگەر خودای گەورە ویستی چاکە لەگەڵ بەندەکەی بکات، فێری دەستپێوەگرتنی دەکات و لە بیرۆکەی خراپ و زیادەڕەوی دەیپارێزێت.

٢١٨- ئەگەر خودای گەورە ویستی چاکە لەگەڵ بەندەکەی بکات، فێری قەناعەتی دەکات و هاوسەرەکەی بۆ چاک دەکات.

٢١٩- ئەگەر خودای گەورە ویستی چاکە لەگەڵ بەندەکەی بکات، فێری دین و ڕاستییەکانی دەکات.

٢٢٠- ئەگەر خودای گەورە ویستی چاکە لەگەڵ بەندەکەی بکات کەمدووی، کەمخۆراکی و کەمخەوی پێ دەبەخشێت.

٢٢١- ئەگەر خودای گەورە ویستی چاکە لەگەڵ بەندەکەی بکات، ئەقڵێکی بەهێز و کردەوەی چاکی پێ دەبەخشێت.

٢٢٢- ئەگەر خودای گەورە ویستی خراپەی بۆ بەندەیەک هەبوو، پارەوپوولی دەداتێ و خۆزگەکانی بۆ فراوان دەکات.



Scanned with CamScanner

٣٢٣- ئەگەر خـودای گەورە ویسـتی نـیعمەت لە بەنـدەکەی وەربگریتەوە، لە ئەقلیەوە دەست پێ دەکات کە گرنگترین نیعمەتە.

٣٢٤- ئەگەر ویستت چاکەکانت لە بەرچاوی خەلکی گەورە بن، دەبێت سەرەتا خۆت بە گەورەیان بزانیت.

٣٢٥- ئەگەر سوونەتەکانت زیان بە فەرزەکانت دەگەیەنن، وازیان لێ بێنە.

٣٢٦- ئەگەر خواردنت دا بە هەرکەس، تێری بکە.

٣٢٧- ئەگەر بەخشیت، پەلە بکە.

٣٢٨- ئەگەر پێت بەخشرا، سوپاسگوزار بە.

٣٢٩- ئەگەر خـودای گەورە رێـز لە بەنـدەیەک بگرێـت، لەسەر جێبەجێکردنی راستییەکان کۆمەکی دەکات.

٣٣٠- ئەگەر خـودای گەورە رێـز لە بەنـدەیەک بگرێـت، بە خۆشەویستی خۆیەوە سەرقاڵی دەکات.

٣٣١- ئەگەر چاوچنۆکی ببارێت، خراپەکاری دەڕوێت.

٣٣٢- ئەگەر دەرفەتـت بـۆ هـاتە پێشـێ بیقـۆزەرەوە، لەدەستدانی دەرفەت پەشیمانی بەدواوەیە.

٣٣٣- ئەگەر تووشی نەهامەتی هاتیت، ئارام بگرە.

٣٣٤- ئەگەر مـووە ڕەشـەکانت سـپیبوون، چاکییەکەشت دەمرێت.

٣٣٥- ئەگەر خـۆت لە قەدەغەکراوەکـان پاراسـت، لە گوماناوییەکان خۆت بەدوور گرت و فەرز و سووننەتەکانت کرد، ئەوە تەواوی چاکەکانت بەجێ گەیاندووە.

٣٣٦- ئەگەر خـۆت پاراسـت، خـۆت لە قەدەغەکراوەکـانی خودای گەورە بپارێزە.

٣٣٧- ئەگەر باوەڕت بە کارێک هەبوو، بیکە.

٣٣٨- ئەگەر وەڵامەکان ئاڵۆز بن، ڕاستی دەشارنەوە.

٣٣٩- ئەگەر خراپەکـاری بـاڵی کێشـا بەسـەر خەڵـک و سەردەمێکدا، گومانی باش بە پیاوێک ببرێت، ئەوا ئەو پیاوە سەرفرازە.

٣٤٠- ئەگەر خراپەکار دەسـەڵاتدار بێت، سـتەم لە چاکەکان دەکرێت.

٣٤١- ئەگەر خـودای گەورە بەنـدەیەک هەڵبژێرێـت، ترسـی خۆی دەخاتە دڵیەوە.



Scanned with CamScanner

٣٤٢- ئەگەر بڕیار و کۆڵنەدان پێکەوە بوون، بەختەوەری تەواو دێتە ئاراوە.

٣٤٣- ئەگەر ئەمانەتت پێ درا، ناپاکی لێ مەکە.

٣٤٤- کاتێک گەشتنە کۆتایی ئاواتەکان، بیرتان لای مردنی کتوپڕ بێت.

٣٤٥- ئەگەر پاشایەک لەسەر بناغەی دادپەروەری و بنەمای ئەقڵ وڵاتەکەی بنیاد نا، خودای گەورە دۆستەکانی سەر دەخات و دوژمنەکانی سەرشۆڕ دەکات.

٣٤٦- ئەگەر دڵنیایی لە برایەتیدا هەبێت، ئیتر پیاهەڵدان ناهەموارە.

٣٤٧- کاتێک نارەحەتی باری کرد، ئارامی دێتە ئاراوە.

٣٤٨- ئەگەر نیازی کاربەدەست گۆڕا، زەمانە دەگۆڕێت.

٣٤٩- کاتێک کەسی بەرز فێر دەبێت، ملکەچ دەبێت.

٣٥٠- کاتێک کەسی پڕوپووچ فێر دەبێ، لووتبەرز دەبێ.

٣٥١- کاتێک قسەیەک دەکەیت دەبیتە دیلی، کاتێک بێدەنگ دەبیت ئەو دیلی تۆیە.

٣٥٢- ئەگەر ئەقڵ کامڵ بێت، قسە کەم دەبێتەوە.



Scanned with CamScanner

٣٥٣- کاتێک سەروەت و سامان کۆ دەکەیتەوە، تۆ بریکاری کەسانی تری و ئەوانی پێ بەختەوەر دەکەیت، لە کاتێکدا خۆت دڵتەنگیت.

٣٥٤- ئەگەر خراپەت بەرانبەر کرا، لێبووردە بە.

٣٥٥- ئەگەر خراپەت کرد، داوای لێبووردن بکە.

٣٥٦- کاتێک توانات هەبوو ستەم لە خەڵی بکەیت، بیری دەسەڵاتی خودای گەورە بکەرەوە کە سزات بدات، خەڵکی ڕزگار بکات و تۆ گیرۆدە.

٣٥٧- لە کاتی قسەکردندا ڕاستگۆ بە.

٣٥٨- ئەگەر لە شتێک بێبەش بوویت، بە قەناعەت بە.

٣٥٩- کاتێک ئاکار و ڕەفتارت جوان بێت، گوفتاریش ڕازاوە دەبێت.

٣٦٠- کاتێک کە ئەجەل هات، خۆزگەکان کۆتاییان دێت.

٣٦١- کاتێک لە ئافرێنەر دەترسیت، بەرەوپیری دەڕۆیت (لە کاتێکدا هیچ پەناگەیەک نییە جگە لەو.)

٣٦٢- کاتێک یەکێکتان خراپەیەکی بینی، نەیتوانی بە دەست و زمان بیگۆڕێ، تەنیا بە دڵ پێی ناخۆش بوو، ئەوا خودای



Scanned with CamScanner

گەورە ئاگاداری ڕاستگۆیی ئەو کەسەیە و، ئەوە ڕێگری کردووە.

٣٦٣- کاتێک دەبینیت خودای گەورە بەردەوام نیعمەتت پێ دەبەخشێت، هەرچەندە بەردەوام تاوانیش دەکەیت، ئەوە بەرەبەرە لێت دەگرێتەوە.

٣٦٤- ئەگەر بینیت خودای گەورە بە یادکردنی چاکەت لەگەڵدا دەکات، ئەوە خۆشی دەوێت.

٣٦٥- ئەگەر چاکەت بینی، خۆت لە خراپە بپارێزە.

٣٦٦- ئەگەر بینیت خودای گەورە بەردەوام نیعمەتت پێ دەبەخشێت، ئاگادار بە.

٣٦٧- ئەگەر بینیت خودای گەورە بەردەوام تووشی ناڕەحەتیت دەکا، سوپاسی بکە.

٣٦٨- ئەگەر زانایەکت بینی، ببە بە خزمەتکاری.

٣٦٩- ئەگەر ستەملێکراوێکت بینی یاریدەی بدە و، دژی ستەمکار بە.

٣٧٠- ئەگەر ڕەفتارێکی نەشیاوت لە کەسێکی تردا بینی، خۆت لە هاوشێوەی ئەو ڕەفتارە بپارێزە.

٣٧١- ئەگەر چاکەتان بینی، باوەشی بۆ بکەنەوە.



Scanned with CamScanner

٣٧٢- ئەگەر چاکەتان بینی، بەپەلە بەرەوپیری بڕۆن، ئەگەر خراپەتان بینی لێی دوور بکەونەوە، ئەوە ئێوە چاکەکار و پێشبڕکێکاری باشەن و سەرفراز دەبن.

٣٧٣- کاتێک ڕۆزیت هەیە، ببەخشە.

٣٧٤- ئەگەر ویستت خۆت چاک بکەیت، پێویستە دەستپێوەبگریت و زیادەڕەوی نەکەیت.

٣٧٥- ئەگەر ویستت سوود لە زانست وەربگریت، کاری پێ بکە و زۆر بیر لە ناوەڕۆکەکەی بکەرەوە و، بیخەرە دڵتەوە.

٣٧٦- کاتێک کەسێک زانستی زۆر دەبێت، ئەدەبی زیاد دەکات و ترسی لە خودای گەورە چەند هێندە دەبێت.

٣٧٧- ئەگەر کەسێکی پایەبەرز لێت نزیک بوویەوە، ڕێزی لێ بگرە.

٣٧٨- ئەگەر کەسێکی خراپ بەرزی کردیتەوە، تۆ نزمی بکەرەوە.

٣٧٩- ئەگەر داوای زانستت کرد، گەرموگوڕ بە و شپرزە مەبە، قوتابی نەزان وەک زانایە و زانای شپرزەش وەک نەزانە.

٣٨٠- ئەگەر بێئاگایی زاڵبوو، هیوا و ئاوات نامێنێت.



Scanned with CamScanner

٣٨١- کاتێک گەنج ژیر دەبێ ئەقڵی پیر دەبێ، کاتێک گەنج نەزان دەبێ نەزانییەکەی پیر دەبێ.

٣٨٢- کاتێـــک لەســـەر نـــاڕەحەتی ئـــارام دەگریـــت، ئەوە سنووری بۆ دادەنێیت.

٣٨٣- کاتێک ڕۆحی باوەڕدار بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە، فریشـتەکان پێیـان سـەیرە و دەڵـێن: ((چـۆن لەو دونیـایەدا ڕزگاری بووە، کە نوخبەکانی ئێمە تێیدا ڕەنجەڕۆ بوون.))

٣٨٤- ئەگەر چاکەت لەگەڵدا کرا، لە بیری مەکە.

٣٨٥- ئەگەر چاکەت لەگەڵدا کرا، بڵاوی بکەرەوە.

٣٨٦- ئەگەر چاکەت کرد، بیشارەوە.

٣٨٧- ئەگەر چاکەت کرد، لە بیری بکە.

٣٨٨- ئەگەر لاواز بـووی، بـا لە سـەرپێچیکردنی خـودای گەورەدا لاواز بیت.

٣٨٩- کاتێک گوتەی قسەکەر لەگەڵ نیازیدا وەکوو یەک بوو گوێگر وەریدەگرێت، ئەگەر پێچەوانەی نیازی بوو ئەوە لە دڵی گوێگردا جێگە ناگرێت.

٣٩٠- ئەگەر هـاوڕێیەتی درێـژەی کێشـا، ئەوە بـزانە ڕێـز بوونی هەیە.



Scanned with CamScanner

٣٩١- ئەگەر دونیانەویست داوای لە خەڵک کرد، ئەوە خۆت لێی بەدوور بگرە.

٣٩٢- ئەگەر داوای گەورەییت کرد، گوێڕایەڵی خودای گەورە بە.

٣٩٣- ئەگەر داوای دەوڵەمەندیت کرد، بە قەناعەت بە.

٣٩٤- کاتێک ناپاکی لە هاوڕێیەتیدا دەرکەوت، ئیتر بەجێهێشتنی ئاسانە.

٣٩٥- کاتێک ناپاکی زۆر بوو، بەرەکەتیش کەم دەبێتەوە.

٣٩٦- ئەگەر گلەییت کرد، کەمێکی تێدا بهێڵەرەوە.

٣٩٧- ئەگەر تۆڵەت کردەوە، بەسۆز بە.

٣٩٨- ئەگەر پەیمانت دا، بیبەرە سەر.

٣٩٩- ئەگەر چاکەکانت بە هەژاران نەگەیشت، با میهرەبانیت گشتگیر بێت بۆیان.

٤٠٠- ئەگەر ویستت کارێک بکەیت، ڕاوێژ بکە.

٤٠١- ئەگەر ویستتان کارێکی چاکە بکەن، لەسەری بەردەوام بن.

Scanned with CamScanner

٤٠٢- ئەگەر بەرزبوویتەوە، بیر لە نەزانەکانی خوار خۆت مەکەرەوە، بەڵکوو شوێن زاناکانی سەروی خۆت بکەوە.

٤٠٣- کاتێک تووڕەیی بەسەرتدا زاڵبوو بە دانایی و ئارامگری بەسەریدا زاڵ ببە.

٤٠٤- کاتێک ئارەزوو بەسەرتدا زاڵ دەبێت، بە بچووککردنەوە بەسەریدا زاڵ ببە.

٤٠٥- کاتێک ئارەزوو بەسەرتاندا زاڵ دەبێت، ئەوە هۆکاری لەناوچوونتانە.

٤٠٦- کاتێک لە دونیادا شتێکت لەدەستدا دڵتەنگ مەبە، کاتێک چاکەت کرد منەت مەکە.

٤٠٧- ئەگەر ناڕەحەتییەک لەناکاو بەرۆکی گرتی، خۆت بە ئارامگرتن و سەرکەوتن بەهێز بکە.

٤٠٨- کاتێک زەمانە خراپ دەبێت، خراپەکاران زاڵ دەبن.

٤٠٩- کاتێک نیاز خراپ بوو، بەڵا دێتە ئاراوە.

٤١٠- ئەگەر ویستت فێر ببی، خۆت لە دینی خودای گەورەدا شارەزا بکە.

٤١١- کاتێک تاوانێکت کرد لێی پەشیمان ببەرەوە.



Scanned with CamScanner

٤١٢- کاتێـک یەکێکتـان هەڵدەسـتێ بـۆ نـوێژکردن، بـا بە جۆرێ بیکات وا بزانێ دوانوێژە.

٤١٣- ئەگەر بیرکـردنەوەت پـێش کـردەوە خسـت، ئەوە ئەنجامی باش بەدەست دێنیت.

٤١٤- ئەگەر دەستت لە بەخشیندا کورت بوو، با زمانت لە شوکرانەبژێریدا درێژبێت.

٤١٥- ئەگەر خەڵکی چاکەکار کەمبوونەوە، خەڵکی ڕازاوەش لەناو دەچن.

٤١٦- کاتێک قسە کەم دەبێتەوە، ڕاستی زۆر دەبێت.

٤١٧- کاتێک چاکە کەم دەبێتەوە، خراپە زۆر دەبێت.

٤١٨- کاتێـک ئەقـڵ کەم دەبێـتەوە، خۆهەڵقورتانـدن زۆر دەبێت.

٤١٩- کاتێک توانا کەم دەبێتەوە، بەهانە زۆر دەبێت.

٤٢٠- کاتێک ئەمانەت بەهێز دەبێت، ڕاستگۆیی زۆر دەبێت.

٤٢١- ئەگەر خۆتـت بەهێـز کـرد، لە گـوێڕایەڵی خـودای گەورەدا خۆت بەهێز بکە.

٤٢٢- کاتێک مانەوە نەبێت، نیعمەتیش دەڕوات.



Scanned with CamScanner

٤٢٣- کاتێک قەرزا و قەدەر ڕەت نەبێتەوە، ئیتر پاسەوانیش بێمانایە.

٤٢٤- کاتێک دڵنیا بیت لە هێرشی مردن، پێویستە خۆتی بۆ ئامادە بکەیت.

٤٢٥- کاتێک پێویستت بە شتێک بوو کە خودای گەورە پێت ببەخشێت، سەرەتا صەڵاوات بۆ پێغەمبەر (د.خ) بنێرە، پاشان پێویستییەکەی خۆت داوا بکە، خودای گەورە لەوە بەخشندەترە کە دوو شتی لێ داوا بکەیت، کارێکیان بکات و ئەوی دیکەیان نەکات.

٤٢٦- کاتێک چاکەی کەسێک لە خراپەکانی زیاتر بن ئەوە کەسێکی کامڵە، ئەگەر چاکە و خراپەی یەکسان بوون ئەوە کەسێکی پتەوە، ئەگەر خراپەکانی لە چاکەکانی زیاتر بوون ئەوە کەسێکی لەناوچووە.

٤٢٧- کاتێک نامەیەک دەنووسیت، پێش ئەوەی کۆتایی پێ بهێنیت چاوی پێدا بخشێنەرەوە، چونکە ئەو نووسینە تەرازووی ئەقڵی تۆیە.

٤٢٨- کاتێک توانا زۆر دەبێت، ئارەزوو کەم دەبێتەوە.

٤٢٩- کاتێک تاوانی هاوڕێ زۆر بوو، بەختەوەری لەگەڵیدا کەم دەبێتەوە.



Scanned with CamScanner

٤٣٠- کاتێک کەسێک بەڕێز بوو، بە ئاشکرا و بە نهێنی هەر بەڕێزە.

٤٣١- کاتێک ئەقڵ کامڵ دەبێت، ئارەزوو کەم دەبێتەوە.

٤٣٢- ئەگەر نەزانی خۆت فێر بکە، ئەگەر پرسیارت لێ کرا دەربارەی شتێک کە نەتزانی، بڵێ خودا و پێغەمبەرەکەی (د.خ) زاناترن.

٤٣٣- کاتێک تۆ و مردن بەرەوڕووی یەک دەڕۆن، شوێنی دیدار چەندە نزیکە.

٤٣٤- ئەگەر زانایەکی زمانپاراو نەبوویت، گوێگرێکی هۆشیار بە.

٤٣٥- ئەگەر ڕێزگرتن سوودی نەبوو سووکایەتی باشترە، ئەگەر قامچی سەرکەوتوو نەبوو شمشێر بڕندەترە.

٤٣٦ - ئەگەر ئەو شتە نەبوو کە تۆ دەتەوێت، ئەوە بێنە کە هەیە.

٤٣٧- کەسی ئاقڵ، بە ئاماژە تێدەگات.

٤٣٨- کاتێک وەسفی کەسێک دەکەیت، زیادەڕەوی تێدا مەکە.



Scanned with CamScanner

٤٣٩- کاتێک ڕەزیلەکان بوون بە خاوەنی سەروەت و سامان، بەڕێزەکان لەناو دەچن.

٤٤٠- کاتێک قەدەر هات، خۆپارێزیی پووچەڵە.

٤٤١- کاتێک نیعمەتێکت بۆ هات، لەبەرانبەریدا شوکرانەبژێر بە.

٤٤٢- ئەگەر بڕیارەکانت لە خۆتدا جێبەجێکردن، خەڵکیش بە دادپەروەرت دەزانن.

٤٤٣- ئەگەر تەرکەدنیا (زاهید) لە خەڵکی ڕای کرد، تۆ دوای کەوە.

٤٤٤- ئەگەر ویستت کارێک بکەیت، خۆت لە ئەنجامە خراپەکانی بپارێزە.

٤٤٥- ئەگەر متمانەت بە خۆشەویستی براکەت هەبوو، کێشەت نییە کەی یەکتر دەبینن.

٤٤٦- ئەگەر ئەرکێک خرایە ئەستۆت، دادپەروەر بە.

٤٤٧- ئاشکراکردنی نهێنی، ناپاکییە.

٤٤٨- ئەگەر براکەت دیار نەبوو، بەو جۆرە باسی بکە کە تۆ پێتخۆشە ئەو باست بکات، ئاگادار بە، بە جۆری باسی



Scanned with CamScanner

نەکەیت کە پێی ناخۆشە، واز لەو شتانە بێنە کە تۆ پێتخۆشە ئەو وازیان لێ بێنێت لە بارەی تۆوە.

٤٤٩- لە کاتی ستەمکردندا بیر لە دادپەروەری خودای گەورە بکەرەوە و، لە کاتی بوونی تواناداد بیر لە توانای خودای گەورە بکەرەوە.

٤٥٠- لە کاتی تاواندا، بیری کۆتایی هاتنی خۆشییەکان و مانەوەی شوێنەوارەکانی بکەرەوە.

٤٥١- داماوترینی خەڵکی، دڵپیسەکانن.

٤٥٢- داماوترینی خەڵکی، ئەوانەن گاڵتە بە خەڵکی دەکەن.

٤٥٣- ئازار، ڕقوقین درووست دەکات.

٤٥٤- براوەترینی خەڵکی ئەوانەن، کە بە دونیا قیامەت دەکڕن.

٤٥٥- چوار شت پیاو دەشکێنن: ئیرەیی، درۆ، چاوچنۆکی، ڕەفتاری ناشرین.

٤٥٦- چوار شت هەیە لە هەرکەسدا بن خۆشی دونیا و قیامەتی بەدەستهێناوە: ڕاستگۆیی، ئەمانەت پارێزی، سکپارێزی، ڕەفتارجوانی.

٤٥٧- پێش ئەوەی گەشت بکەیت خۆت ئامادە بکە، پێش ئەوەی بچیتە خانوویەک تەواوی بکە.

٤٥٨- بەرزبوونەوە بەرەو کارەباشەکان، زەحمەتە.

٤٥٩- گومـان، هاوەڵـدانان بـۆ خـودای گەورە درووسـت دەکات.

٤٦٠- میهرەبانترینتان، خۆپارێزترینتانە لە دونیا.

٤٦١- ڕۆزی، بە داواکردن و چاوچنۆکی، بەدەست نایەت.

٤٦٢- بەو بەشە ڕازی بە کە پێت بەخشراوە، باوەڕداریت.

٤٦٣- ڕازی بە بەوەی مـحەمەد (د.خ) ئالوبەیت، پێشـەنگ و سەکردەی ڕزگاری بن.

٤٦٤- ڕازی بە، دەحەسێیتەوە.

٤٦٥- چیت بۆ خۆت پێخۆشە، بۆ خەڵکیش پێتخۆش بێت، با هەموو کردەوە و زانست و خۆشەویستی و ڕق و کردن و وازهێنـان قسـە و بێدەنگییەکت، تەنیا لەبەر خـاتری خـودای گەورە بێت. ٤٦٦- ڕازی بە، بەو ڕۆزییەی پێت بەخشـراوە، ئیتر دەوڵەمەندی.

٤٦٧- باشترین خەڵکی ئەوانەن، کە ئەخلاقیان جوانە.



Scanned with CamScanner

٤٦٨- ئارەزووی ئەو شتانە بکە، کە خودای گەورە پەیمانی بە بەندە چاکەکارەکانی داوە، ڕاستگۆترین پەیمان، پەیمانی خودای گەورەیە.

٤٦٩- ئەم دونیا بێزراوە ڕەت بکەنەوە، دونیا هەموو ئەوانەی پێش ئێوەی ڕەت کردەوە، کە لە ئێوە زیاتر هۆگری دونیا بوون.

٤٧٠- جلوبەرگەکەت کورت بکەرەوە، چونکە پاکت دەکاتەوە و دڵت پڕ دەکات لە ترسی خودا و بە باشی دەمێنیتەوە.

٤٧١- نەرمونیان بە و سەرکەوتوو بە.

٤٧٢- بەدوای ڕاستیدا بڕۆ، با پێچەوانەی حەزەکانیشت بێت، نەکەی قیامەت بە دونیا بفرۆشی.

٤٧٣- بترسە پارێزراوی، گاڵتەجاڕ مەبە سووکایەتیت پێ ناکرێت.

٤٧٤- وابەستەبوونی مرۆڤ بە خۆیەوە، بەڵگەیە لەسەر هێنمی ئەقڵ و ناونیشانی بوونی گەورەییە.

٤٧٥- باشترین سەروەت و سامان ئەوەیە، کە بە حەڵاڵی پەیدا بکرێت.



Scanned with CamScanner

٤٧٦- باشترین سەروەت و سامان ئەوەیە، ڕۆژی دوایی پێ بکڕیت.

٤٧٧- باشترین کاروکەسابەت، کاروکەسابەتی حەلاڵە.

٤٧٨- دونیانەویست بە، ڕەحمەتت بەسەردا دەبارێت.

٤٧٩- دونیانەویست بە و خۆتی لێ بپارێزە، نەکا مەرگ بەرۆکت پێ بگرێت و دڵت وابەستەی شتەکانی دونیا بێت و لەناو بچیت.

٤٨٠- دونیانەویست بە، خودای گەورە کەموکورتییەکانت پیشان دەدات، بێئاگا مەبە لە خودای گەورە فەرامۆشت ناکات.

٤٨١- جوانترین ڕەوشت، هێمنی و داوێنپاکییە.

٤٨٢- چاکەکان، خراپەکان دەسڕنەوە.

٤٨٣- بپرسە و بزانە.

٤٨٤- هۆکارەکانی دونیا کۆتاییان دێت و ڕسواییەکانی تەواو دەبن.

٤٨٥- کەللەڕەقی لە بۆچووندا، سەرشۆڕت دەکات و دەتخاتە ناهەمواریەوە.



Scanned with CamScanner

٤٨٦- شوكرانەی نیعمەتەکانی خودای گەورە بکەن، بە ئارامگری لەسەر گوێڕایەڵییەکانی و پارێزگاریکردن لەو قورئانەی لەبەرتان کردووە.

٤٨٧- وەڵامی بانگەوازی پێغەمبەران بدەنەوە، خۆتان ڕادەستی کاروبارەکانیان بکەن و گوێڕایەڵیان بن، شەفاعەتتان بۆ دەکەن.

٤٨٨- شەرم لە هەڵاتن بکەن، چونکە لە کۆتاییدا شوورەییە و لە ڕۆژی دواییشدا ئاگرە.

٤٨٩- نوێژی ئیستیخارە بۆ هەر کارێک بکە و بڵاوی مەکەرەوە، چەندین کەس هەواڵی شتێکیان داوە، کەچی لەو کارەدا تیاچوون.

٤٩٠- درککردن بە خراپی نەفس، باشترین لێکۆڵینەوەیە.

٤٩١- لە سوپاسگوزاری بەردەوام بە، نیعمەتەکانت بەردەوام دەبن.

٤٩٢- لە یادی خودا بەردەوام بن، چونکە دڵەکان ڕوون دەکاتەوە و باشترین بەندایەتییە.

٤٩٣- تا دەتوانیت نهێنیپاریز بە، خودای گەورە ئەو نهێنییانەت دەپارێزێت، کە حەز دەکەیت پارێزراو بن.



Scanned with CamScanner

٤٩٤- دوای ڕێنموونی ئەقڵ بکەوە و پێچەوانەی ئارەزوو بجووڵێرەوە، سەرکەوتوو دەبیت.

٤٩٥- ڕاوێژ، خودی ڕێنموونییە.

٤٩٦- ڕاوێـــژ بە دوژمنەکانـــت بـــکە، بە ئەنـــدازەی دوژمنایەتییان ڕاوبۆچوون و مەبەستیان دەزانیت.

٤٩٧- ڕاوێـژ بە دوژمنـی ژیـر بـکە، خـۆت لە ڕاوبۆچـوونی هاوڕێی نەزان بپارێزە.

٤٩٨- دانا بە، هەست بە ئارامی دەکەیت، دانایی و ئارامی جوانی چاکەکارانن.

٤٩٩- هـاوڕێیەتی کەسـانی بەسـوود بـکەن و ئامۆژگـاریی باش وەربگرن و، خۆتان فێری شتی بەسوود بکەن.

٥٠٠- گۆڕانکـاریی لە دوژمنـدا بە گـوتەی جـوان و کـرداری باش، باشترە لەوەی کە بە جەنگ بەسەریاندا زاڵ بیت.

٥٠١- زۆربێژی، زمانی هەڵەکاران و نەزانانە.

٥٠٢- خۆتان بۆ مردن ئامادە بکەن و گومڕا مەبن.

٥٠٣- داوای لێبووردن، دەرمانی دەردانە.

٥٠٤- داوای لێخۆشبوون، تاوانەکان دەسڕێتەوە.



Scanned with CamScanner

٥٠٥- داوای لێخۆشـــبوون، گەورەتـــرین و خێراتـــرین پاداشتی هەیە.

٥٠٦- خۆپاراستن لە پۆزشهێنانەوە، لە ڕاستی باشترە.

٥٠٧- بەردەوامی و سەلامەتی.

٥٠٨- بە نـــابوودِ زانینـــی خـــراپە، وا دەکـــات خـــۆتی لـــێ بپارێزیت.

٥٠٩- سووکایەتیکردن بە ئافرەت، سیفەتی بێئەقڵەکانە.

٥١٠- ســـەرقاڵبوون بە پـــاککردنەوەی دەروونەوە باشـــترین کارە.

٥١١- داوای لێخۆشبوون بکە و ڕۆزی بەدەست بێنە.

٥١٢- هەمـوو هەوڵت بـخە گەڕ بۆ دوارۆژت، جێگەت باش دەبێت، دوارۆژ بە دونیا نەفرۆشی.

٥١٣- ئەو شتە لە خۆتدا بە ناشرین بزانە، کە لە خەڵکیدا بە ناشرینی دەبینی.

٥١٤- کاری چاکە زۆر بکە، چونکە کاری خراپە کەم کەس لێی پارێزراوە.

٥١٥- ڕۆزی بە خێروخێرات، بەدەست بێنن.



Scanned with CamScanner

٥١٦- زیادەڕەوی لە هەموو شتێکدا خراپە، تەنیا لە کاری چاکەدا نەبێت.

٥١٧- زیادەڕەوی، گەورەییەکان لەناو دەبات.

٥١٨- خێراترین سزا بۆ ئەو پیاوەیە، کە لەسەر کارێک پەیمانت پێ داوە و نیازت پاک بووە لەگەڵیدا، بەڵام نیازی ئەو لەگەڵ تۆدا خراپ بووە.

٥١٩- خێراترین سزای تاوان، سزای سوێندی درۆیە.

٥٢٠- خێراترین سزا بۆ ئەو تاوانەیە، ستەم لە کەسێک بکەیت و ئەو ستەمی لێ نەکردبێت.

٥٢١- تێبکۆشە، بەڵام مەبە بە گەنجینەی کەسانی تر.

٥٢٢- بەختەوەرترین کەس لە دونیادا، ئەوانەن واز لە دونیا دێنن، بەختەوەرترینیان لە ڕۆژی دواییدا، ئەوانەن کاری بۆ دەکەن.

٥٢٣- بەختەوەرترین کەس، ژیری باوەڕدارە.

٥٢٤- بەختەوەرترین کەس، ئەوەیە کە هەست بە پێگەی ئێمە بکات.

٥٢٥- ئیسلام، ڕووناکترین ڕێبازە.



Scanned with CamScanner

٥٢٦- ئیسلام بریتییە لە خۆبەدەستەوەدان، خۆبەدەستەوەدان بریتییە لە باوەڕ، باوەڕ بریتییە لە ددانپێدانان، ددانپێدانان بریتییە لە جێبەجێکردن، جێبەجێکردن بریتییە لە کردەوە.

٥٢٧- موسڵمان بە، پارێزراویت.

٥٢٨- لێبووردە بە، سەرفراز و بەڕێز دەبیت.

٥٢٩- لێبووردەترینتان، براوەترینتانە.

٥٣٠- ئەگەر داواتان لێ کرا، لێبووردە بن.

٥٣١- گوێ بگرە فێر دەبیت، بێدەنگ بە پارێزراو دەبیت.

٥٣٢- بانگەوازی مردن بدەن بە گوێتاندا، پێش ئەوەی بانگتان بکات.

٥٣٣- هەرکەس ئامۆژگاریی کردن، گوێی لێ بگرن و لە خۆتاندا جێبەجێی بکەن.

٥٣٤- جێگیرترین بەخشش، دادپەروەرییە.

٥٣٥- خراپترین ئافرێنراوەکان، ئەوانەن بە کردەوەی خراپ خۆیان دەڕازێننەوە.

٥٣٦- خراپترین نەخۆشی، نەزانییە.



Scanned with CamScanner

٥٣٧- خراپترین شت، پەردە لادانە لەسەر نهێنییەکان.

٥٣٨- خراپترین شت، چاوچنۆکییە.

٥٣٩- خراپترین ئەنجام، ئەنجامی ستەمە.

٥٤٠- خراپترین ڕاستگۆیی، قسەگێڕانەوەیە.

٥٤١- خراپترین قسە، قسەی بێمانایە.

٥٤٢- خراپترین گوزەران، هی ئەو خەڵکانەیە کە چاوچنۆکن.

٥٤٣- ئەو خەڵکانەی قسەی ڕاستی زۆر دەکەن، زۆر ئارامگرن و کار بە قسەکانیان دەکەن، ئەوانە زۆر لە پێغەمبەران دەچن.

٥٤٤- سەرقاڵبوون بە ڕابردووەوە، کات بەفیڕۆدانە.

٥٤٥- سەرقاڵبوونی دەروون بەو شتانەوە کە دوای مردن فریات ناکەون، گەورەترین لاوازییە.

٥٤٦- سەرقاڵبوونت بە گۆڕانکاریی دواڕۆژەوە، لە سزای ئاگر دەتپارێزێت.

٥٤٧- سەرقاڵبوونت بە کەموکورپییەکانی خۆتەوە، لە ئابڕووچوون دەتپارێزێت.



Scanned with CamScanner

٥٤٨- تەنیاییەکانـت بە یـادی خـودا بارگـاوی بـکە و، سوپاسگوزاری بکە بە هاوەڵی نیعمەتەکانت.

٥٤٩- زانای بەبێ کردار، لە کاتی مردندا لە هەموو خەڵکی پەشیمانترە.

٥٥٠- دووڕووتـرین خەڵـک ئەوانەن کە فرمـان بە چـاکە دەکەن و خۆیان نایکەن، هەروەها ڕێگری لە خراپە دەکەن و خۆیان دەیکەن.

٥٥١- خراپترین تـاوان لای خـودای گەورە ئەو تـاوانەیە، کە بکەرەکەی گاڵتەی پێ بێت.

٥٥٢- خراپترین خەم و پەژارە، لەدەستدانی هەلە.

٥٥٣- خراپترین دل، دڵی ڕقاوییە.

٥٥٤- خراپترین نەهامەتی، خراپی نەوەکانە.

٥٥٥- مـردن باشـترە لەو شـتەی کە بـۆ ڕزگـاربوون لێـی، ئاوات بە مردن بخوازیت.

٥٥٦- مردن باشترە لەوەی پەنا بۆ نامەرد ببەیت.

٥٥٧- خراپترین سـزا لە ڕۆژی دواییدا بۆ ئەو کەسـەیە، کە بە قەزا و قەدەری خودای گەورە قەڵس بووە.



Scanned with CamScanner

٥٥٨- خراپترین سزا بۆ ئەو کەسەیە، کە پاداشتی چاکە بە خراپە دەداتەوە.

٥٥٩- هاوەڵدانان، کوفرە.

٥٦٠- باشترن قسە، ڕاستگۆییە.

٥٦١- باشترین کردەوە، خواپەرستییە.

٥٦٢- باشترین ڕەفتار، خۆبەکەمزانی و نەرمونیانییە.

٥٦٣- باشترین ڕەفتار، وەفادارییە.

٥٦٤- باشترین ڕێز، زانستە.

٥٦٥- باشترین مەردایەتی ئەوەیە، تووڕە نەبیت و ئارەزووەکانت بکوژیت.

٥٦٦- باشترین پیاوەتی، برایەتییەکی دڵسۆزانەیە.

٥٦٧- با ترسی خودا لە دڵتدا بێت و پێچەوانەی ئارەزووەکانت ڕەفتار بکە، بەسەر شەیتاندا سەر دەکەویت.

٥٦٨- با دڵت لەگەڵ خەڵکیدا بەسۆز و میهرەبان بێت، چاکەکار بە لەگەڵیاندا و ستەمیان لێ مەکە و، مەبەرە شمشێر بەسەریانەوە.

Scanned with CamScanner

٥٦٩- لە هەمـوو بارودۆخێکـدا دەروونتـان بە گـوێڕایەڵی، زمانتان بە زیکر و دڵتان بە ڕەزامەندی سەرقاڵ بکەن.

٥٧٠- دڵسـۆزترین کەس بـۆ تـۆ ئەوەیە، کە لەسـەر خۆچاککردن یارمەتیت دەدات و لە دینەکەتدا ئامۆژگاریت دەکات.

٥٧١- خراپترینتان، چاوچنۆکترینتانە.

٥٧٢- خراپترینی خەڵکی، نەزانەکانن.

٥٧٣- خراپترینـی خەڵکـی ئەوانەن، دینەکەیـان بـۆ دونیـای کەسانی تر دەفرۆشن.

٥٧٤- سوپاسگوزار بە، بۆت زیاد دەبێت.

٥٧٥- سوپاسـگوزاری کەسـێک بـکە، کە نیعمەتـت پـێ دەبەخشـێت، نـیعمەت بە کەسـێک ببەخشـە کە سوپاست دەکات، چونکە نیعمەت کۆتـایی نـایەت ئەگەر سـوپاسگوزار بیت لەسـەری و، بەردەوامیش نابێت کاتێک بیشـاریتەوە و سوپاسگوزار نەبیت.

٥٧٦- کەسـی ئـارام ئامـانجەکەی دەپێکێـت، بەڵام لەوانەیە کەسی هەڵەشە هەڵە بکات.

٥٧٧- ئارام بگرە، براوەیت.



Scanned with CamScanner

٥٧٨- ئارام بگره، پێی دەگەیت.

٥٧٩- ئارام بگره لەسەر کارێک، کە پێویستە پادداشتی لەسەر وەربگریت و لەسەر کارێک کە بەرگەی سزاکەی ناگریت.

٥٨٠- لەسەر ئازار و تاڵی حەقیقەت ئارام بگره، نەکەی بۆ شیرینی پووچەڵ فریو بخۆیت.

٥٨١- هاوڕێیەتی کەسێک بکە لە خواترس بێت، دینەکەت پارێزراوە بە ئامۆژگارییەکانی دەبیتە کەسێکی براوە.

٥٨٢- هاوڕێیەتی بکە و ئەزموون وەربگرە.

٥٨٣- بە ئاگاییەوە لەگەڵ دەسەڵاتدار، بە ملکەچییەوە لەگەڵ ڕاستگۆ، بە تۆکمەییەوە لەگەڵ دوژمندا هەڵسوکەوت بکە.

٥٨٤- بەو جۆرە هاوڕێیەتی خەڵکی بکە، کە حەز دەکەی هاوڕێیەتیت بکەن، پارێزگارییان لێ بکە دەتپارێزن.

٥٨٥- ڕاستگۆ بە، سەرکەوتوو دەبیت.

٥٨٦- ڕاستگۆترین شت، مردنە.

٥٨٧- ڕاستترین گوتە ئەوەیە، کە هاوتای حەق بێت.

٥٨٨- هاوڕێکان، نەفسێکن لە چەند جەستەیەکی جیاوازدا.



Scanned with CamScanner

٥٨٩- له قســه‌كردندا ڕاســتگۆ و، له كاركردنــدا دڵســۆز و خۆپارێز بن.

٥٩٠- پێداگری له‌سه‌ر خراپه، گه‌وره‌ترین تاوانه و خێراترین سزای هه‌یه.

٥٩١- پێداگری له‌سه‌ر خراپه، سیفه‌تی له‌ناوچووانه.

٥٩٢- پێداگری له‌سه‌ر خراپه، خراپترین بۆچوونه.

٥٩٣- پێداگری له‌سه‌ر خراپه، سیفه‌تی خراپه‌كارانه.

٥٩٤- پێداگری له‌سه‌ر خراپه، خراپه ڕاده‌كێشێت.

٥٩٥- پێداگری له‌سه‌ر خراپه، شایانی ئاگره.

٥٩٦- پیشــاندانی ڕێــز، باشــترین توێشــووه و بەڕێزتــرین درووستكراوه.

٥٩٧- پیشاندانی ئه‌قڵ، باشترین شكۆمه‌ندییه.

٥٩٨- ده‌رخستنی خراپه‌كاری، گه‌وره‌ترین تاوانه.

٥٩٩- ده‌رخستنی شتی نه‌شیاو، ناشیرینترین كرده‌وه‌یه.

٦٠٠- قورسترین سیاسه‌ت، گۆڕینی دابونه‌ریته‌كانه.



Scanned with CamScanner

٦٠١- قورسترین داواکاری ئەوەیە لە کەسی نەشیاوی بکەیت.

٦٠٢- بنەمای ڕاستگۆیی، هیوابڕاوییە لەوەی کە لە دەستی خەڵکیدایە.

٦٠٣- بنەمای باوەڕ، باش خۆبەدەستەوەدانە بۆ فەرمانەکانی خودای گەورە.

٦٠٤- خۆبەگەورەزانی، دژی ڕاستی و بەڵای ژیرەکانە.

٦٠٥- سەرسامبوون بە خود، بێئەقڵییە.

٦٠٦- خۆبەگەورەزانی، ڕێگرە لە گەورەبوون.

٦٠٧- سەرسام بن بەو مرۆڤەی کە بە چەوری «چاو» دەبینێت، بە گۆشت «زمان» قسە دەکات و بە ئێسک «گوێ» دەبیستێت و، بە کونەلووت هەناسە دەدات.

٦٠٨- بێتواناترینی خەڵکی ئەوانەن، کە باوەڕیان بە هاتنی ڕووداوەکان و هێرشی مردن هەیە.

٦٠٩- بێدەسەلاترینی خەڵکی ئەوانەن، توانای خۆچاککردنیان نییە.

٦١٠- بێدەسەلاترینی خەڵکی ئەوانەن کە توانای لابردنی کەموکوڕییەکانی خۆیانیان هەیە و، لایان نابەن.



Scanned with CamScanner

٦١١- بێتواناترینی خەڵکی ئەوانەن، نزا ناکەن.

٦١٢- خێراترین کردەوە بۆ پاداشت، چاکەکارییە.

٦١٣- خێراترین شت بۆ لەناوچوون، ستەمکردنە.

٦١٤- دادپەروەرترینی خەڵکی ئەوانەن، لەگەڵ ئەو کەسەدا کە ستەمی لێکردووە بە ویژدان بێت.

٦١٥- دادپەروەرترینی خەڵکی کەسێکە لە کاتی بەهێزیدا بەویژدان بێت، مەزنترین کەسی میهرەبان ئەوەیە لە کاتی بوونی تواناندا ژیرانە هەڵسوکەوت بکات.

٦١٦- دادپەروەر بە، بەردەوام بەتوانا دەبیت.

٦١٧- دادپەروەرترینی ئافرێنراوەکان ئەوانەن، کە داوەری ڕاستەقینەن.

٦١٨- دادپەروەرترینی ژیان ئەوەیە، بەو جۆرە هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکیدا بکەیت، کە حەز دەکەیت هەڵسوکەوتت لەگەڵدا بکەن.

٦١٩- دادپەروەر بە لەو شتانەدا کە هەتە، سوپاسی خودای گەورە بکە لەسەر ئەو شتانەی کە نیتە.



Scanned with CamScanner

٦٢٠- ترسناکترین دوژمنی مرۆڤ تووڕەیی و ئارەزووییەتی، هەرکەس بەریان پێ بگرێت پلەی بەرز دەبێتەوە و بە ئاوات دەگات.

٦٢١- واز لەو شتانە بێنن کە پەیوەندی بە ئێوەوە نییە، خۆتان بە کاری دوارۆژەوە سەرقاڵ بکەن، چونکە پێویستان پێیەتی.

٦٢٢- زاناترینی خەڵک بە ڕۆژگار، ئەوانەن کە بە ڕووداوەکانی سەرسام نابن.

٦٢٣- ببەخشە، دەتوانیت.

٦٢٤- سەرپێچی نەزان بکە، پارێزراویت.

٦٢٥- لێبووردە بە بۆ خەڵکی هەر وەک چۆن پێتخۆشە خودای گەورە لەگەڵتدا لێبووردە بێت، ئیدی پەشیمان نابیتەوە.

٦٢٦- بەخشینی ئەوماڵەی خودای گەورە پێی بەخشیویت، مافێکە دەچێتە چوارچێوەی بەخشندەییەوە.

٦٢٧- مەزنترین نەهامەتی، نەمانی خۆزگەیە.

٦٢٨- گەورەترین نەزانی، دوژمنایەتیکردنی بەتوانا و باوەڕ بە درۆزن و، متمانە بە ناپاکە.



Scanned with CamScanner

٦٢٩- گەورەتـــرین تـــاوان لای خـــودای گەورە، تـــاوانێکە بکەرەکەی لەسەری بەردەوام بێت.

٦٣٠- شکۆدارترین کەس ئەوەیە، نەفس و ئارەزووی وەلا نابێت.

٦٣١- خراپترینی خەڵکی، زانا زیادەڕەوەکانن.

٦٣٢- گەورەترین نەزانی ئەوەیە مرۆڤ ئەرکی خۆی لە بیر بکات.

٦٣٣- گەورەترین گەمژەیی، خۆهەڵکێشانە لە کاتی نەداریدا.

٦٣٤- گەورەترین هەڵە، خۆشەویستی دونیایە.

٦٣٥- گەورەترین ناپاکی، ناپاکی ئوممەتە.

٦٣٦- گەورەتـــرین تـــاوان لای خـــودای گەورە ئەوەیە، کە خاوەنەکەی بە بچووکی بزانێت.

٦٣٧- گەورەترین شکۆ، خۆبەکەمزانییە.

٦٣٨- گەورەترین کارەسات، نەزانییە.

٦٣٩- خۆت گەورەترین سەرمایەی.

٦٤٠- بەختەوەرتـــرین کەس ئەوانەن، کە زۆر بە قەنـــاعەتن.



Scanned with CamScanner

٦٤١- زانـــاترين کەس ئەوانەن زۆر لە خـــودای گەورە دەترسن.

٦٤٢- ژیرترین کەس، نزیکترینیانە لە خودای گەورەوە.

٦٤٣- ژیرتـــرین کەس ئەوەیە کەموکوورِییەکـانی خـــۆی دەبینێت و، بەرانـبەر بە کەموکوورِییەکانی کەسانی دیـکە، کوێرە.

٦٤٤- ژیرتـــرین کەس ئەوەیە، کە لە ســزادانی نەزانەکانـدا بێدەنگی ناشکێنێت.

٦٤٥- ژیرترینـــی خەڵکـــی، دوورەپەرێزترینیـــانە لە شـــتی پرِوپووچ.

٦٤٦- ژیرترینی خەڵکی، بە ئابرِووترینیانە.

٦٤٧- ژیرترینی خەڵکی، گوێرِایەڵترینیانە بۆ خودای گەورە.

٦٤٨- ژیرترینی خەڵکی، چاکەکار و لە خواترسەکانن.

٦٤٩- ژیرترینی خەڵکی، ئەوانەن کە گوێرِایەڵی ئاقڵەکانن.

٦٥٠- بڵندترین پەرستش، دڵسۆزییە لە کردەوەکاندا.

٦٥١- بەرزترین پلەکانی بەخشندەیی، خۆنەویستییە.



Scanned with CamScanner

٦٥٢- بـاش بـزانە، سـەرەتای دیـن خۆبەدەسـتەوەدانە و کۆتاییەکەشی دڵسۆزییە.

٦٥٣- زانـاترینی خەڵکـی بە خـودای گەورە، کەسـێکە کە ڕازیترینە بە قەزا و قەدەری خودا.

٦٥٤- زانـاترینی خەڵکـی بە خـودای گەورە، کەسـێکە کە زۆرترین ترسی لە خودا هەبێت.

٦٥٥- زانـاترینی خەڵکـی بە خـودای گەورە، کەسـێکە کە زۆرترین داوای لێ دەکات.

٦٥٦- زاناترینی خەڵکی کەسێکە، کە سەرقاڵی زانستە.

٦٥٧- کردەوەکان، بەرهەمی نیەتەکانن.

٦٥٨- کردەوەکانی دونیا، بازرگانی دواڕۆژن.

٦٥٩- کار بە زانست بکە، درک بە دەستکەوت دەکەیت.

٦٦٠- با کردەوەکانت وەکوو ئەو کەسە بن، کە دەزانێت خودای گەورە پاداشتی خراپە و چاکەکانی دەداتەوە.

٦٦١- کاتێک زانیتان، کاریش بکەن.

٦٦٢- کار بە زانست بکەن، بەرز دەبنەوە.



Scanned with CamScanner

٦٦٣- کار بۆ ئەو ڕۆژە بکەن، کە توێشووی بۆ ئامادە دەکرێت و نهێنییەکانی تێدا ئاشکرا دەبن.

٦٦٤- کار بکەن، چونکە کردەوە بەسوودە و نزا دەبیسرێت و، تەوبە بەرز دەبێتەوە.

٦٦٥- ڕێنوێنی براکەت بکە و یاریدەی بدە.

٦٦٦- یارمەتیدەر بە یارمەتیدراو دەبێت.

٦٦٧- باشترین شت بۆ پاککردنەوەی ئەقڵ، فێربوونە.

٦٦٨- باشترین شت بۆ دەروونی باش، قەناعەتە.

٦٦٩- بەردەوامبوون لە سەردانیکردن، لە لۆمە دەتپارێزێت.

٦٧٠- بەختەوەرترینی خەڵکی ئەوانەن، کە لە چاکەکاریدا بە دەستوبردن.

٦٧١- لە هەڵەی هاوڕێکەت ببوورە، تەنانەت دوژمنیش بە پاکت دەزانێت.

٦٧٢- لەو شتە ببوورە کە تووڕەی کردوویت، بۆ ئەوەی ڕەزامەندی بەدەست بێنیت.



Scanned with CamScanner

٦٧٣- له هه‌موو شوێنێكدا ڕاستگۆیی به هه‌ل بزانه ئه‌وا ده‌ستكه‌وتت ده‌بێت، له خراپه و درۆ خۆت به‌دوور بگره، پارێزراو ده‌بیت.

٦٧٤- سوپاسگوزاری، به ده‌سكه‌وت بزانن به لایه‌نی كه‌مه‌وه سووده‌كه‌ی ئه‌وه‌یه نیعمه‌ت زیاد ده‌كات. ٦٧٥- سه‌رفرازترینی خه‌ڵكی كه‌سێكه، كه به هۆی زانسته‌كه‌یه‌وه به‌سه‌ر ئاره‌زووه‌كانیدا زاڵ ده‌بێت.

٦٧٦- به‌سه‌ر ئاره‌زووه‌كانتدا زاڵ ببه، ده‌بیته كه‌سێكی ته‌واو دانا.

٦٧٧- ده‌وڵه‌مه‌ندترینتان، به قه‌ناعه‌ترینتانه.

٦٧٨- ده‌وڵه‌مه‌ندترینی ده‌وڵه‌مه‌نده‌كان، كه‌سێكه كه نه‌بێته دیلی پێداگری بۆ كۆكردنه‌وه‌ی سامان.

٦٧٩- ده‌وڵه‌مه‌ندترینی خه‌ڵكی كه‌سێكه، كه ڕازی بێت به به‌شی خودای گه‌وره.

٦٨٠- ده‌وڵه‌مه‌ندترینی خه‌ڵكی له ڕۆژی دواییدا، هه‌ژارترینیانه له دونیادا.

٦٨١- باشترین سه‌رمایه، ئه‌قڵه.



Scanned with CamScanner

٦٨٢- باشترین ئەدەب ئەوەیە، مرۆڤ لە سنووری خۆی دەرنەچێت.

٦٨٣- باشترین کردەوە ئەوەیە، کە نەفس پێی ناخۆشە.

٦٨٤- باشترین ئەمانەت، پابەندبوونە بە پەیمانەوە.

٦٨٥- باشترین سەروەت ئەوەیە، شوێنەواری لەسەر خاوەنەکەی دیاربێت.

٦٨٦- باشترین باوەڕ، چاکەکارییە.

٦٨٧- باشترین باوەڕ، ئەمانەتە.

٦٨٨- باشترین باوەڕ، دڵنیایی تەواوە.

٦٨٩- باشترین بەخشندەیی، لە کاتی نارەحەتیدایە.

٦٩٠- باشترین نەرمونیانی، ڕق خواردنەوەیە و جڵەوگیری نەفسە لە کاتی بەتوانابیدا.

٦٩١- باشترین ڕێگا، بەخشندەییە.

٦٩٢- باشترین پاشا ئەوەیە کە کردەوە و نیەتی باش بێت و، لەگەڵ ژێردەستە و سەربازەکانیدا دادپەروەر بێت.

٦٩٣- باشترین بەخشدەیی، هەوڵدانە.



Scanned with CamScanner

٦٩٤- باشـــترین بەخشـــندەیی، گەیانـــدنی مـــافە بە خاوەنمافەکان.

٦٩٥- باشترین جیهاد، جیهادی نەفسە.

٦٩٦- باش بە و پێشڕەو بە.

٦٩٧- باشترین پەناگرتن، تەوبەکردنە.

٦٩٨- باشترین دەستکەوتی موسڵمان، مردنە.

٦٩٩- باشترین دینداری، کەمی هیوا و ئاواتە.

٧٠٠- باشترین دینداری، دڵنیاییە.

٧٠١- باشترین توێشوو، کردەوەی چاکەیە.

٧٠٢- باشترین توێشوو، ویژدانی چاکە.

٧٠٣- باشترین توێشـوو، زانسـتێکە کـردەوەی پـێ بکرێت و چاکەیەکە کە منەتکردنی تێدا نەبێت.

٧٠٤- باشترین زیکر قورئانخوێندنە، دڵەکان تێراو دەکات و نهێنییەکان ڕوون دەکاتەوە.

٧٠٥- باشترین ڕێز، ئەدەبە.

٧٠٦- باشترین بەخشندەیی، شەرمکردنە لە خودای گەورە.



Scanned with CamScanner

٧٠٧- باشترین بەختەوەری، بەردەوامبوونە لەسەر دینداری.

٧٠٨- باشترین بەخشندەیی ئەوەیە کە لە مالی خۆتدا بەخشندە بیت و، لە مالی خەلکیدا دەست پێوە بگریت.

٧٠٩- باشترین ڕێز، ڕێگرییە لە خراپەکاری و چاکەکردنە.

٧١٠- باشترین شت، نەرمونیانییە.

٧١١- باشترین سیفەت، بەخشندەیی و پاکی و ئارامییە.

٧١٢- باشترین ئارامگرتن، ئارامگرتنە بەرانبەر بە کەسی ئازیز.

٧١٣- باشترین ئارامگرتن، لە کاتی ناڕەحەتیدایە.

٧١٤- باشترین عیبادەت، خۆپارێزییە لە دونیا.

٧١٥- باشترین عیبادەت، دوورکەوتنەوەیە لە ئارەزووەکان.

٧١٦- باشترین بەندایەتی، پاراستنی سک و داوێنە.

٧١٧- باشترین بەندایەتی، زالبوونە بەسەر دابونەریتە خراپەکاندا.

٧١٨- باشترین بەندایەتی، بیرکردنەوەیە.



Scanned with CamScanner

٧١٩- باشترین تویشوو، ئارامگرتنە لەسەر ناڕەحەتییەکان.

٧٢٠- باشترین بەخشین، منەت نەکردنە.

٧٢١- باشترین بەخشین، بەخشینە پێش داواکردن.

٧٢٢- باشترین سەرمایە، متمانەی هاوڕێکانە.

٧٢٣- باشترین ئەقڵ، ئەدەبە.

٧٢٤- باشترین ئەقڵ، خۆپارێزییە لە گاڵتەوگەپ.

٧٢٥- باشترین ئەقڵ ئەوەیە مرۆڤ خۆی بناسێت، هەرکەس خۆی بناسێت ژیرە و، هەرکەسیش خۆی نەناسێت گومڕایە.

٧٢٦- باشترین زانست، ئەوەیە کە بە کردەوەکانتەوە دیاربێت.

٧٢٧- لەگەڵ خەڵکیدا باش بە، خەڵکی ڕێزت لێ دەگرن.

٧٢٨- باشترین کار ئەوەیە، دڵسۆزانە بکرێت.

٧٢٩- باشترین کار ئەوەیە، تەنیا لەبەر ڕەزامەندی خودای گەورە بکرێت.

٧٣٠- باشترین دەوڵەمەندی ئەوەیە، کە شەرەف و نامووسی تێدا بپارێزرێت.



Scanned with CamScanner

٧٣١- باشترین دڵ ئەوەیە، کە بە تێگەشتن دەورە درابێت.

٧٣٢- باشترین شتێک خودای گەورە بە بەندەکانی بەخشیوە، زانست و ئەقڵ، ماڵ و دادپەروەرییە.

٧٣٣- باشترین سەروەت ئەوەیە، کە لە ئەرکەکاندا خەرج بکرێت.

٧٣٤- باشترین مەرد ئەوەیە، کە پێشبینی تاوانی برادەرەکانی دەکات.

٧٣٥- باشترین پیاوەتی، شەرمە و بەروبوومەکەی داوێنپاکییە.

٧٣٦- باشترین موسڵمان ئەوەیە، کە تەنیا خەم و پەژارەی بۆ دوارۆژ بێت و لەنێوان ترس و ئومێدا بێت.

٧٣٧- باشترین چاکە، بە دەمەوەچوونی لێقەوماوە.

٧٣٨- باشترین پاشاکان، دەروونپاکەکانن.

٧٣٩- باشترین پاشاکان لە ڕووی ڕەفتارەوە ئەوانەن، کە دادپەروەرییەکەیان بۆ گشت خەڵکە.

٧٤٠- باشترین پاشاکان، دادپەروەرەکانن.

٧٤١- خۆپاراستن لە خراپەکاری، باشترە لە چاکەکردن.



Scanned with CamScanner

٧٤٢- باشترین کەسێک بۆ ئەوەی ڕاوێژی پێ بکەیت خاوەن ئەزموونەکانن، خراپترین کەسێک کە بەراوردی خۆتی پێ بکەیت خاوەن عەیبەکانن.

٧٤٣- وازهێنان لە تاوان، لە تەوبەکردن باشترە.

٧٤٤- باشترین باوەڕدار لای خودای گەورە کەسێکە ی وەرگرتن، بەخشین و تووڕەیی و، ڕەزامەندی لەبەر خاتری خودای گەورە بێت.

٧٤٥- باشترینی خەڵکی، بەسوودترینیانە بۆ خەڵکی.

٧٤٦- باشترینی خەڵکی لە دونیادا، بەخشندەکانن و لە دوارۆژدا لە خواترسەکانن.

٧٤٧- باشترین کەس ئەوەیە، کە دژایەتی ئارەزووەکانی دەکات.

٧٤٨- باشترین خۆپاریزی، گومانی باشە.

٧٤٩- خراپترین ناپاکی، ناپاکی سەرکردەکانە.

٧٥٠- تا دەتوانیت چاکە بکە و وەڵامی خراپەکار بە چاکە بدەرەوە.

٧٥١- هەژارترین هەژاری، بێئەقڵییە.



Scanned with CamScanner

٧٥٢- هەژارترین کەس، کەسی چاوچنۆکە.

٧٥٣- بیر بکەرەوە، بەرچاوڕوون دەبیت.

٧٥٤- یـادی خـودای گەورە زۆر بـکەن، چـونکە باشـترین یادکردنە.

٧٥٥- نابوودترین ئەخلاق، ناپاکییە.

٧٥٦- قێزەونترین ڕەفتاری کەسی بەتوانا، تۆڵەسەندنەوەیە.

٧٥٧- نـابوودترین چـاوچنۆکی، ڕێگریکـردنە لە سـەروەت و سامان بۆ کەسە شایستەکان.

٧٥٨- ناشرینترینی ڕەفتارەکان، درۆکردن و خۆبەزلزانینە.

٧٥٩- ناشرینترین سیفەت، ستەمە.

٧٦٠- برسێتی و نەخۆشی، پێکەوە لە کەسێکدا کۆ نابنەوە.

٧٦١- نابوودترین ڕاستی ئەوەیە، پیاو وەسفی خۆی بکات.

٧٦٢- نـابوودترین سـتەم، ڕێگـرییە لە مافەکـانی خـودای گەورە.

٧٦٣- نابوودترین ناپاکیی، بڵاوکردنەوەی نهێنییە.



Scanned with CamScanner

٧٦٤- نـابوودترین تـاوان، پچڕاندنی خزمـایەتی و ئازاردانی دڵی دایک و باوکە.

٧٦٥- شـوێن ڕێبـاز و سـوونەتی پێغەمـبەر (د.خ) بـکەون، چونکە باشترین ڕێباز و سوونەتە.

٧٦٦- زانست فێر ببە، چونکە ئەگەر دەوڵەمەند بیت جوانت دەکات و، ئەگەر هەژاریش بیت دەتپارێزێت.

٧٦٧- ددانپێدانان، پۆزشهێنانەوەیە.

٧٦٨- بەتوانـاترین کەس لەسـەر ڕاسـتی، ئەوانەن کە تووڕە نابن.

٧٦٩- نزیکتــرین بۆچـــوون لە ئەقــڵەوە، دوورترینیــانە لە ئارەزووەوە.

٧٧٠- نزیکترینـــــی خەڵکـــــی لە خـــــودای گەورەوە، باوەڕدارترینیانە.

٧٧١- نزیکترین شت، مردنە.

٧٧٢- نزیکترین شت لە کاتی تەنگانەدا، هاتنی خۆشییە.

٧٧٣- نزیکترینـــی خەڵکـــی لە پێغەمـــبەرانەوە، ئەوانەن کە فرمانەکانیان جێبەجێ دەکەن.



Scanned with CamScanner

٧٧٤- تەنیا بیروهۆشت لای ئەو شتە بێت، کە پەیوەستە بە تۆوە و واز لەو شتە بێنە کە پەیوەندی بە تۆوە نییە، بەم جۆرە دەبیتە کەسێکی بەڕێز.

٧٧٥- کورترین شت، ستەمی سەرکردەکانە.

٧٧٦- کەمترین شت، ڕاستگۆیی و ئەمانەتە.

٧٧٧-.بە لایەنی کەمەوە، دەبێت نیعمەتەکان لە سەرپێچی خودای گەورەدا بەکار نەهێنین.

٧٧٨- قسە کەم بکە، لە لۆمەکردن پارێزراویت.

٧٧٩- لە دونیادا بە کەم ڕازی بن، بۆ ئەوەی دینەکەتان سەلامەت بێت.

٧٨٠- بەهێزترین کەس ئەوەیە، کە دەسەڵاتی بەسەر نەفسی خۆیدا هەیە.

٧٨١- بەهێزترین کەس ئەوەیە، کە بە نەرمونیانی بەسەر توورەییدا زاڵ دەبێت.

٧٨٢- بەهێزترین تفاقی ناڕەحەتییەکان، ئارامگرتنە.

٧٨٣- بەهێزترینی خەڵکی ئەوانەن، کە زۆر پشت بە خودای گەورە دەبەستن.



Scanned with CamScanner

٧٨٤- بەهێزترین کەس ئەوەیە، کە بەسەر ئارەزووەکانیدا زاڵ دەبێت.

٧٨٥- بەهێزترین هۆکار، ڕەوشتجوانییە.

٧٨٦- گەورەترین چاکە، نەرمونیانییە.

٧٨٧- گەورەترین بەڵا، نەفسنزمییە.

٧٨٨- گەورەترین وەجاغزادەیی، ڕەوشتبەرزییە.

٧٨٩- گەورەترین گەمژەیی، ڕۆچوونە لەناو پیاهەڵدان و زەمکردندا.

٧٩٠- گەورەترین کەموکووڕی ئەوەیە، کەسێک بە شتێک عەیبدار بکەیت کە لە خۆتدا هەبێت.

٧٩١- گەورەترین زیان ئەوەیە، گرنگی بە شتێک بدەیت پەیوەندی بە تووە نەبێت.

٧٩٢- بەدەستهێنانی بەهەشت باشترین قازانجە و ڕوو لە خودا کردن لووتکەی سەرکەوتنە.

٧٩٣- زانست بەدەست بێنن، ژیان بەدەستان دێنێت.

٧٩٤- زۆرترینی ئەو کەسانەی کە نزم دەبنەوە، خۆبەزلزانەکانن.



Scanned with CamScanner

٧٩٥- زۆر دڵخــۆش بە بەو چاکــانەی کە کــردووتن، زۆر دڵتەنگیش بە بەو خراپانەی کە کردووتن.

٧٩٦- باشترین شت هاوڕێیەتی ئەو کەسانەیە، کە پیاوچاکن و ڕێگری لە خراپە دەکەن.

٧٩٧- ئەوانەی کە هیوا و ئاواتیان زۆرە، کەمتر بیری مردن دەکەن.

٧٩٨- بێئەقڵترین کەس لەناو خەڵکیدا، هەژاری خۆبەزلزانە.

٧٩٩- ئەو کەســەی کە خــۆی زۆر بــاش بناســێت، فــرە لە خواترسە.

٨٠٠- خۆتــان ڕابێــنن لەســەر بەنــدایەتی و خۆپاراســتن لە کردەوەی خراپ، ئینجا چێژی شیرینی باوەڕ دەچێژن.

٨٠١- قسەهێنان و قسەبردن بە درۆ بزانە، ڕاست بێت یان ناڕاست.

٨٠٢- باشـترین ڕەوشـت، بەخشـندەییە و گشـتگیرترینیان لە ڕووی سوودەوە دادپەروەرییە.

٨٠٣- بەخشندە بە، مەزن دەبیت.

٨٠٤- باشترین ڕێچکە، ئەدەب جوانییە.



Scanned with CamScanner

٨٠٥- ڕێزی خزمەکانت بگرە، کەسە نەرمونیانەکانیان بە گەورە بزانە و لەگەڵ گەمژەکانیان نەرمونیان بە، لە شتە زەحمەتەکانـدا ئاسـانکارییان بـۆ بـکە، ئەوان باشـترین خەزێنەن بۆ تۆ، لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا.

٨٠٦- باشـترین ڕەفتـار، ڕێزگرتنـی هـاوڕێ و بە دەمەوەچوونی لێقەوماوە.

٨٠٧- ڕێزی میوانەکەت بگرە با ڕسواش بێت، لەبەر ڕێزی باوک و مامۆستاکەت هەستە سەرپێ، با سەرکردەش بێت.

٨٠٨- ڕێـز لە هـۆزەکەت بگـرە، ئەوان ئەو بـاڵەن کە پێـی دەفڕیـت و ئەو بنچیـنەن کە بـۆی دەگەڕێیـتەوە و، ئەو دەستەن کە پێی سەردەکەویت.

٨٠٩- ڕێزی چاکەی خۆت بگرە و پەیمان بپارێزە.

٨١٠- خـۆت لەسـەر چاکەکـاری ڕابێـنە، ئاگـادار بە نەفس لەسەر خراپەکاری ڕاهاتووە.

٨١١- تەواوکردنی چاکە باشترە لە دەستپێکردنی.

٨١٢- ژیرترین ژیری، لە خواترسانە.

٨١٣- ژیرترین کەس ئەوەیە، کە دونیا وەلا دەنێت.

٨١٤- ژیرترینتان، خۆپارێزترینتانە.



Scanned with CamScanner

٨١٥- قێزەونترین ڕەوشت، ڕق و قینە.

٨١٦- قێزەونترین ستەم، لە کاتی دەسەڵاتدایە.

٨١٧- قێزەونترینی خەڵکی، غەیبەتکارەکانن.

٨١٨- ئایا دەزانیت! پێدانی ماڵ بە کەسانێک، کە شایستە نەبن، زیادەڕەوییە.

٨١٩- ئایا دەزانیت! تەنیا نرخی بەهەشت شایستەی ئێوەیە، خۆتان مەفرۆشن، تەنیا بە بەهەشت نەبێت.

٨٢٠- ئایا دەزانیت! قەناعەت و زاڵبوون بەسەر ئارەزووەکاندا، گەورەترین پاکییە.

٨٢١- ئایا دەزانیت! زمانێکی ڕاستگۆ کە خودای گەورە بە کەسێکی ببەخشێت لەناو خەڵکیدا باشترە لەو سەروەت و سامانەی کە بۆ کەسێک ماوەتەوە و، سوپاسگوزار نییە.

٨٢٢- ئایا دەزانیت! هەژاری بەلایە، لە هەژاری خراپتر نەخۆشی جەستەیە و لە نەخۆشی جەستە خراپتر، نەخۆشی دڵ و دەروونە.

٨٢٣- ئایا دەزانیت! هەرکەسێک ڕاستی سوودی پێ نەگەیەنێت پووچەڵ زیانی لێ دەدات، هەرکەس ڕێنوێنی بە ئاراستەی چاکەی نەبات، گومڕایی بەرەو هەڵدێری دەبات.



Scanned with CamScanner

٨٢٤- ئایا دەزانیت! سەروەت و سامانی فراوان نیعمەتە، تەندروستی جەستە لە ماڵ و سامانی فراوان باشترە و، لە خواترسانیش لە تەندروستی جەستە باشترە.

٨٢٥- سەرفرازی بۆ ئەوانەی کە لەبەر خاتری خودای گەورە دڵیان شکاوە.

٨٢٦- گومانی ئاقڵ، لە دڵنیایی نەزان ڕاسترە.

٨٢٧- لە هەموو کاروبارەکانتدا، پەنا بۆ خودای باڵادەست بیە.

٨٢٨- لە پەنهان و ئاشکرادا پابەندی دڵسۆزی بە، لە دیار و نادیاردا پابەندی ترس بە، لە هەژاری و دەوڵەمەندیدا پابەندی ئامانج بە، لە کاتی ئارامی و تووڕەیدا پابەندی دادپەروەری بە.

٨٢٩- پاپەندی حەق بە دەچیتە شوێنی ئەهلی حەق، لە ڕۆژێکدا کە تەنیا حەق دادوەری دەکات.

٨٣٠- خۆت لەسەر بێدەنگی ڕابێنە و بە کەمترین ڕۆزی ڕازی بە و ئارام بگرە، لە دونیا و دوارۆژدا سەرفراز دەبیت.

٨٣١- ڕاستگۆ بە، با ترسیشت لە زیانەکەی هەبێت، ئەوە باشترە لە درۆیەک کە هیواداری سوودی بۆت هەبێت.



Scanned with CamScanner

٨٣٢- ڕاستگۆ و ئەمانەت پارێز بە، چونکە ئەوانە سیفەتی نوخبەکانن.

٨٣٣- خۆت لەسەر بێدەنگی ڕابێنە، بە لایەنی کەمەوە سەلامەت دەبیت.

٨٣٤- بێدەنگ بە، بیرۆکەکانت گەشاوە دەبن.

٨٣٥- پێویستە ئەو زانستە بزانیت، کە بۆ چاکسازیی دینەکەت ئاراستەت دەکات و لە لاوازبوونی دینەکەت ئاگادارت دەکاتەوە.

٨٣٦- لە زەویدا بمێننەوە و لەسەر بەلاکان ئارام بگرن، بە دەستی خۆتان و بە ئارەزووی زمانتان ئەملا و ئەولا مەکەن.

٨٣٧- پابەندی کۆمەڵ بن و خۆتان لە جیاکاری بپارێزن.

٨٣٨- پابەندی ڕاستی بن، ڕزگاری دەبێتە بەشتان.

٨٣٩- زمان نمایشکاری ئەو شتانەیە، کە لە ناخدا شاراوەن.

٨٤٠- سوپاسگوزاری، جوانکاری نیعمەتەکانە.

٨٤١- وشەکان، قاڵبی واتاکانن.

٨٤٢- ئارەزووەکان، گەندەڵکارن.



Scanned with CamScanner

٨٤٣- لووتکەی بەختەوەری، دڵسۆزییە لە کارکردندا.

٨٤٤- ئیمامی دادپەروەر، لە بارانی بە لێزمە باشترە.

٨٤٥- ئەمانەت، باوەڕ و قەڵایە.

٨٤٦- دەوڵەمەند بە هۆی پارەی زۆرەوە، لە مردن ڕزگاری نابێت.

٨٤٧- ئەمانەت، پاڵنەرە بەرەو ڕاستگۆیی.

٨٤٨- ئەمانەت، گەورەییە بۆ کەسێک جێبەجێی دەکات.

٨٤٩- ئەمانەت، سەرکەوتنە بۆ ئەو کەسەی پارێزگاریی لێ دەکات.

٨٥٠- ئەمانەت و وەفا پێکهێنەری کردارەکانن، درۆودەلەسەش خیانەتی گوتەکانن.

٨٥١- خۆزگەکان، فریوت دەدەن و لە کاتی ڕاستیدا وازت لێ دێنن.

٨٥٢- خۆزگەکان، چاوکراوەکان کوێر دەکەن.

٨٥٣- خۆزگە، سیفەتی گەمژەکانە.

٨٥٤- خراپە لە دڵت ڕاماڵە، دەروونت پاکژ دەبێتەوە و کردەوەکانت قبوول دەبن.



Scanned with CamScanner

٨٥٥- فەرمان بە چاکە، باشترین کرداری دروستکراوانە.

٨٥٦- واز لەو ڕێچکەیە بێنە، ئەگەر ترسی هەڵدێرت هەبوو.

٨٥٧- ئەو کارانە بکەن کە فەرمانتان پێ کراوە و، واز لەو شتانە بێنن کە قەدەغەکراون.

٨٥٨- بێزراوتـــــرین کەس لای خـــــودای گەورە، هەژاری خۆبەزلزان و پیری داوێنپیس و، زانای خراپەکارە.

٨٥٩- بێزراوترین بەندە لای خودای گەورە، کەسێکە تەنیا گرنگی بە ورگ و داوێنی بدات.

٨٦٠- ئاقڵ، بە گوێرەی پێویست و بە بەڵگەوە قسە دەکات و، تەنیا سەرقاڵی چاکسازیی دوارۆژە.

٨٦١- خۆزگە، دەسەڵاتی شەیتانە بەسەر دڵی بێئاگایاندا.

٨٦٢- خۆزگە، کردارەکان گەندەڵ دەکات و دەستکەوتەکان لەناو دەبات.

٨٦٣- باشترین خاوەندارێتی، خۆپارێزییە.

٨٦٤- خاوەن بۆچوونە ڕاستەکان، بە ئەزموونەکانن.

٨٦٥- خاوەنی نەفسی خۆتان بن، بەوەی بەردەوام هەوڵی لەگەڵدا بدەن.



Scanned with CamScanner

٨٦٦- باشترین قەڵای دینداری، لە خواترسانە.

٨٦٧- خۆت لە ئارەزووەکان بپارێزە، لە بەڵاکان پارێزراو دەبیت.

٨٦٨- هەموو کارێک بە ئەزموون دەکرێت.

٨٦٩- کارەکـــان بە مەزەنـــدە دەکـــرێن، نەک تەنیـــا بە بیرکردنەوە.

٨٧٠- ناکۆکی، کارە رێکخراوەکان گەندەڵ دەکات.

٨٧١- سەرکردەی خراپ، خراپەکاری درووست دەکات.

٨٧٢- ئەگەر خـــودای گەورە نیعمەتێکـــی پـــێ بەخشـــیون، سوپاسگوزاری بن.

٨٧٣- ئەگەر حەز دەکەیـــت بەختەوەرتـــرین کەس بیـــت بە زانستەکەت، ئەوە کاری پێ بکە.

٨٧٤- ئەگەر حەز دەکەیـــت پـــارێزراو بیـــت و عەیبەکانـــت شاراوە بن، ئەوە قسەی کەم بکە و زۆر بێدەنگ بە، ئیدی بیرکردنەوەت باش دەبێت و خەڵکی لەدەستت پارێزراون.

٨٧٥- باشترین رازاندنەوە ئەوەیە، ئاوێتەی خەڵکیت بکات و لەنێویاندا قەشەنگت بکات و، لە زمانیان بتپارێزێت.

Scanned with CamScanner

٨٧٦- خۆشترین ژیان هی ئەو کەسەیە، کە خەڵکی لە سایەی ئەودا خۆشگوزەرانن.

٨٧٧- سەرەنجام سوپاسگوزارترین سیفەت، ئارامگرتنە.

٨٧٨- بە ڕاستی برا ئەو کەسەیە کە لە کەموکووڕییەکانت خۆش دەبێت، عوزرەکانت قبوول دەکات و هەڵەکانت دادەپۆشێت، ترست لێ دەڕەوێنێتەوە و ئاواتەکانت دەهێنێتە دی.

٨٧٩- ڕازاوەترین ڕەفتار، خۆپارێزی و داوێنپاکییە.

٨٨٠- ئەگەر خۆت بە خودای گەورە بسپێریت، خودای گەورە دەتپارێزێت.

٨٨١- خراپترین تاوان، ستەمکردنە.

٨٨٢- خێراترین سزا، سزای ستەمکارە.

٨٨٣- گەورەترین پاداشت، پاداشتی ویژدانە.

٨٨٤- گەورەترین پەشیمانی لە ڕۆژی دواییدا، لەو کەسەدایە کە سەروەتێکی زۆری پێکەوە ناوە و خواپەرستی نەکردووە و بەجێی هێشتوە بۆ کەسێکی تر، ئەویش لە پێناو خودای گەورەدا بەخشیویەتی، جا بەم



Scanned with CamScanner

هـۆیەوە دەچێـتە بەهەشـت و کەسـی یەکەمـیش دەچێتە ئاگرەوە.

٨٨٥- ناپـاکترین کەس ئەوەیە ناپـاکی لەگەڵ خـۆی و، سەرپێچی فەرمانی خودای گەورە دەکات.

٨٨٦- باشترین چاکە، خێری شاراوە و چاکەکردن لەگەڵ دایباب و، پەیوەندی خزمایەتییە.

٨٨٧- باشـترین دینـداری ئەوەیە خۆشەویسـتی و ڕق، وەرگرتن و بەخشین، هەر هەموویـان لەبەر خـاتری خودای گەورە بکرێن.

٨٨٨- باشترین زانست، ئارامی و لەسەرخۆییە.

٨٨٩- باشـترین کەس لای خـودای گەورە ئەوەیە، کە ئەقڵی چالاک دەکات و ئارەزووەکانی دەمرێنێت، ئینجا خۆی بۆ دوارۆژ ماندوو دەکات.

٨٩٠- بەڕێزترین مردن شەهیدبوونە، سوێند بە خودا هەزار شمشێرت لێ بدرێت لەوە باشترە لەسەر جێگە بمریت.

٨٩١- فرمـان بە چـاکە و ڕێگـری لە خـراپە مـردن نزیـک و ڕۆزی کەم نـاکەنەوە، بەڵکـوو پاداشـتی چەنـد هێنـدەیان هەیە، لەمـانەش باشـتر ئەوەیە گـوتەی ڕاسـت لە ڕووی ئیمامی خراپەکاردا بگوترێت.



Scanned with CamScanner

٨٩٢- ئەو شتەی کە نازانیت کەی پێت دەگات، پێویستە پێشوەختە خۆتی بۆ ئامادە بکەیت.

٨٩٣- بەخشینی ماڵ لە ڕێگەی خودای گەورەدا، باشترین نیعمەتە و خەرجکردنی لە تاواندا خراپترین کارەساتە.

٨٩٤- هەناسەکانت بەشێکن لە تەمەنت، بۆیە تەنیا لە عیبادەتدا بەکاریان بێنە.

٨٩٥- ئەهلی بەهەشت، هەموویان باوەڕدار و نەرمونیانن.

٨٩٦- ئەهلی دۆزەخ، هەموویان بێباوەڕ و فێڵبازن.

٨٩٧- دۆستانی خودای گەورە، زۆرترین یادی خوا دەکەن و هەردەم سوپاسگوزارن و لەسەر ناڕەحەتییەکان ئارام دەگرن.

٨٩٨- ئەگەر خودای گەورە بە بەڵایەک تاقیکردنەوە، ئارام بگرن.

٨٩٩- ئەگەر لە خودای گەورە بترسیت، ئەوە دەتپارێزێت.

٩٠٠- لە خواترسەکان، هەموو بەخشندە و داوێنپاک و چاکەکارن.

٩٠١- ئاژەڵەکان، تەنیا خەمی ورگیانە.



Scanned with CamScanner

٩٠٢- له خواترسـان، له دونیـادا قه‌لایه و له‌دوای مـردنیش باخچه‌یه.

٩٠٣- دونیا، ماڵێکه به به‌لا ناسراوه، به خیانه‌ت وه‌سفکراوه و بارودۆخه‌کانی به‌رده‌وام نابن، ئه‌و که‌سانه‌ی تێیدا ده‌ژین پارێزراو نین، ژیان تێیدا زه‌مکراوه و ئه‌مـانه‌ت تێیدا بوونی نییه.

٩٠٤- دونیـا، مـاڵی زه‌حمه‌تـی و نه‌مـان و، گـۆڕان و په‌نده، شوێنی فیتنه و عیبره‌ته.

٩٠٥- دونیـــا، ژیـــانه‌که‌ی کـــورته و خێـــره‌که‌ی که‌مه، ڕووتێکردنـی فـێڵه و پشـتلێکردنی به ئـازاره، خۆشـییه‌کانی بڕاوه‌ن و شوێنکه‌وتووانی به‌رده‌وامن.

٩٠٦- دونیـا، پشـتی هه‌ڵکـرد و خواحـافیزی کـرد، دواڕۆژ به‌ره‌وپیرمان دێت و به دیار ده‌که‌وێت.

٩٠٧- دونیـــا، وه‌ک مـــار وایه، ده‌ســـت لێـــدانی نه‌رمه و ژه‌هـره‌که‌ی کوشـنده‌یه، پشـت له‌و شـتانه بـکه که له دونیادا پێیان سه‌رسامیت، چونکه که‌م له‌گه‌ڵت ده‌مێننه‌وه، دۆستی ئه‌و شـتانه به که حه‌زه‌ریـان لـێ ده‌که‌یـت، به‌ڵام ئاوێته‌یـان مه‌به.

٩٠٨- دونیا، دین خراپ ده‌کات و دڵنیایی ڕاده‌ماڵێت، سه‌ری فیتنه و سه‌رچاوه‌ی به‌لایه.



Scanned with CamScanner

٩٠٩- دین، درەختێکە ڕەگەکانی باوەڕە بە خودای گەورە، بەروبـــوومەکەی خۆشەویســـتی و ڕق لێبـــوونە لەبەر ڕەزامەندی خودای گەورە.

٩١٠- خەمی دڕندەکان، دوژمنایەتیکردنی بەدەر لە خۆیانە.

٩١١- ئەوانەی کە سبەینێ بە دونیا بەختەوەرن، ئەوانەن کە ئەمڕۆ لێی ڕا دەکەن.

٩١٢- ڕاستگۆ بەڕێز و مەزنە، درۆزنیش سووک و ڕسوایە.

٩١٣- ســەلامەتی لە دیـن و دونیـادا، نیعمەتێکـی جـوان و بەخششێکی گەورەیە.

٩١٤- ئاقڵ، بە چاوچنۆکی هەڵناخەڵەتێ.

٩١٥- ئاقڵ، کەسێکە ئەقڵەکەی لە ئامۆژگارییدا بەکار دەبا و بۆچوونەکانی لە گەشەکردندان، بۆیە بۆچوونەکەی ڕاستە و کردەوەکەی سوپاسکراوە.

٩١٦- ئاقـڵ، بە ئەدەبەوە ئامۆژگـاری دەکـا، ئـاژەڵیش بە لێدان.

٩١٧- پێویستە ئاقڵ لەم دونیایەدا خۆی لە مردن بپارێزێت و خۆی بۆ ئامـادە بکـات، پێش ئەوەی بگاتە قیامەتێک کە ئاوات بە مەرگ بخوازێت و دەستی نەکەوێت.



Scanned with CamScanner

٩١٨- بەندە لەنێوان نیعمەت و تاواندایە، تەنیا بە داوای لێخۆشبوون و سوپاسگوزاری چاک دەبێت.

٩١٩- دادپەروەری ئەو تەرازووەیە، کە خـــودای گەورە لە دروستکراوەکانیدا دایناوە، بۆ ئەوەی حەق بەرپا بێت، بـــۆیە ســـــەرپێچی لە تەرازووەکەی مەکە و دژی دەسەڵاتەکەی مەوەستە.

٩٢٠- زانست رێگەت پیشان دەدات و رزگارت دەکات، نەزانیش گومرات دەکات و لەناوت دەبات.

٩٢١- داوێنپیسی، لە رەفتاری موسڵمان نییە.

٩٢٢- هەلەکان، هەر وەک خێرایی هەورەکان تێدەپەرن بۆیە لە بوارە چاکەکاندا بە هەند وەریانبگرن، ئەگەر نا پەشیمان دەبنەوە.

٩٢٣- هەژاری، نەفس رسوا و ئەقڵ سەرسام دەکات و، سەرچاوەی خەم و پەژارەیە.

٩٢٤- منداڵەکانتان فێرە نوێژ بکەن و وەختێ پێراگەیشتن نوێژیان پێ بکەن.

٩٢٥- قورئان، دەرەوەی جوانییە و ناوەرۆکەکەی قووڵە، شتە سەیرەکانی لەناوناچن و شتە نامۆکانی کۆتاییان نایەت، تاریکییەکان تەنیا بەو رووناک دەبنەوە.



Scanned with CamScanner

٩٢٦- به ڕاستی خودای گەورە، دین تەنیا بە ئافرێنراوە نوخبە و تایبەتەکانی خۆی دەبەخشێت.

٩٢٧- خودای گەورە، فرمانی بە دادپەروەری و چاکەکاری داوە، هەروەها ڕێگریشی لە خراپەکاری و ستەم کردووە.

٩٢٨- تووڕەیی، ئاگری دڵەکانە.

٩٢٩- خودای گەورە، ڕێگەی ڕاستی ڕووناک کردووەتەوە و ڕێچکەکانی بەیان کردووە، تۆ سەرپشکیت، ناڕەحەتییەکی هەمیشەیی یان بەختەوەرییەکی هەتاهەتایی هەڵدەبژێریت.

٩٣٠- خــــودای گەورە ڕۆزی هەژارانـــــی لە مـــــاڵی دەوڵەمەندەکانـدا فەرز کـردووە، ئەگەر هەژارێـک برسـیی بێـت، ئەوە بـزانە دەوڵەمەنـدێک مـاڵەکەی خـواردووە، جـا خودای گەورەش داوای ئەو مافە لە دەوڵەمەندەکان دەکات.

٩٣١- خـودای گەورە سـزای لەسـەر تاوانەکـان دانـاوە، بـۆ ئەوەی ڕێ لە سـزادانی بەنـدەکانی بگرێـت. ٩٣٢- خـودای گەورە ڕقـی لەو کەسـەیە کە لە تاوانکردنـدا چەقاوەسـوو و چاونەترسە.

٩٣٣- خودای گەورە بە ویستی خۆی کاروبارەکان بەڕێوە دەبا، نەوەک بەو شێوازەی کە تۆ پێتخۆشە.



Scanned with CamScanner

٩٢٤- خودای گەورە پێی خۆشە، نیازی مرۆڤ بەرانبەر بە خەڵکی باش بێت، هەروەک چۆن پێی خۆشە نیازی مرۆڤ لە خواپەرستیدا بەهێز و باش و پتەو بێت.

٩٢٥- خودای گەورە ئەقڵی تەندروست و کردەوەی ڕاستی پێخۆشە.

٩٢٦- خودای گەورە کەسی داوێنپاک و چالاک، لە خواترس و ڕەزامەندی خۆشدەوێت.

٩٢٧- خـــودای گەورە کەســـی دەســـتکراوە و دینـــداری خۆشدەوێت.

٩٢٨- خودای گەورە دونیا بە هەرکەسێک دەبەخشێت، کە خۆشـی بوێـت یـان خۆشـی نەوێـت، بەڵام دیـن تەنیـا بە کەسێک دەبەخشێت کە خۆشی بوێت.

٩٢٩- خودای گەورە ماڵ بە هەرکەسێک دەبەخشێت، ئەگەر خۆشـی بوێـت یـان خۆشـی نەوێـت، بەڵام زانسـت تەنیا بە کەسێک دەبەخشێت کە خۆشی بوێت.

٩٤٠- لە خواترســەکان هەردوو دونیایــان بەدەســتهێناوە، لەگەڵ ئەهلی دونیا لە دونیادا بەشدارن، بەڵام ئەهلی دونیا لە دوارۆژدا لەگەڵ ئەوان بەشدار نابن.

Scanned with CamScanner

٩٤١- ئەو کەسەی کە لە خواپەرستی و ڕێگری لە خراپەدا جیهاد لەگەڵ نەفسی خۆی دەکات، خودای گەورە پاداشتی شەهیدێکی بۆ دەنووسێت.

٩٤٢- ئەو کەسەی کە جیهاد لەگەڵ نەفسی خۆی دەکات، بەسەر تووڕەیی خۆیدا زاڵ دەبێت و بەردەوام خواپەرستی دەکات، خودای گەورە پاداشتی ئەو کەسەی بۆ دەنووسێت کە بە ڕۆژووەوە و شەونوێژ دەکات، هەروەها دەیخاتە ڕیزی ئەو کەسەوە، کە لەبەر خاتری خودای گەورە پاسەوانی دەکات و ئارام دەگرێت.

٩٤٣- کاتێک کەسێک دەمرێت خەڵکی دەڵێن: چی بەجێ هێشتووە؟ بەڵام فریشتەکان دەڵێن: چی پێش خستووە؟ بۆ خاتری خوا هەندێ شت پێش بخەن، کە بۆتان ببێتە زەخیرە، شتێک بەجێ مەهێڵن بۆتان ببێتە نەگبەتی.

٩٤٤- مرۆڤ بەرەوپیری ئەو شتە دەڕوات کە پێشی خستووە، لەو شتەش پەشیمانە کە بەجێی هێشتووە.

٩٤٥- مرۆڤ بەردەوام ئاواتی هەیە و مەرگ ڕێگەی پێ نادات، ئاواتەکان کۆتاییان نایەت و ئاواتەخوازیش فەرامۆش ناکرێت.

٩٤٦- بە ڕاستی موسڵمانان دڵ و دەروونیان ئارامە.



Scanned with CamScanner

٩٤٧- به ڕاستی خەسارەتمەند ئەو کەسەیە، کە تەمەنی بەفیڕۆ چووە، بەختەوەریش ئەو کەسەیە کە تەمەنی لە خواپەرستیدا سەرف کردوە.

٩٤٨- مردن دەبێتە میوانت و خۆشت ناوێت، سەردانت دەکات بە بێ ئەوەی داوای لێ بکەیت، سەردەکەوێت و نادۆڕێت.

٩٤٩- مردن لە ناوچاوتان نووسراوە، دونیاش دوای ئێوە دەپێچرێتەوە.

٩٥٠- باوەڕدار لە کارەکەی دڵنیایە و کەسی دووڕووش لە کارەکەیدا بە گومانە.

٩٥١- بە ڕاستی باوەڕداران لە خواترسن.

٩٥٢- بە ڕاستی باوەڕداران چاکەکارن.

٩٥٣- ئاگر ئەگەر لێی وەرگریت کەم ناکات، بەڵام ئەگەر دارت نەخستە سەری دەکوژێتەوە، زانستیش هەر بەو شێوەیەیە بە بەخشین کەم نابێتەوە، بەڵام بە هۆی بەخیلی خاوەنەکەیەوە لەناو دەچێت.

٩٥٤- خەڵکی زیاتر پێویستیان بە ئەدەبی جوانە، تا بە زێڕ و زیو.



Scanned with CamScanner

٩٥٥- بە ڕاستی ژنان هەموو پەژارەیان جوانی ژیانی دونیا و خراپەکارییە تێیدا.

٩٥٦- نەفس فرمان بە خراپە و خراپەکاری دەکات، هەرکەس لێی ئەمین بێت خیانەتی لێ دەکات، هەرکەس پەنای بۆ ببات لەناوی دەبات، هەرکەس لێی ڕازی بێت دەیخاتە گێژاوەوە.

٩٥٧- نەفس خشڵێکی بەنرخە، هەرکەس پارێزگاری لێ بکات بەرز دەبێتەوە و هەرکەسیش بەرەڵای بکات نزم دەبێتەوە.

٩٥٨- وەفا دووانەی ڕاستگۆییە، هیچ پۆشاکێک شک نابەم هێندەی ئەو پارێزەر بێت.

٩٥٩- نیعمەتی کەمی خودای گەورە، باشترە لە شتی زۆری خەڵکی.

٩٦٠- ئەمرۆ کردەوەیە بە بێ لێپرسینەوە، بەیانی لێپرسینەوەیە بە بێ کردەوە.

٩٦١- سڵاوکردن، لە ڕەفتارە باشەکانە.

٩٦٢- ئاقڵەکان پێویستیان بە ئەدەبە، وەک چۆن کشتوکاڵ پێویستی بە بارانە.



Scanned with CamScanner

٩٦٣- خۆشـــی موســـڵمان لە ناوچاویـــدایە، هێـــزەکەی لە دینەکەی و پەژارەکەی لە دڵیدایە.

٩٦٤- ئەگەر لەبەر خـــاتری خـــودای گەورە ماڵەکانتـــان ببەخشن، بە خێرایی بۆتان پڕ دەکاتەوە.

٩٦٥- ئەگەر ئـــارام بگـــرن، خـــودای گەورە لەبـــری هەر بەڵایەک جێگرەوەیەکی باشی هەیە.

٩٦٦- تـــرس لە خـــودای گەورە کۆشـــکی دیـــن، کـــۆڵەکەی دڵنیایی و چرای سەرکەوتن و، کلیلی چاکسازییە.

٩٦٧- مرۆڤ چەندە نابووتە، کاتێک ناخی نەخۆش بێت و دەرەوەی جوان بێت.

٩٦٨- ئەگەر دونیا بکەیتە شوێنکەوتەی دینەکەت، ئەوە دین و دونیا بەدەست دەخەیت و، لە دواڕۆژدا سەرفراز دەبیت.

٩٦٩- ئەگەر دینەکەت بکەیتە شوێنکەوتەی دونیا، ئەوە دین و دونیـــاش لەدەســـت دەدەیـــت و، لە دواڕۆژدا زەرەرمەنـــد دەبیت.

٩٧٠- سەرپێچیکردنی ئارەزوو، چارەسەری ئەقڵە.

٩٧١- چاکەکار، زیندووە با لە گۆڕستانیش بێت.



Scanned with CamScanner

٩٧٢- کاتێک خەڵکی پێویستی بە ئێوەیە، ئەوە نیعمەتێکی خودای گەورەیە و بە هەلی بزانن، خۆتانی لێ مەدزنەوە ئەگەرنا دەبێتە نەهامەتی.

٩٧٣- باشترین سەروەت ئەوەیە، بە سوپاسگوزاری بەدەست هاتبێت و پادداشتی مسۆگەر کردبێت.

٩٧٤- نزای ستەملێکراو لە لای خودای گەورە قبووڵە، چونکە داوای مافی خۆی دەکات خودای گەورە لەوە دادپەروەرترە کە ڕێگربێت لە مافی خاوەنمافێک.

٩٧٥- باسکردن لە پاشەملە، خراپترین درۆیە.

٩٧٦- مردنی پێشینان پەند و ئامۆژگارییە بۆ نەوەکان.

٩٧٧- بیرۆکەی تۆ بەشی هەموو شتێک ناکات، بۆیە جەخت بخەرە سەر شتە گرنگەکان.

٩٧٨- بڵاوکەرەوانی زانست زۆرن، بەڵام پارێزەرانی کەمن.

٩٧٩- ئەگەر ویستت خەڵکی چاک بکەیت ئەوا لە خۆتەوە دەست پێ بکە، چونکە گەورەترین عەیب ئەوەیە کار لەسەر چاککردنی خەڵکی بکەیت و خۆت خراپ بیت.



Scanned with CamScanner

٩٨٠- ئەگەر ئارامت گرت، بە ئارامگرتنەکەت پێگەی پیاوچاکان بەدەست دێنیت، ئەگەر ناشوکر بوویت، ئەوە بە هۆی ناشوکرییەکەتەوە دەچیتە ئاگرەوە.

٩٨١- گوێڕایەڵی نەفس و شوێنکەوتنی ئارەزووەکان، بنەمای هەموو بەڵایەک و سەرچاوەی هەموو گومڕاییەکە.

٩٨٢- دژمنی پێغەمبەر و ئالوبەیت ئەو کەسەیە، کە سەرپێچی خودای گەورە دەکات، با خزمی پێغەمبەریش بێت (د.خ).

٩٨٣- گەورەیی پاداشت بەرانبەرە بە گەورەیی بەڵا، کاتێک خودای گەورە قەومێکی خۆشویست بە بەڵا تاقییان دەکاتەوە.

٩٨٤- هەرکەس لە کەموکوورییەکانی خۆت ئاگاداری کردیتەوە و لە پاشملە بەرگری لێ کردیت، ئەوە هاوڕێیە لەدەستی نەدەیت.

٩٨٥- تەمەنت بەرهەمهێنی بەختەوەرییە، ئەگەر لە بەندایەتیکردنی خودای گەورەدا بەکاری بێنیت.

٩٨٦- تەمەن، بریتییە لەو کاتەی کە ئێستا تۆی تێدایە.



Scanned with CamScanner

٩٨٧- فەزڵدانی قسە بەسەر کردەوەدا هەڵەیە و، فەزڵدانی کردەوە بەسەر قسەدا جوانی و قەشەنگییە.

٩٨٨- زمان بێدەنگ بە و سەر سەلامەت.

٩٨٩- قەناعەت، واتە دەوڵەمەندی.

٩٩٠- سووربوون لەسەر کۆکردنەوەی سامان، هیلاکییە.

٩٩١- هەموو شتێک پەند و ئامۆژگاریی تێدایە بۆ ژیر و خاوەن ئەقڵەکان.

٩٩٢- ئەگەر لە توورەبووندا سەرکەوتن هەبێت، ئەوە لە نەرمونیانیدا پاداشتی چاکەکاران هەیە.

٩٩٣- ئەگەر لە قسەکردندا ڕەوانبێژی هەبێت، ئەوە لە بێدەنگیدا سەلامەتی لە خراپەکاری هەیە.

٩٩٤- بەخشندەییت بەشی هەمووان ناکات، بۆیە تایبەتی بکە بە نوخبەکانەوە.

٩٩٥- بەخشندەیی خودای گەورە پێچەوانەی دانایییەکەی نییە، بۆیە وەڵامی هەموو نزایەک ناداتەوە.

٩٩٦- گوتەی دانا ئەگەر ڕاست بوو دەرمانە و، ئەگەر هەڵەش بوو دەردە.



Scanned with CamScanner

٩٩٧- ئەگەر خـــوداى گەورەتـــان خۆشـــدەويت، ئەوە خۆشەويستى دونيا لە دڵتان دەربكەن.

٩٩٨- ئەگەر مكوور بوويت لەسەر بەدەستهێنانى ئامانجێک، ئەوە مكووڕيش بە لەسەر جێبەجێكردنى ئەركەكانت.

٩٩٩- ئەگەر ناچـاربوون ئـارەزووى شـتێک بـكەن، ئەوە ئارەزووى بەهەشت بكەن كە پانتاييەكەى هێندەى عەرد و ئاسمانەكانە.

١٠٠٠- ئەگەر كارتـان كـرد ئەوا كارێـک بـكەن، كە لە ڕۆژى حيسابدا ڕزگارتان بكات.

١٠٠١- ئەگەر ئارەزووى مانەوەتان كرد، ئەوە خۆپارێز بن لەو جيهانەدا كە كۆتايى دێت.

١٠٠٢- ئەگەر ناچاربوون پێشبڕكێ بكەن، ئەوە لە سنوورى خوداى گەورە و فەرمان بە چاكەدا پێشبڕكێ بكەن.

١٠٠٣- ئەگەر ناچـاربوون خۆتـان پـاک ڕابگـرن، ئەوە لە چڵكى كەموكورتى و تاوان خۆتان پاک بكەنەوە.

١٠٠٤- ئەگەر ناچاربوون پێداگر بـن، ئەوە لە سەرخستنى ڕاستى و بە دەمەوەچوونى لێقەوماودا پێداگر بن



Scanned with CamScanner

١٠٠٥- ئەگەر خوازیاری رزگاربوونن، ئەوە دەست بە رووی بێئاگایی و گاڵتەوگەپەوە بنێن و پابەندی هەوڵ و کۆشش بن.

١٠٠٦- پێویستە کردەوەی مرۆڤ لە قسەکانی باشتر بێت، نەوەک قسەکانی لە کردەوەکانی باشتر بن.

١٠٠٧- ئەگەر خوازیاری نیعمەتن، ئەوە لە دونیادا خۆتان زیندانی بکەن.

١٠٠٨- زمان ئەو شتانە دەڵێتەوە کە فێرت کردووە.

١٠٠٩- ئیسلام ئامانجێکی هەیە، بەرەو ئەو ئامانجە برۆن، بەرەوپیری خودای گەورە برۆن بە راپەڕاندنی ئەو ئەرکانەی کە لەسەرتانی پێویست کردووە.

١٠١٠- دڵەکان بیرۆکەی خراپیان تێدایە، ئەقڵەکان رێگرییان لێ دەکەن.

١٠١١- خودای گەورە لە هەموو نیعمەتێکدا مافی سوپاسگوزاری هەیە، هەرکەس سوپاسگوزار بێت بۆی زیاد دەکات و، هەرکەسیش کەمتەرخەم بێت با ترسی لەناوچوونی ئەو نیعمەتەی هەبێت.

١٠١٢- خودای گەورە فریشتەیەکی هەیە، هەموو رۆژێک بانگەواز دەکات و دەڵێت: ئەی خەڵکی سەر زەوی خۆتان



Scanned with CamScanner

بۆ مردن ئامادە بکەن، بنیادی دواڕۆژ بنێن و خۆتان بۆ ڕۆشتن کۆ بکەنەوە.

١٠١٣- شەو و ڕۆژ ئێجگار خێران لە وێرانکردنی تەمەندا.

١٠١٤- شەو و ڕۆژ کارت تێدا دەکەن، تۆش کاریان تێدا بکە، شتت لێ وەردەگرن، تۆش شتیان لێ وەربگرە.

١٠١٥- شەو و ڕۆژ بەشی هەموو پێویستییەکانی تۆ ناکەن، بۆیە دابەشیان بکە لەنێوان کار و پشوودا.

١٠١٦- ئەو ڕۆژگارانەی ڕۆشتن کۆتاییان هات، داهاتووش نادیارە هەر بۆیە ئیستە کار بکە.

١٠١٧- سەروەتەکەت بەشی هەمووان ناکات، بۆیە تایبەتی بکە بە شایستەکانەوە.

١٠١٨- نموونەی دونیا و قیامەت هەر وەکوو ئەو پیاوەیە کە دوو ژنی هەیە، ئەگەر یەکێکیان ڕازی بکات ئەوی تریان تووڕە دەبێت.

١٠١٩- شوێنی باوەڕ ناخی مرۆڤە و ڕێگەکەشی گوێکانیەتی.

١٠٢٠- هەرکەسێ بەخشندە بێ بەرانبەر بە کەسێک کە بێبەری کردووە، سەردانی کەسێک بکات کە خزمایەتی



Scanned with CamScanner

لەگەڵ پچڕانـدوە و، لە کەسـێک ببوورێـت کە سـتەمی لـێ کردووە، ئەوە خودای گەورە دەبێتە پشت و پەنا و کۆمەک بۆی.

١٠٢١- گرفتاری ئەوەیە، دواڕۆژی خۆت وێران بکەیت.

١٠٢٢- قسـەی خـۆش و بڵاوکـردنەوەی سـڵاو، بەشـێکە لە عیبادەت.

١٠٢٣- بە ویژدانـــی لە بڕیـــاردان و پەنـــاگرتن لە ســـتەم، بەشێکە لە دادپەروەری.

١٠٢٤- سەردەمێک دێتە پێشەوە، قورئان تەنیا ڕەسمەکەی دەمێنێـتەوە و ئیسـلام تەنیـا نـاوەکەی، مزگەوتەکـان لەو ڕۆژەدا هەیکەلیان هەیە بەڵام هیدایەتیان تێدا نییە.

١٠٢٥- کەسێک بەهەشتی پانوبەرین بە دونیایەکی کورت بفرۆشێت، دۆڕاو و زەرەرمەندە.

١٠٢٦- هەرکەس ژیانی لە تاعەتوعیبادەتی خودای گەورە و پێغەمـبەردا سـەرف بکـات ئەوە خـۆی ڕزگـار کـردووە، پـارێزراوە و مـامەڵەکەی بـردوەتەوە و قـازانجێکی زۆری کردووە.

١٠٢٧- هەرکەس بەسەر زەویدا بڕوات، ڕۆژێک دەچێتە نێو زەوی.



Scanned with CamScanner

١٠٢٨- ئەگەر متمــانە بە نەفســت بکەیــت، ئەو فێڵبــازە و شەیتان دەکاتە پێشەوات بۆ تاوانکردن.

١٠٢٩- قورئان دڵسۆزە و خیانەت ناکات، چرایە و گومڕات ناکات و، گوتەبێژە و درۆ ناکات.

١٠٣٠- تەبیعەتەکــان جیــاوازن، باشــترینیان ئەوەیە کە لە خراپە دوورە.

١٠٣١- مردن داواکارییەکی سەرسەختە، نە نیشتەجێ و نە هەڵاتوو لە چنگی دەرناچێ.

١٠٣٢- دۆســتی پێغەمــبەر و ئالوبەیــت ئەو کەســەیە کە گوێڕایەڵە بۆ خودای گەورە، با بە خزمایەتی دووریش بێت لە پێغەمبەرەوە (د.خ).

١٠٣٣- ئاگایی چاوەکان سوودی نییە، کاتێک دڵەکان بێئاگا بن.

١٠٣٤- هەڵەکـانی چاکەکـاری بقۆزنەوە، چـونکە هەر وەک خێرایی هەورەکان تێدەپەڕن.

١٠٣٥- پەیمـان بـردنە ســەر بەڵگەیە لەســەر شـکۆمەندی.



Scanned with CamScanner

١٠٣٦- سەرکەوتووترین کار ئەوەیە کە سەرتاپای نهێنی بێت.

١٠٣٧- ئەی ئەبازەڕ وەیل بۆ ئەو کەسەی کە قسەی درۆ دەکات بۆ ئەوەی خەڵکی پێبکەنن، وەیل بۆ ئەو کەسە، وەیل بۆ ئەو کەسە وەیل بۆ ئەو کەسە.

١٠٣٨- لە خراپەکانت پەشیمان بە، نەکەی لە چاکەکانت پەشیمان بیت.

١٠٣٩- چاکەکانت لە بیر بکە و پەیمانەکانت لە بیر بێت.

١٠٤٠- خۆشی لە سێ شتدایە: هاوسەری گونجاو، منداڵی باش، هاوڕێی نایاب.

١٠٤١- مرۆڤ، بریتییە لە ئەقڵی.

١٠٤٢- مرۆڤ، بەندەی چاکەیە.

١٠٤٣- بە ویژدانی، باشترین سیفەتە.

١٠٤٤- بە ویژدانی، سیفەتی نوخبەکانە.

١٠٤٥- بە ویژدانی، ئارامییە.

١٠٤٦- ویژدان لە هەر کەسێکدا وەکوو دادپەروەری وایە لە سەرکردەدا.



Scanned with CamScanner

١٠٤٧- ویژدان، ناکۆکی لەناو دەبات و تەبایی دێنێتە ئاراوە.

١٠٤٨- هەرکەسێک زۆر ئامۆژگاریی خۆی بکات، گوێڕایەڵترین کەسە بۆ خودای گەورە.

١٠٤٩- بە دڵ، بە زمان بە دەست خودای گەورە سەر بخە، بێگومان خودای گەورە سەرت دەخات.

١٠٥٠- پڕ ناز و نیعمەتترین ژیان، ژیانی کەسێکە خودای گەورە قەناعەت و هاوسەری باشی پێ بەخشیوە.

١٠٥١- خێراترین تیر، نزای ستەملێکراوە.

١٠٥٢- تەنیایی، پشووی خواپەرستانە.

١٠٥٣- بەسوودترین زانست، ئەوەیە کاری پێ بکرێت.

١٠٥٤- بەسوودترین توێشوو، کردەوەی چاکەیە.

١٠٥٥- بەسوودترین شت، خۆپارێزییە.

١٠٥٦- بەسوودترین پارە، ئەوەیە فەرزەکانی پێ جێبەجێ بکرێت.

١٠٥٧- ئەگەر چاکە بکەیت، ئەوە ڕێزت لە خۆت گرتووە و چاکەت لەگەڵ خۆت کردووە.



Scanned with CamScanner

١٠٥٨- ئەگەر پشــت لە دونیــا بکەیــت، ئەوە بە ڕووتــدا دەکرێتەوە.

١٠٥٩- ئەگەر گــوێڕایەڵی خــودای گەورە بکەیــت، ئەوە ڕزگارت دەکات و مەنزڵی دواڕۆژت باش دەکات.

١٠٦٠- ئەگەر گـوێڕایەڵی ئارەزووەکانـت بیـت، ئەوە کەڕ و کوێرت دەکەن و مەنزڵی دواڕۆژت وێران دەکەن.

١٠٦١- ئەگەر ڕوو بکەیتە دونیا، ئەو پشتت لێ دەکات.

١٠٦٢- ئەگەر خـۆت لە خراپەکـاری بپارێزیـت، پـلەی بەرز بەدەست دێنیت.

١٠٦٣- ئەگەر خـۆبەزلزان بیـت، خـودای گەورە بچووکـت دەکاتەوە.

١٠٦٤- ئەگەر خــۆبەکەمزان بیــت، خــودای گەورە بەرزت دەکاتەوە.

١٠٦٥- ئەگەر خۆپارێز بیت، ئەوە خۆت لە چڵکی تاوان پاک کردووەتەوە.

١٠٦٦- ئەگەر دوژمنــــایەتی خــــودای گەورە بکەیــــت، دوژمنایەتی دەکرێیت و تێک دەشکێیت.



Scanned with CamScanner

١٠٦٧- ئەگەر خـــوداى گەورە بپاريزيـــت، پاريزراويـــت و سەركەوتوو دەبيت.

١٠٦٨- ئەگەر كار بۆ قيامەت بكەيت لە مامەڵەكەدا براوەيت.

١٠٦٩- ئەگەر كـــار بـــۆ دونيـــا بكەيـــت، لە مـــامەڵەكەدا زەرەرمەندى.

١٠٧٠- تـۆش بە هەمـان ڕێگەى پێشـيناندا دەڕۆيـت، بـۆيە هەوڵ بـۆ قيـامەت بـدە و زۆر خـۆت سـەرقاڵى كاروبـارى دونيا مەكە.

١٠٧١- ناتوانيـــت مەرگ لە خـــۆت دوور بخەيـــتەوە و ئەو ڕۆزيـيە بەدەسـت بێنيـت كە هـى تـۆ نيـيە، ئيتـر بـۆ خـۆت ماندوو دەكەيت، ئەى سەرگەردان.

١٠٧٢- ناگەيت بە ئاواتەكانت و تەمەنت درێژ نابێت، بۆيە لە خودا بترسە و بەجوانى داوا بكە.

١٠٧٣- هـيچ كـردەوەيەک لە قيامەتـدا هێنـدەى ئـارامگرتن، ڕەزامەنـدى و لە خواترسـان و، ئومێد بە خـودا بەسـوودتر نييە.

١٠٧٤- تــۆ بــۆ دونيــا درووســت نەكراويــت، لە دونيــادا خۆپاريز بە و پشتى تێ بكە.



Scanned with CamScanner

١٠٧٥- تەنیـا بە ئـارامگرتن لەسـەر ئەو شـتەی کە حەزت لێیە، تـۆ بەو شـتە دەگەیـت کە پێتخۆشـە لە لای خـودای گەورە.

١٠٧٦- زیانبەخشـترین کـردەوە کە لە حـزووری خـودای تەعالا دوورت بخاتەوە، خۆشەویستی دونیایە.

١٠٧٧- هیچ کردەوەیەکت لێ وەرناگیرێت تەنیا ئەوە نەبێت کە دڵسۆزانە کردووتە و، تێکەڵ بە هەواوهەوەس و هۆکارە دونیاییەکان نەبووە.

١٠٧٨- دوای مـردن هـیچ شـتێک سـوودی نییە بـۆت، تەنیا ئەو کـردەوە چاکـانە نەبێـت کە پێشـت خسـتون، بـۆیە کردەوەی چاکی زۆر بکە.

١٠٧٩- تۆ بۆ دوارۆژ درووستکراوی کەوایە کاری بۆ بکە.

١٠٨٠- بەردەوام لەپشـتەوە داواکـارێکی سەرسـەخت هەیە، کە مردنە لێی بێئاگا مەبە.

١٠٨١- ئەقڵت پێوەری تۆیە، بۆیە بە زانست بیڕازێنەرەوە.

١٠٨٢- ئێوە زیاتر پێویستان بە توێشووی تاعەتوعیبادەتە نەوەک توێشووی دونیا.

Scanned with CamScanner

١٠٨٣- ئێوە زیاتر پێویستان بە لێکدانەوەی کردەوەکانە نەوەک لێکدانەوەی گوتەکان.

١٠٨٤- ئێوە زیاتر پێویستان بە بەخشینی ئەو شتانەیە کە پەیداتان کردووە، نەوەک پەیداکردنی ئەو شتانەی کە کۆتان کردووەتەوە.

١٠٨٥-ئێوە زیاتر پێویستان بە درووستکردنی مەردایەتییە نەوەک کۆکردنەوەی پارە.

١٠٨٦- ئێوە زیاتر پێویستان بە ئەدەبە نەوەک زێڕ و زیو.

١٠٨٧- ئێوە زیاتر پێویستان بە کردەوەی چاکەیە نەوەک پەیداکردنی پارە.

١٠٨٨- ئێوە زیاتر پێویستە کار بەوە بکەن کە دەیزانن نەوەک بە فێربوونی شتێک کە نایزانن.

١٠٨٩- ئێوە زیاتر پێویستان بە قەناعەتە بە ڕۆزی کەم، نەوەک هەوڵدانی لە ڕادەبەدەر.

١٠٩٠- ئێوە زیاتر گرنگی بەو شتانە بدەن کە بۆ قیامەت لەگەڵتانن، نەوەک هەموو ئەو شتانەی کە لە دونیادا هاودڵتانن.



Scanned with CamScanner

١٠٩١- ئێوە زیاتر پێویستان بە کردەوەی چاکەیە، نەوەک ڕەوانبێژی لە قسەکردندا.

١٠٩٢- ئەگەر ملکەچی ئارەزووەکانتان بن دەتانگەیەنن بە خراپترین مەبەست.

١٠٩٣- ئەگەر گوێڕایەڵی شوێنەواری تووڕەییتان بن ئەوە لەناوتان دەبات.

١٠٩٤- ئەگەر ڕوو بکەنە خودای گەورە، خودای گەورەش ڕووتان تێ دەکات، ئەگەر پشتی تێ بکەن پشتتان تێ دەکات.

١٠٩٥- ئەگەر هەوەس باڵی بەسەرتاندا کێشا، کەڕ و کوێرتان دەکا و لەناوتان دەبا.

١٠٩٦- ئەگەر بە قەزا و قەدەری خودای گەورە قایلبوون ژیانتان خۆش دەبێت و، ڕۆزیتان زیاد دەکا.

١٠٩٧- ئەگەر خوازیاری دیداری خودای گەورە بن ئەوە بەدەستی دێنن و ڕزگارتان دەبێت، ئەگەر خوازیاری دونیا بن ئەوە خەسارەتمەندن.

١٠٩٨- ئەگەر پشت و پەناتان تەنیا خودای گەورە بێت ئەوە بە ئاواتەکانتان دەگەن، لێ ئەگەر پشتتان بە غەیری خودای گەورە قایم بوو ئەوە هیوا و ئاواتەکانتان خاپوور دەبن.



Scanned with CamScanner

١٠٩٩- ئەگەر ئارەزوومەندی دونیا بن ئەوە تەمەنتان لە شتێکدا بەفیڕۆ داوە، کە نە ئێوە بۆ ئەو دەمێننەوە و نە ئەویش بۆ ئێوە دەمێنێتەوە.

١١٠٠- ئەگەر لەسەر بەلا ئارامتان گرت، لە خۆشیدا سوپاسگوزار بوون و بە قەزا و قەدەری خودای گەورە ڕازیبوون، ئەوە ڕەزامەندی خودای گەورە بەدەست دێنن.

١١٠١- ئێوە بۆ ئاخیرەت درووستکراون نەوەک بۆ دونیا و بۆ مانەوە، بەڵکوو بۆ فەوتان.

١١٠٢- ئێوە لەسەر کردەوەکانتان پاداشت دەکرێن بۆیە تەنیا چاکە بکەن.

١١٠٣- ئێوە وەک سوارێکی وەستاون نازانن کەی فەرمانی ڕۆشتنتان پێ دەکرێت.

١١٠٤- بەرچاوڕوون ئەو کەسەیە کە گوێ دەگرێت، بیر دەکاتەوە و تەماشا دەکات، جا ورد دەبێتەوە و سوود لە ڕووداوەکان وەردەگرێت.

١١٠٥- نەزان ئەو کەسەیە کە دەبێتە دیلی داواکارییەکان.

١١٠٦- خاوەن بڕیار ئەو کەسەیە کە هەموو سەرقاڵییەکی لە دەروونی خۆیدایە و، هەموو پەژارەیەکی بۆ ئایینەکەیەتی و هەموو هەوڵێکی بۆ ئاخیرەتە.



Scanned with CamScanner

١١٠٧- بڕیاردان بریتییە لە گوێڕایەڵی خودای گەورە و سەرپێچی نەفس.

١١٠٨- نەرمونیانی واتە: سەرکوتکردنی تووڕەیی و زاڵبوون بەسەر نەفسدا.

١١٠٩- نەرمونیان کەسێکە ئەگەر ئازار درا ئارام دەگرێت و، ئەگەر ستەمی لێکرا لێبووردەیە.

١١١٠- دونیا تەڵەیە هەرکەس شارەزای نەبێت پێوە دەبێت.

١١١١- بەختەوەر کەسێکە کە لە سزا دەترسێت، ئومێدی بە پاداشت هەیە و چاکە دەکات، هەروەها تینوو و تامەزرۆی بەهەشتە.

١١١٢- ئابڕوو بە ئەقڵ و ئەدەبە، نەوەک بە پارە و بنەماڵە.

١١١٣- ئاقڵ کەسێکە کە پەند لە ئەزموونەکان وەردەگرێت.

١١١٤- بەخشندەیی وازهێنانە لە تاوان.

١١١٥- بەخشندەیی فڕێدانی هەوەسەکان و بەدەمەوەچوونی لێقەوماوە.

١١١٦- ژیر ئەو کەسەیە ئەگەر خراپەی کرد داوای لێخۆشبوون دەکات، جا ئەگەر تاوانیشی کرد پەشیمان دەبێتەوە.

١١١٧- شكۆمەند كەسێكە لە نەداریدا دەبەخشێت و لە هەل خۆش دەبێت.

١١١٨- مرۆڤ بەو شتە پاداشت دەكرێت كە ئەنجامی داوە و بەرەو ئەو شتە هەنگاو دەنێت كە پێشی خستووە.

١١١٩- ئـافرەت خۆشـگوزەرانییە هەركەس هێنـای بـا بیپارێزێت.

١١٢٠- خەڵكـی دوو بەشـن: شـوێنكەوتەی شـەریعەت و شوێنكەوتەی داهێنراوەكان (بیدعە).

١١٢١- خەڵكـی یـان مامۆسـتان یـان خوێنـدكار بـێجگە لە ئەمانە گەمژەكانن.

١١٢٢- سەرداری خەڵكی دونیا و ئاخیرەت بەخشندەكانن.

١١٢٣- تۆ خـاوەنی ئەو شـتەی كە پێشـت خسـتووە، ئەوەی بەجێت هێشتووە بۆ میراتگرەكانە.

١١٢٤- من دژایەتی خۆزگەكانم دەكەم و چاوەڕێی مەرگم.

١١٢٥- لە دونیـا ڕابكەن و دڵتـان وابەسـتەی دونیـا مەكەن، دونیـا زینـدانی بـاوەڕدارە، بەشـی تێیـدا كەمە و ئەقڵی تێیدا ماندووە و بینایی تێیدا لاوازە.

١١٢٦- ئەهلی قورئان ئەهل و نوخبەكانی خودای گەورەن.



Scanned with CamScanner

١١٢٧- وێرانکـارترین شـت گومـان و دوودڵـیـیە، باشـترین سەرمایەش خۆپارێزییە.

١١٢٨- سەرزەنشـتی نەفسـی خـۆت بـکە، کاتێک پەلکێشـت دەکات بۆ نافەرمانی خودای گەورە.

١١٢٩- پیرۆزتـــــرین بەش، قەنـــــاعەت و تەندروســــتی جەستەکانە.

١١٣٠- بێنرخترین شت لۆمەی نەزانەکانە.

١١٣١- پتەوترین پۆشاکی باوەڕ خۆشەویستی و ڕقلێبوونە لەبەر خاتری خودای گەورە.

١١٣٢- پێویسـترین زانسـت بـۆ تـۆ ئەوەیە کە بەرپرسـی لەوەی کاری پێ بکەیت.

١١٣٣- نابووترین ناشرینی لەخۆباییبوونە.

١١٣٤- ئەوانەی کە لە ئاخیرەتـدا بەشـیان زۆرە ئەوانەن کە لە دونیادا بەشیان کەمە.

١١٣٥- باشترین چاکە پەیوەندی خزمایەتییە.

١١٣٦- کاتەکـانی دونیـا ئەگەر دووردرێـژیش بـن هەر کورتن و خۆشییەکانیشی ئەگەر زۆر بن هەر کەمن.



Scanned with CamScanner

١١٣٧- کاتەکانی خۆشبەختی هەلن.

١١٣٨- سەرەتای دڵسۆزی نائومێد بوونە لەو شتانەی کە لەدەستی خەڵکیدان.

١١٣٩- سەرەتای بەندایەتی چاوەڕێکردنی خۆشییە بە هۆی ئارامگرتنەوە.

١١٤٠- سەرەتای مەردایەتی گوێڕایەڵی خودای گەورەیە و کۆتاییەکەشی پاککردنەوەی خودە لە کەموکوڕییەکان.

١١٤١- سەرەتای دانایی وازهێنانە لە ئارەزووەکان و کۆتاییەکەشی ڕقلێبوونە لە شتە کاتییەکان.

١١٤٢- سەرەتای هەوەسبازی ڕسواییە و کۆتاییەکەشی لەناوچوونە.

١١٤٣- سەرەتای گاڵتەوگەپ یارییە و کۆتاییەکەی شەڕە.

١١٤٤- سەرەتای مەردایەتی ڕووگەشییە و کۆتاییەکەشی چاکەکارییە لەگەڵ خەڵکیدا.

١١٤٥- لەپێشترینی خەڵکی بۆ ئەوەی ببەخشن، ئەوانەن کە خودای گەورە نیعمەتی زۆری پێ بەخشیون.

١١٤٦- هێورترین دوژمن لە ڕووی زیانەوە دوژمنی ئاشکرایە.



Scanned with CamScanner

١١٤٧- ئاگاداری خۆشویستنی دوژمنانی خودای گەورە بە و تەنیا لەگەڵ دۆستانی خودای گەورەدا بەسۆز بە، چونکە مرۆڤ لەگەڵ ئەو کەسەدا حەشر دەکرێت کە خۆشی دەوێت.

١١٤٨- خۆت لە نوکتە و قسەی پێکەنیناوی بەدوور بگرە، با گێڕانەوەی قسەی کەسانی تریش بێت.

١١٤٩- وریا بە سووکایەتی بە زانایان نەکەیت، چونکە ئەوە شوورەییە و دەبێتە جێگەی بەدگومانی.

١١٥٠- وریا بە تاوانی خەڵکی بە گەورە نەزانیت و تاوانی خۆت بە بچووک و، عیبادەتی خۆت بە گەورە نەزانیت و عیبادەتی خەڵکی بە بچووک.

١١٥١- ئاگاداری بەدگومانی بە، بەدگومانی بەندایەتی گەندەڵ و خراپە مەزن دەکات.

١١٥٢- ئاگادار بە پشت بە چاوچنۆک نەبەستیت، هەرکەس پشتی پێ ببەستێت بێ توێشوو سەر دەنێتەوە.

١١٥٣- وریا بە ئالوودەی تێرخۆری نەبیت، چونکە هۆکاری دەرد و نەخۆشییە.

١١٥٤- ئاگاداری لەخۆباییبوون و حەزکردن بە پیاهەڵدان بە، چونکە ئەمانە بەهێزترین داوی شەیتانن.



Scanned with CamScanner

١١٥٥- ئاگـاداری کـۆکردنەوە بە، چـونکە ئەوەی لەسـەرو قووتی ڕۆژانەتەوە کۆی دەکەیتەوە بۆ کەسانی ترە.

١١٥٦- ئاگادار بە متمـانە بە نەفسی خۆت نەکەیت، چونکە ئەوە گەورەترین داوی شەیتانە.

١١٥٧- ئاگات لە ستەم بێت چونکە ستەمکار بۆنی بەهەشت ناکات.

١١٥٨- ئاگات لە پەلەکردن بێت، چونکە ناونیشـانی نەمـان و پەشیمانییە.

١١٥٩- ئاگـات لە خـۆبەزلزانین بێـت، چـونکە گەورەتـرین تاوان و سەرچاوەی کەموکوورپییەکان و، پۆشاکی شەیتانە.

١١٦٠- ئاگـادار بە تاوانەکانـت ئاشـکرا مەکە، چـونکە ئەوە خراپترین تاوانە.

١١٦١- ئاگـات لە فێڵبـازی بێـت، چـونکە فێـڵ سـیفەتێکی نەخوازراوە.

١١٦٢- ماسـتاوچی مەبە، چـونکە مەراییکـردن سـیفەتی باوەڕدار نییە.

١١٦٣- وریـا بە کاتێـک چـاکەت کـرد مـنەت مەکە، چـونکە منەتکردن چاکەکان تێک دەدات.



Scanned with CamScanner

١١٦٤- ئاگاداری دووڕوویی بە، چونکە دووڕوو لە خزمەت خودای گەورەدا بێزێزە.

١١٦٥- زۆربلێ مەبە، چونکە هەرکەس قسە زۆر بکات تاوانیشی زۆرە.

١١٦٦- ئاگات لە هاوڕێیەتی کەسێک بێت کە سەرقاڵ و گومڕات بکات، بە ڕاستی ئەو لە خشتەت دەبات و تێکت دەشکێنێت..

١١٦٧- ئاگات لە قسەی بێمانا و قسەکردنی زۆر بێت، چونکە عەیبە شاراوەکانت دەردەخات و دوژمنە ئارامەکانت لێ هان دەدات.

١١٦٨- خۆت لە قسەی ناشرین بپارێزە، چونکە دڵەکان ڕەق دەکات.

١١٦٩- خۆت لە هاوەڵی خراپەکار بپارێزە، هەرکەس بە کردەوەی قەومێک ڕازی بێت ئەوە لەوانە.

١١٧٠- خۆت لە هاوەڵی درۆزن بپارێزە، چونکە دوورت بۆ نزیک دەکاتەوە و نزیکت بۆ دوور دەخاتەوە.

١١٧١- خۆت لە هاوڕێیەتی خراپەکاران بپارێزە، ئەوانە وەک ئاگرن، بە بەرکەوتنیان دەسووتێیت.



Scanned with CamScanner

١١٧٢- به بیرۆکەی باش متمانە بەهێز دەبێت.

١١٧٣- بە تەنگەوەچـوونی لێقەومـاو دەبێـتە پـارێزەر لە سزای خودای گەورە.

١١٧٤- خراپترین هەڵبژاردن گۆڕینەوەی شتی بەردەوامە بە شتی فەوتاو.

١١٧٥- خراپترین هەڵبژاردن ڕازیبوونە بە کەموکورتی.

١١٧٦- خراپترین ئامادەکاری سەپاندنی ڕای خۆتە.

١١٧٧- خراپترین دراوسێ دراوسێی خراپەکارە.

١١٧٨- خراپترین ڕەوشت ئیرەییە.

١١٧٩- خراپترین دەرد بێئەقڵییە.

١١٨٠- خراپترین زەخیرە کرداری نابەجێیە.

١١٨١- خراپترین مرۆڤ ئەوەیە دینەکەی خۆی بە دونیای خەڵکی تر بفرۆشێت.

١١٨٢- خراپترین هاوەڵ تەماعە.

١١٨٣- خراپترین هاوەڵ حەسوودییە.



Scanned with CamScanner

١١٨٤- خراپترین توێشوو بۆ ئاخیرەت دوژمنایەتیکردنی بەندەکانە.

١١٨٥- خراپترین سیفەت ڕق و قینە.

١١٨٦- خراپترین کۆشش ناکۆکی خستنە نێوان دوو خۆشەویستە.

١١٨٧- خراپترین سیاسەت ستەمە.

١١٨٨- خراپترین سیفەت قسە هێنان و بردنە.

١١٨٩- خراپترین هاوڕێ پاشاکانن.

١١٩٠- خراپترین خواردن، خواردنی حەرامە.

١١٩١- خراپترین ستەم ستەمە لە کەسێک کە خۆی ڕادەست کردووە.

١١٩٢- خراپترین نەریت خۆهەڵقورتاندنە.

١١٩٣- خراپترین کردەوە تاوانە.

١١٩٤- خراپترین دوژمن خەوە، کە تەمەن و پاداشتی زۆر بەفیڕۆ دەدات.

١١٩٥- خراپترین هاوەڵ نەزانییە.



Scanned with CamScanner

١١٩٦- خراپتـرین هـاوەڵ تـوورەییە کە کەموکوورییەکـان دەردەخات، خراپە نزیک دەکاتەوە و چاکە دوور دەخاتەوە.

١١٩٧- خراپترین ڕۆزی خواردنی ماڵی هەتیوە.

١١٩٨- خراپترین کەسابەت مامەڵەی حەرامە.

١١٩٩- خراپترین قسە درۆکردنە.

١٢٠٠- خراپترین بنەما بێئەدەبییە.

١٢٠١- خراپترین ڕووخسار بێئابڕووییە.

١٢٠٢- خراپترین هاوەڵی ئایین تەماعە.

١٢٠٣- خراپترین هاوەڵی خۆپارێزی تێرییە.

١٢٠٤- خراپترین ماڵ دونیایە.

١٢٠٥- خراپترین ملوانکە ملوانکەی تاوانە.

١٢٠٦- خراپترین ملوانکە ملوانکەی قەرزە.

١٢٠٧- لە چاکەکاریـدا پەلە بـکە، چـونکە کـردەوەی چـاکە هەلە.

١٢٠٨- لە گوێڕایەڵیدا پەلە بکە خۆشبەخت دەبیت.



Scanned with CamScanner

١٢٠٩- له هەڵەکاندا پەلە بکە پێش ئەوەی خەمبار بیت.

١٢١٠- له لاویەتی و تەندروستیدا پەلە بکە پێش ئەوەی پیر بیت و نەخۆش بکەیت.

١٢١١- له ژیـــان و دەوڵەمەندیـــدا پەلە بـــکە پـــێش ئەوەی بمریت و هەژار بیت.

١٢١٢- له کردەوەدا پەلە بکەن، خۆزگەکان بە درۆ بزانن و سەرنجی مردن بدەن.

١٢١٣- له مردن و ناڕەحەتییەکانیدا پەلە بکەن و خۆتانی بۆ ئامادە بکەن، پێش ئەوەی بگاتە سەرتان.

١٢١٤- ئەی بەنـــدەی خـــودا پەلە مەکە له عەیبـــدارکردنی بەندەیەکی تاوانباردا، لەوانەیە خودای گەورە لێی ببووریت، دڵنیـــاش مەبە له تـــاوانە بچووکەکـــانی خـــۆت، لەوانەیە بە هۆیانە سزا بدرێیت.

١٢١٥- پەلە بکەن له کردەوەی چاکەدا، هەناسەکان کۆتاییان دێت و ڕۆحەکان دەردەچن.

١٢١٦- پەلە بکەن پێش ئەوەی نادیاری چاوەڕوانکراو بێت که مردنە.



Scanned with CamScanner

١٢١٧- پەلە بکەن هەتا جەستەکان تەندروستن، زمانەکان قسە دەکەن و تەوبە بیستراوە و، کردەوەکان وەرگیراون.

١٢١٨- پەلە بکەن پێش ئەوەی تەنگەتاو ببن و دونیاتان لێ بێتەیەک.

١٢١٩- پەلە بکەن بەرەکەت لە دەستپێشخەریدایە، ڕاوێژ بکەن سەرکەوتن لە ڕاوێژکردندایە.

١٢٢٠- بە بیرۆکەی باش و بە نەرمونیانی خەڵکی دەبنە پشت و پەنات.

١٢٢١- بە کردەوەی چاکە پلەکان بەرز دەبنەوە.

١٢٢٢- بە تەماع مرۆڤ سووک و ڕسوا دەبێت.

١٢٢٣- بە چاکەکاری گەردنەکان کەچ دەبن.

١٢٢٤- بە چاکەکاری تاوانەکان پەردەپۆش دەبن.

١٢٢٥- بە چاکەکاری دڵەکان بەدەست دێن.

١٢٢٦- بە چاکەکاری مرۆڤ بەندایەتی دەکات.

١٢٢٧- بە هۆی دڵسۆزییەوە کردەوەکان بەرز دەبنەوە.

١٢٢٨- بە مەزنایەتی عەیبەکان پەردەپۆش دەکرێن.



Scanned with CamScanner

١٢٢٩- بە ڕووبەڕووبوونەوە ڕۆژە سەختەکان تێدەپەڕن.

١٢٣٠- بە باوەڕ ڕزگاربوون دێتە ئاراوە.

١٢٣١- بە باوەڕ بەرز دەبیتەوە بۆ لووتکەی بەختەوەری و، ئەوپەڕی خۆشگوزەرانی.

١٢٣٢- خۆت لە دانیشتنی سەرڕێگە و ناوبازاڕ بپارێزە، چونکە شوێنی فیتنەیە و مەنزڵی شەیتانە.

١٢٣٣- خۆت لە هاوڕێیەتی ئەو کەسانە بپارێزە کە بە دوای عەیبوعاری خەڵکدا دەگەڕێن، چونکە تەنانەت هاوڕێش لێیان پارێزراو نییە.

١٢٣٤- ئاگات لە زۆرخۆری بێت، چونکە دڵ ڕەق دەکات و سستی دەخاتە نوێژکردنەوە و جەستە نەخۆش دەخات.

١٢٣٥- خۆتان لە دەستەی موسڵمانان جیا مەکەنەوە، چونکە دابڕاو لە ئەهلی حەق خۆراکی شەیتانە، هەروەک چۆن دابڕاو لە ڕان خۆراکی گورگە.

١٢٣٦- ئاگادار بن هەوەس زاڵ نەبێت بەسەرتاندا، چونکە سەرەتاکەی فیتنەیە و کۆتاییەکەشی نەهامەتییە.

١٢٣٧- ئەزموونەکان بەکەڵکن بۆ ڕۆژگارەکان.

١٢٣٨- ڕۆژگارەکان نهێنییە شاراوەکان ئاشکرا دەکەن.



Scanned with CamScanner

١٢٣٩- خۆنەویستی باشترین چاکەیە و بەرزترین پلەی باوەڕە.

١٢٤٠- خۆنەویستی ڕەوشتی پیاوچاکان و سیفەتی نوخبەکانە.

١٢٤١- دڵنیا بە و سەرکەوتوو بە.

١٢٤٢- باوەڕ درەختێکە ڕەگەکانی دڵنیاییە و چڵەکانی لە خواترسانە و گوڵەکانی ئابڕووە و بەرهەمەکەی بەخشندەییە.

١٢٤٣- باوەڕ و کردەوە دوو برای دووانە و دوو هاوڕێن، کە لە یەکتر جیا نابنەوە و خودای گەورە یەکێکیان بە بێ ئەوی تریان وەرناگرێت.

١٢٤٤- کوان لەخۆباییەکان و نەوەکانیان.

١٢٤٥- کوان ئەوانەی دەیانگوت: کێ لە ئێمە بەهێزتر و دەوڵەمەندترە.

١٢٤٦- کوان ئەوانەی سوپاکانیان تێک دەشکاند و لایەنگرانیان بە هەزار بەڕێ دەکەوتن.

١٢٤٧- کوان کیسرا و قەیسەر و توبەع و حیمیەر.



Scanned with CamScanner

١٢٤٨- كـــوان ئەوانەی تەمەنیـــان لە ئێـــوە درێژتـــر و شوێنەواریان گەورەتر بوو.

١٢٤٩- بە گریان لە ترسی خودای گەورە گوناهەکان پاک دەبنەوە.

١٢٥٠- بە ئارامگرتن هۆکار و داواکارییەکان ئاسان دەبن.

١٢٥١- بە مانـــدووبوونی زۆر پـــلەی بەرز و ئاســـوودەیی هەتاهەتایی بەدەست دێت.

١٢٥٢- برایەتـــی ئەگەر لەبەر خـــاتری خـــودای گەورە بێـــت بەرهەمی دەبێت.

١٢٥٣- بە خۆبەکەمزانی بەرز دەبیتەوە.

١٢٥٤- کەمتەرخەمی هەل لەدەستدانە.

١٢٥٥- بە تەوبەکردن تاوانەکان دەسڕێنەوە.

١٢٥٦- بە نەزانی هەموو خراپەیەک هەڵدەگیرسێت.

١٢٥٧- بە بەخشندەیی مرۆڤەکان گەورە دەبن.

١٢٥٨- بە بەخشندەیی شکۆ بنیاد دەنرێت و سوپاسگوزاری بەدەست دێت.

١٢٥٩- بە هۆی دانایییەوە پۆشاکی زانست دەردەکەوێت.



Scanned with CamScanner

١٢٦٠- بە نەرمونیانی پشتیوانان زۆر دەبن.

١٢٦٠- بە هۆی نزاوە دەرد و بەلا نامێنێت.

١٢٦٢- بە هــــۆی ڕازیبـــوون لە نەفــس خـــراپە و کەموکورتییەکان دەردەکەون.

١٢٦٣- بەهۆی ڕازیبوون بە قەزا و قەدەری خودای گەورە دڵنیایی باش بەدەست دێنیت.

١٢٦٤- بە هۆی نەرمونیانییەوە هاوڕێیەتی بەردەوام دەبێت.

١٢٦٥- بە بەخشندەیی کردەوەکان ڕازاوە دەبن.

١٢٦٦- بە تەندروستی باش خۆشییەکان کامڵ دەبن.

١٢٦٧- بە ڕاستگۆیی گوتەکان دەڕازێنەوە.

١٢٦٨- بە ڕاستگۆیی و وەفا دەبیتە کەسێکی پێگەیشتووی تەواو بۆ خێزانەکەت.

١٢٦٩- بە بێدەنگی شکۆمەندی زیاتر بەدەست دێنیت.

١٢٧٠- بە گوێڕایەڵی لە دۆستانی خودا لە بەهەشت نزیک دەبیتەوە.

١٢٧١- بە ستەمکردن نیعمەتەکان لەناو دەچن.



Scanned with CamScanner

١٢٧٢- به تەندروستی باشەوە ژیان چێژی هەیە.

١٢٧٣- بە دادپەروەری بەرەکەتەکان دەبنە دوو هێندە.

١٢٧٤- بە لادان لە حەق گومڕایی دێتە ئاراوە.

١٢٧٥- بە هۆی لێبووردەییەوە ڕەحمەت دەبارێت.

١٢٧٦- بە هۆی ئەقڵەوە دەبێتە خاوەنی هەموو چاکەکان.

١٢٧٧- بە هۆی ئەقڵەوە نەفسەکان کامڵ دەبن.

١٢٧٨- بە هۆی ئەقڵەکانەوە دەگەیتە ئەوپەڕی زانیارییەکان.

١٢٧٩- بە هۆی زانستەوە دەگەیتە پلەی نەرمونیانی.

١٢٨٠- بە هۆی زانستەوە دانایی دەناسرێت.

١٢٨١- بە هۆی زاستەوە ژیان بەرپا دەبێت.

١٢٨٢- بە هۆی زانستەوە خوارییەکان ڕاست دەبنەوە.

١٢٨٣- بە کـــردەوە بەهەشـــت بەدەســـت دێـــت نەوەک بە خۆزگە.

١٢٨٤- بە کـــردەوە پاداشـــت بەدەســـت دێـــت نەوەک بە تەنبەڵی.



Scanned with CamScanner

١٢٨٥- بە لێبووردەیی شکۆمەند دەبیت.

١٢٨٦- بە هۆی بیرکردنەوەوە فێری نەزانراوەکان دەبیت.

١٢٨٧- دووڕووەکان بە درۆ خۆیان دەڕازێننەوە.

١٢٨٨- بەهەشت بە زەحمەت بەدەست دێت.

١٢٨٩- بێئاگایی بە ئامۆژگاری دەڕەوێتەوە.

١٢٩٠- بە هۆی ویژدانەوە هاوڕێیەتی بەردەوام دەبێت.

١٢٩١- بەندایەتی تەواو ئەوەیە کە هیچ گومانێکی تێدا نەبێت.

١٢٩٢- بە هۆی بەخشینی ڕەحمەتەوە ڕەحمەت دەبارێت.

١٢٩٣- بە بەخشینی نیعمەت، نیعمەت بەردەوام دەبێت.

١٢٩٤- بە خۆپاریزی لە خراپەکاری لە سزا ڕزگارت دەبێت.

١٢٩٥- بە وازهێنان لەو شتانەی کە پەیوەندی بە تووە نییە ئەقلت کامڵ دەبێت.

١٢٩٦- بە چەند جار بیرکردنەوە ئەنجامەکان باشتر دەبن.

١٢٩٧- بە هۆی مامەڵەی جوانەوە هاوڕێت زۆر دەبێت.



Scanned with CamScanner

١٢٩٨- به هـۆی كـردەوەی جـوانەوە بەرهەمـی زانسـت دەدوورێتەوە، نەوەک بە قسەی لووس.

١٢٩٩- بە هۆی نیازی باشەوە داواكارییەكان سەردەكەون.

١٣٠٠- بە شـاندانە بەر و مانـدووبوون كارەكـان ڕێـک دەخرێن.

١٣٠١- بەخیلی لە دەركردنـی زەكاتـدا كە خـودای گەورە لە سەروەت و ساماندا فەرزی كردووە نابوودترین بەخیلییە.

١٣٠٢- بەخیلی بەو شتانەی كە هەیە، بەدگومانییە بەرانبەر بە پەرستراو.

١٣٠٣- بەخیلی هەژارییە.

١٣٠٤- بەخیلی خاوەنەكەی ڕسوا دەكات و بەرانبەرەكەی شكۆمەند.

١٣٠٥- بەخیلی هۆكاری چوونە ناو ئاگر و شوورەییە.

١٣٠٦- بەخیل لە دونیادا بێزراو و لە ئاخیرەتیشدا سزادرا و لۆمەكراوە.

١٣٠٧- بە هۆی گومانی بەردەوامەوە، هاوەڵدانان بۆ خودا دێتە ئاراوە.



Scanned with CamScanner

١٣٠٨- به هـۆی بەردەوامبـوون لە یـادی خـودای گەورە بێئاگایی دەڕەوێتەوە.

١٣٠٩- بەخشینی ماڵ، زەکاتی نیعمەتەکانە.

١٣١٠- بەخشینی زانیاری، زەکاتی زانستە.

١٣١١- ڕوودان بە کەسی پڕوپووچ مردنی گەورەیە.

١٣١٢- چاکەکردن لەگەڵ دایک و باوکدا گەورەترین فەرزە.

١٣١٣- بەرەکەتی تەمەن لە کردەوەی چاکەدایە.

١٣١٤- بەرەکەتی ماڵ لە بەخشیندایە.

١٣١٥- بە هـۆی سـواربوونی شـەپۆلە ترسـناکەکانەوە سەروەت و سامان پەیدا دەکرێت.

١٣١٦- لەگەڵ دایـک و باوکتـان بـاش بـن بـا منـداڵەکانتان لەگەڵتاندا باش بن.

١٣١٧- بێتاوان ئازا و چاونەترسە.

١٣١٨- بێتاوان ساغە و کەسی بەگوماناویش نەخۆشە.

١٣١٩- ڕووخۆشی چاکەیە.

١٣٢٠- ڕووخۆشی پەیوەندی سۆز و خۆشەویستییە.



Scanned with CamScanner

١٣٢١- ڕووگەشی سەرەتای بنیادنانە بە بێ تێچوون.

١٣٢٢- ڕووگەشـــی تـــابلۆیەکی ڕوونـــاک و ســـیفەتێکی پرشنگدارە.

١٣٢٣- ڕووگەشـی سـەرەتای چاکەیە و، پەیمـان سـەرەتای بەخشینە.

١٣٢٤- ورگی مرۆڤ دوژمنیەتی.

١٣٢٥- بە دووربـوون لە گەمـژە باشـترە لەوەی لێی نزیـک بێت، بێدەنگییەکەی باشترە لە قسەکردنی. ١٣٢٦- بە لۆژیکی جوان شکۆمەندی دەستەبەر دەبێت.

١٣٢٧- بە زاڵبوون بەسەر دابونەریتەکاندا دەگەیتە باشترین پێگەکان.

١٣٢٨- مانەوەت بۆ نەمانە و نەمانیشت بۆ مانەوەیە.

١٣٢٩- بە ئەنـدازەی گەورەیـی فیتـنە خەم و پەژارەکـان دووبارە دەبنەوە.

١٣٣٠- گریان لە ترسی خودای گەورە کلیلی ڕەحمەتە.

١٣٣١- بە گریمـــانە و پێشـــبینی زۆر کەســـی دانـــا دەناسرێتەوە.



Scanned with CamScanner

١٣٣٢- کەسی ڕاستگۆ بە ڕاستگۆییەکەی بەو شتە دەگات
کە کەسی درۆزن بە فڕوفێڵەکانی پێی ناگات.

١٣٣٣- نەهامەتی مرۆڤ لە زمانیدایە.

١٣٣٤- نەهامەتی مرۆڤ بە ئەندازەی باوەڕ و ئایینەکەیەتی.

١٣٣٥- نەهامەتی دوابەدوای خۆشگوزەرانی دێت.

١٣٣٦- ڕەوانبێـژی ئەوەیە وەڵام بـدەیتەوە و دوانەکەیـت،
ڕاست بڵێیت و هەڵە نەکەیت.

١٣٣٧- ڕەوانبێـژی ئەوەیە بـۆ گـوتن ئاسـان بێـت و بـۆ
تێگەشتن سووک.

١٣٣٨- خەڵکی بە زانست و ئەقڵ گەورە دەبن، نەوەک بە
پارە و بنەماڵە.

١٣٣٩- ئەوەی کە دەفەوتێـت بیفرۆشـن بەوەی کە
دەمێنێتەوە، زەحمەتییەکانی دونیا بگۆڕنەوە بە نیعمەتەکانی
ئاخیرەت.

١٣٤٠- لەنێـوان ئێـوە و ئامۆژگاریـدا پەردەی نائاگـایی و
بێهۆشی هەیە.

١٣٤١- دواخستنی کار نیشانەی تەنبەڵییە.



Scanned with CamScanner

١٣٤٢- خۆت لەسەر برسیەتی ڕابێنە و، خۆت بە قەناعەت بڕازێنەوە.

١٣٤٣- تێڕامان لە عەیبە خۆی عەیبەیە.

١٣٤٤- ئومێدی خەڵکی بە چاکەی تۆ، لەوە باشترە ترسیان لە خراپەی تۆ هەبێت.

١٣٤٥- لەسەرخۆیی لە کاردا سوپاسکراوە، تەنیا لە هەلی چاکەدا نەبێت.

١٣٤٦- تاجی مرۆڤ داوێنپاکییە و جوانییەکەی ویژدانیەتی.

١٣٤٧- تاجی پادشا دادپەروەرییە.

١٣٤٨- ئەو کەسەی کە واز لە ئامادەکاری بۆ مردن و دەستکەوتنی چاکە دێنێت، بێئاگایە لە هێرشی مەرگ.

١٣٤٩- ئیسلام پێویستی بە باوەڕە، باوەڕ پێویستی بە دڵنیاییە، زانست پێویستی بە کردارە.

١٣٥٠- پەلە بکەن لە چاکەکاریدا و پێشبڕکێ بکەن لە ڕاستگۆیی و بەخشینی ماڵدا.

١٣٥١- شانازیکردن بە تاوانەوە لە کردنی تاوانەکە نابوودترە.



Scanned with CamScanner

١٣٥٢- زیادەڕەوی نیشانەی هەژارییە.

١٣٥٣- زیادەڕەوی هاوەڵی مایەپووچییە.

١٣٥٤- گەڕان بەدوای عەیبی خەڵکیدا نابووترین عەیبە و خراپترین تاوانە.

١٣٥٥- بیرکردنەوە لە گوتەکانت لە هەڵە و خلیسکان دەتپارێزێت.

١٣٥٦- بازرگانە ڕاستەقینەکان متمانەپێکراوانی خودای گەورەن.

١٣٥٧- ئەزموونەکان کۆتاییان نایەت، ئاقڵ بەردەوام کەڵکیان لێ وەردەگرێت.

١٣٥٨- خۆت لە تاوان بپارێزە و هەڵەکانت کەم بکەرەوە، دەبیتە کەسێکی پایەبەرز.

١٣٥٩- لەزەتی نەرمونیانی ئاگری تووڕەیی خامۆش دەکات.

١٣٦٠- خۆت بە ئارامگرتن و دڵنیایی بڕازێنەوە چونکە باشترین توێشوون، لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا.

١٣٦١- پاکوخاوێنی لە ڕەفتاری باوەڕدارانە.



Scanned with CamScanner

١٣٦٢- خۆبرسیکردن باشترین دەرمانە.

١٣٦٣- خۆت لە لای خودای گەورە خۆشەویست بکە، بە ئارەزووکردنی ئەو شتانەی کە هەیەتی.

١٣٦٤- خۆت لە لای خەڵکی خۆشەویست بکە، بە خۆپارێزی لەو شتانەی کە هەیانە، براوە دەبیت و دەبیتە خۆشەویستیان.

١٣٦٥- ڕەزامەندی خودای گەورە بەدەست بێنە، بە ڕازیبوونت بە قەزا و قەدەرەکەی.

١٣٦٦- ئارام بگرە پێگەت بەرز دەبێتەوە.

١٣٦٧- لە ئایەتەکانی قورئان تێڕامێنن و پەندیان لێ وەربگرن چونکە باشترین ئامۆژگارین.

١٣٦٨- وازهێنان لە تاوان زەحمەتە، لەوە زەحمەتتر وازهێنانە لە بەهەشت.

١٣٦٩- وازهێنان لە ئارەزووەکان باشترین خواپەرستی و جوانترین دابونەریتە.

١٣٧٠- وەڵام نەدانەوەی بێئەقڵ پاراوترین وەڵامە.

١٣٧٠- ڕێکخستنی کار زەحمەتترە لە کردنی کارەکە.



Scanned with CamScanner

١٣٧٢- هاریکاری بۆ سەرخستنی گومڕایی، لۆمە و خیانەتە.

١٣٧٣- هاریکاری بۆ بەرقەراربوونی ڕاستی، متمانە و دینداریيە.

١٣٧٤- پەلەکردن لە تێگەشتندا چاکسازییە.

١٣٧٥- پەلەکردن لە چاکەکاریدا فراوانکردنی چاکەیە.

١٣٧٦- گەمژەیی مرۆڤ لە سێ شتدایە: قسەکردن لەبارەی شتێکەوە کە پەیوەندی بەوەوە نەبێت، وەڵامدانەوەی شتێک کە پرسیاری لێ نەکرابێت، کەمتەرخەمی لە کاروبارەکانیدا.

١٣٧٧- ئەو شتە فێر ببە کە نایزانیت و، ئەوەشی کە دەیزانیت فێری کەسانی تر بکە. ئەگەر وا بکەیت کەسێکی سوودبەخشیت.

١٣٧٨- زانست فێر ببن لەگەڵ فێربوونی زانستدا هێمنی و ئارامیش فێر دەبن، بە ڕاستی زانست هاوەڵی بڕوادارە و هێمنی و ئارامیش وەزیریەتی.

١٣٧٩- قورئان فێر ببن، چونکە قورئان بەهاری دڵانە، بە ڕووناکییەکەی چارەسەر وەربگرن، چونکە چارەسەرە بۆ دڵ و دەروونەکان.

١٣٨٠- گەشبین بە، بە چاکە سەر دەکەویت.



Scanned with CamScanner

١٣٨١- زیادەڕەوی نەهامەتییە بۆ کەسی بەتوانا.

١٣٨٢- بەڕێز بە خزمەت دەکرێت، فێر ببە پێش دەکەویت.

١٣٨٣- تێڕامـــان لە نیشـــانەکانی خـــودای گەورە باشـــترین بەندایەتییە.

١٣٨٤- تێڕامان لە گەورەیی ئاسمانەکان و زەوی بەندایەتی دڵسۆزەکانە.

١٣٨٥- بیرکردنەوە بەسـوودە بـۆ بەرچاوڕوونی، سـەنگ و قورساییت پێ دەبەخشێت.

١٣٨٦- بە داواکـردن لە خـودای گەورە نزیـک بەرەوە، بەڵام بە داوانەکردن لە خەڵکی نزیک بەرەوە.

١٣٨٧- بە سـوجدە، کڕنـوش و ملکەچـی لە خـودای گەورە نزیک بەرەوە.

١٣٨٨- نزیکبوونەوەی بەندە لە خودای گەورە بە نیازپاکییە.

١٣٨٩- کەمتەرخەمـــی لە کـــاردا بـــۆ کەســـێک متمـــانەی بە پاداشت هەیە فێڵبازییە.

١٣٩٠- لە خـــوا ترســـان پتەوتـــرین هۆکـــارە لەنێـــوان تـــۆ و خودای گەورەدا ئەگەر لە دڵتا هەبێت و، پارێزەرە لە سزای بە سۆ.



Scanned with CamScanner

١٣٩١- له خوا ترسان بههێزترین بناغهیه.

١٣٩٢- له خوا ترسان ئهوهیه مرۆڤ خۆی له ههموو تاوانێک بپارێزێت.

١٣٩٣- له خوا ترسان قهڵایهکی پتهوه بۆ کهسێک پهنای بۆ ببات.

١٣٩٤- له خوا ترسان باشترین توێشووه.

١٣٩٥- له خوا ترسان لووتکهی ڕهفتار و چاکهکانه.

١٣٩٦- له خوا ترسان کلیلی چاکسازییه.

١٣٩٧- ترسی بڕوادار له دڵیدایه و تهوبهکهی له ددانپێداناندایه.

١٣٩٨- خۆبهزلزانینت به هۆی شتێکهوه که بۆت نامێنێتهوه و تۆش بۆ ئهو نامێنیتهوه، گهورهترین نهزانییه.

١٣٩٩- بهڕێز به، ڕێزت دهگیرێت.

١٤٠٠- ڕێزگرتن لهگهڵ منهتکردندا لۆمهیه.

١٤٠١- قسه بکهن دهناسرێن، چونکه مرۆڤ لهژێر زمانیدا شاردراوهتهوه.

١٤٠٢- چاکهی تهواو ئهوهیه منهتی تێدا نهبێت.



Scanned with CamScanner

١٤٠٣- كردەوەی تەواو ئەوەیە تا کۆتایی لەگەڵی برۆیت.

١٤٠٤- دەست بەو هاوڕێیەوە بگرە کە لە کاتی تەنگانەدا بەسوودە.

١٤٠٥- دەست بە خواپەرستییەوە بگرە سەرفراز دەبیت.

١٤٠٦- جیاکردنەوەی ئەو شتانەی دەمێننەوە و ئەو شتانەی لەناو دەچن بەنرخترین تێڕوانینە.

١٤٠٧- خراپەی براکانت لە بیر بکە و چاکەکانیان لە بەرچاو بگرە.

١٤٠٨- لە ڕەوشتبەرزی، خەونی گەورە و مەترسی مەزندا پێشبڕکێ بکەن جا پاداشتی زۆر بەدەست دێنن.

١٤٠٩- بە ئەندازەی نەهامەتی پاداشت وەردەگریت.

١٤١٠- بە کەمتەماشاکردنی تاوان لە کردنی تاوانەکە گەورەترە.

١٤١١- خۆبەکەمزانین بەرهەمی زانستە.

١٤١٢- خۆبەکەمزانی لووتکەی ئەقڵە و خۆبەزلزانی ئەوپەڕی نەفامییە.



Scanned with CamScanner

١٤١٣- تەوبە دڵەکـــان پـــاکژ دەکـــاتەوە و تاوانەکـــان دەسرێتەوە.

١٤١٤- تەوبە بریتییە لە پەشیمانی بە دڵ، داوای لێبووردن بە زمـــان و وازهێنـــان بە ئەنـــدامەکان و، بڕیـــار لەســـەر نەگەڕانەوە بۆ ئەو تاوانە.

١٤١٥- یەکتاپەرستی بریتییە لەوەی هیچ گومانێکت نەبێت.

١٤١٦- یەکتاپەرستی ژینی دەروونە.

١٤١٧- بەسۆزبوون لەگەڵ خەڵکیدا لووتکەی ئەقڵە.

١٤١٨- پێشبینیکردنی خۆشی یەکێکە لە ئاسوودەییەکان.

١٤١٩- پشتبەســـتن بە خـــودای گەورە باشـــترین کـــار و پتەوترین پایە و، بەهێزترین دڵنیاییە.

١٤٢٠- کـار ئاسـانی بـۆ سـەفەرەکەت بـکە، چـرای ڕزگـاری داگیرسێنە و بە سوارێکی ئامادەوە بەڕێ بکەوە.

١٤٢١- ئاپینزانی نیعمەتە بۆ ئەو کەسەی پێی دراوە.

١٤٢٢- سەروەتی نەزان لە پارە و خۆزگەدایە.

١٤٢٣- سەروەتی ئاقڵ لە زانست و کردەوەدایە.



Scanned with CamScanner

١٤٢٤- سێ شت هۆکاری ڕزگاربوونن: پابەندبوون بە ڕاستییەوە، خۆپاراستن لە گومڕایی و هەوڵدانی تەواو.

١٤٢٥- شەرم لە سێ شت ناکرێت: خزمەتکردنی میوان، هەستان لەبەر باوک و مامۆستا، داواکردنی حەق با کەمیش بێت.

١٤٢٦- سێ شت گەورەترین نەهامەتین: خێزانی زۆر، قەرزاری، نەخۆشی بەردەوام.

١٤٢٧- سێ شت هەیە لە هەرکەسدا هەبن خێری دونیا و ئاخیرەتی بەدەست هێناوە: ڕازیبوون بە قەزا و قەدەر، ئارامگرتن لەسەر نەهامەتی، سوپاسگوزاری لە کاتی خۆشیدا.

١٤٢٨- سێ شت هەیە لە هەرکەسدا هەبن باوەڕداری ڕاستەقینەیە: ئەقڵ، زانست، نەرمونیانی.

١٤٢٩- سێ شت خەزێنەی باوەڕن: شاردنەوەی نەهامەتی، خێرکردن، نەخۆشی.

١٤٣٠- سێ شت لەناوبەرن: گوێڕایەڵی ژن، گوێڕایەڵی تووڕەیی، گوێڕایەڵی هەوەس.

١٤٣١- سێ شت تەواوکەری دینن: دڵسۆزی، دڵنیایی، ڕازیبوون.



Scanned with CamScanner

١٤٣٢- سێ شت ئەقڵی مرۆڤی پێ تاقی دەکرێتەوە: پارە، دەسەلات، نەهامەتی.

١٤٣٣- سێ شت هەڕەشەن بۆ هێز و توانا: لەدەستدانی خۆشەویست، هەژاری لە غەریبیدا، نەهامەتی بەردەوام.

١٤٣٤- سێ شت خۆشەویستی بەرهەم دێنن: ڕەفتاری جوان، نەرمونیانی، خۆبەکەمزانی.

١٤٣٥- سێ شت سووتێنەرن: هەژاری دوای دەوڵەمەندی، زەلیلی دوای شکۆمەندی، لەدەستدانی خۆشەویستان.

١٤٣٦- سێ شت کۆکەرەوەی دینن: داوێنپاکی، خۆپارێزی، ئابڕوو (حەیا).

١٤٣٧- سێ شت جوانی بڕوادارن: ترسان لە خودا، ڕاستگۆیی، ئەمانەتپارێزی.

١٤٣٨- پاداشتی دواڕۆژ زەحمەتییەکانی دونیات لە بیر دەباتەوە.

١٤٣٩- بەرهەمی ئەقڵ ڕاستگۆییە.

١٤٤٠- بەرهەمی ئەقڵ هاوڕێیەتی نوخبەکانە.

١٤٤١- بەرهەمی زانست دڵسۆزییە لە کارکردندا.



Scanned with CamScanner

١٤٤٢- هاونشینی زاناکان بە زانستت زۆر و ئەدەبت جوان و، نەفست خاوێن دەبێت.

١٤٤٣- هاونشینی هەژاران بە سوپاسگوزاریت زۆر دەبێت.

١٤٤٤- نەزان بەردێکە ئاوی لێ نایەت، درەختێکە چڵەکانی سەوز نابن و، زەوییەکە گیای لێ شین نابێ.

١٤٤٥- نەزان بێئاگـــایە لە کەموکورتییەکـــانی خـــۆی و ئامۆژگاریش وەرناگرێت.

١٤٤٦- نەزان مردووی نێو زیندووانە.

١٤٤٧- نەزان پشت بە خۆزگە دەبەستێت و کەمتەرخەمە لە کارەکانیدا.

١٤٤٨- چەلەحانێ لە دیندا دڵنیایی لەناو دەبات.

١٤٤٩- گوتەی جوان بەڵگەی ژیرییە.

١٤٥٠- برسیەتی لە زەلیلی باشترە.

١٤٥١- خۆشەویستی پارە خۆزگەکان بەهێز و، کردەوەکان گەندەڵ دەکات.

١٤٥٢- هەموو نزایەک گیرا نابێت.



Scanned with CamScanner

١٤٥٣- مردنی پیاوچاک ئاسوودەییە بۆ خۆی، بەلام مردنی خراپەکار ئاسوودەییە بۆ خەڵکی.

١٤٥٤- بەردەوامبـــوونی نیعمەتەکـــان لە پەیوەنـــدی خزمایەتیدایە.

١٤٥٥- پیشە و کاری دەست لەگەڵ داوێنپاکیدا باشترە، لە دەوڵەمەندیەک لەگەڵ خراپەکاریدا.

١٤٥٦- خەم و پەژارە جەستە وێران دەکەن.

١٤٥٧- نرخـــی مـــرۆڤ زانســـتەکەیەتی و جـــوانییەکەی ئەقڵیەتی.

١٤٥٨- بێئەقڵی دەردی بێدەرمانە.

١٤٥٩- ترسنۆک ژیانی نییە.

١٤٦٠- نووسین زمانی دەستەکانە.

١٤٦١- کاتێک دڵ خاڵی بوو لە ترسی خودا، ئیتر پڕ دەبێت لە فیتنەی دونیا.

١٤٦٢- پێـــنج ســـیفەت لە پێـــنج کەســـدا زۆر نـــابوون: شانازیکردن لە زانایاندا، چاوچنۆکی لە دانایاندا، چرووکی لە دەوڵەمەندەکاندا، بێشـەرمی لە ئافرەتاندا، داوێنپیسـی لە پیرەکاندا.



Scanned with CamScanner

١٤٦٣- باشترینی هەموو شتەکان تازەکانن، بەلام باشترین هاوڕێ، کۆنەکانن.

١٤٦٤- باشترین سەروەت کە باوان بۆ منداڵەکانیان بەجێی دێڵن ئەدەبە.

١٤٦٥- باشترین کەس بۆ هاوڕێیەتی زانا و داناکانن.

١٤٦٦- باشترین کەس بۆ هاوڕێیەتی ئەوەیە ئاخیرەتت بیر دەخاتەوە، لە دونیا دەتپارێزێت و لە گوێڕایەڵی خودای گەورەدا پشتیوانیت دەکات.

١٤٦٧- بانگبێژێک بانگ دەدا و شوانێک چاودێری دەکات، وەلامی بانگبێژەکە بدەنەوە و بەدوای شوانەکە بکەون.

١٤٦٨- بانگخوازی بەبێ کردەوە وەک کەوانی بەبێ تیر وایە.

١٤٦٩- نزا چەکی دۆستانی خودای گەورەیە.

١٤٧٠- خاوەن عەیبەکان حەزیان لە بلاوکردنەوەی عەیبی خەڵکییە، بۆ ئەوەی عەیبەکانی خۆیان بشارنەوە.

١٤٧١- جوانییەکانی دونیا ئەقڵە لاوازەکان گەندەل دەکات.

١٤٧٢- زەکاتی جەستە، جیهاد و ڕۆژووە.



Scanned with CamScanner

١٤٧٣- زەکاتی دەسەلات، بەهاناوەچوونی لێقەوماوە.

١٤٧٤- ڕازاندنەوەی ناخ، جوانترە لە ڕازاندنەوەی دەرەوە.

١٤٧٥- ڕازاوەیی بە کردەوەی جوانە، نەوەک بە پۆشاکی جوان.

١٤٧٦- هەڵەی زانا وەک شکانی کەشتییە، خۆی و دەوروبەرەکەشی نوقم دەکات.

١٤٧٧- هەڵەی زمان، لە برینی شمشێر خراپترە.

١٤٧٨- ئەو کەسەی گوێ لە غەیبەت دەگرێت یەکێکە لە غەیبەتکارەکان.

١٤٧٩- شەش شت بنەمای دینن: دڵسۆزی و دڵنیایی، ئامۆژگاری موسڵمانان و نوێژکردن، زەکات دان، حەجکردن، خۆپارێزی لە دونیادا.

١٤٨٠- شەش شت ئەقڵی مرۆڤیان پێ تاقی دەکرێتەوە: هاوڕێیەتی، مامەڵە و دەسەلات، تەنیایی و دەوڵەمەندی، هەژاری.

١٤٨١- شەش شت ئەقڵی مرۆڤیان پێ تاقی دەکرێتەوە: لەسەرخۆیی لە کاتی تووڕەییدا، دیاریکردنی مەبەست لە



Scanned with CamScanner

کاتی حەزدا و، ئارامگرتن لە کاتی ناڕەحەتیدا، هەڵسوکەوتی جوان و لە خوا ترسان لە هەموو کاتێکدا، کەمی مناقەشە.

١٤٨٢- پرسیار لەبارەی دراوسێوە بکە پێش خانووەکە.

١٤٨٣- پرسیار لەبارەی هاوڕێوە بکە پێش ڕێگەکە.

١٤٨٤- دوو شت کۆتاییان نایەت: زانست و ئەقڵ.

١٤٨٥- دوو شت قەدریان نازانیت تا لەدەستیان نەدەیت: گەنجی و تەندروستی.

١٤٨٦- دوو شت قەدریان نازانیت تا لەدەستیان نەدەیت: دەوڵەمەندی و توانا.

١٤٨٧- بە جەستە لەم دونیایەدا بە، بە دڵ و کردەوەش لە ئاخیرەتدا بە.

١٤٨٨- زانایەکی زمانپاراو بە یان گوێگرێکی هۆشیار، نەکەی سێیەمیان بیت.

١٤٨٩- لە نهێنیدا بەندەیەکی سوپاسگوزار بە و لە ئاشکراشدا بەندەیەکی ئارامگر بە.

١٤٩٠- کەسێک بە کەم قەناعەت نەکات، ناتوانێت خۆی چاک بکات.



Scanned with CamScanner

١٤٩١- کەسێک نەتوانێت خۆی چاک بکات، ئیتر چۆن بتوانێت خەڵکی چاک بکات.

١٤٩٢- کەسێک ستەم لە خۆی بکات، چۆن دەتوانێت بۆ کەسانی تر دادپەروەر بێت.

١٤٩٣- دوژمنی هاورێکەت مەکە بە هاورێ، چونکە تۆ بەم کارە دوژمنایەتی هاورێکەت دەکەیت.

١٤٩٤- قسەیەک مەکەن، وەڵامەکەی ئازارتان بدات.

١٤٩٥- با هاورێی دونیات کەم بن، کە نیگەرانت کردن دەبنە دوژمنت، ئەوان هەر وەکوو ئاگرن زۆر بن سووتێنەرن و کەم بن بەسوودن.

١٤٩٦- کەسی خۆبەزلزان فێر نابێت.

١٤٩٧- زانست بە ئاسانی بەدەست نایەت.

١٤٩٨- من عاشقی ژیانم و لە دونیا بێزارم.

١٤٩٩- دۆستەکانت سێ دەستەن:

دۆستی تۆ، دۆستی دۆستی تۆ، دژمنی دژمنی تۆ.

١٥٠٠- دوژمنەکانیشت سێ دەستەن:

دژمنی تۆ، دۆستی دژمنی تۆ، دژمنی دۆستی تۆ.



Scanned with CamScanner




له بڵاوكراوەكانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیان

50169 6360

Scanned with CamScanner